حکومەتی
هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی

ژمارە ٤٢
ساڵی دووەم
نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری، رووناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری هونەری
رێبین مەجید
rebene@gmail.com

دەستەی نووسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدوڵڵا
نەورۆز جەمال
هەڵەچن
ئاریان کامیل
تایپیست
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

مۆتیڤ
ئاریان ئەبوبەکر
لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد



ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
– بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن
٣١٨٠٩٩٤

Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەروتار | محەمەد کوردۆ | ٣ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| پۆستمۆدێرنیزم: خودێکی ئاناماده یان | هەندرێن | ٦ |
| پێداچوونەوەیەکی دیکە بەچیرۆکی | سەردار عەزیز ئۆمەر | ١٩ |
| کات و مێژوو | کامەران محەمەد | ٣٥ |
| **دەق** | | |
| چاوەڕوانی و خەیاڵە هەتارییەکانی عەشق | ناڵە حەسەن | ٥٢ |
| سێو | زەینەب یوسفی | ٥٩ |
| گفتوگۆ | کارزان عوسمان | ٦١ |
| قریشکە | نۆژین عزەت | ٦٥ |
| ئاسکێکی مەکیاڤیلیست | محەمەد کەریم | ٦٧ |
| ئێوارەژانی خولیایەک | کاروان کابان | ٧٤ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ لەتیف هەڵمەت | بەیان محەمەد عەبدوڵڵا | ٧٩ |
| **وەرگێڕان** | | |
| بیرکردنەوەی لەبارەی خواوە:گەڕان بەدووی | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ٩٢ |
| دیمانە لەگەڵ خۆسێ ساراماگۆ | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١١٢ |
| گەورە تراژیدی نووسان | حەمەکەریم عارف | ١١٧ |
| ئەنەکە-کەی بەشار کەمال لەئیتاڵیاش لێدرا | لوقمان محەمەد رەشید | ١٣٠ |
| **هونەر** | | |
| پابلۆ پیکاسۆ و ئەنجامدانی ئۆرۆتیکەکانی | ئەهرۆ شەوقی | ١٣٦ |
| ئامیق حەمە: هونەرمەندی کورد پێویستی | چنور محەمەد | ١٤٧ |
| دیدار لەگەڵ سینەماکاری کورد بەهمەنی قوبادی | محەمەد عەبدوڵڵا | ١٥٥ |
| خوێندنەوەیەک بۆ کەڤاڵی (هاوار)ی ئێدوارد مونش | زانا ڕەسوڵ | ١٦١ |
| خوێنمژەکان،لەئەفسانەی | سۆران مستەفا | ١٦٦ |
| دراکولاوە بۆ سینەما | | |

*سەروتار:*

# کەمبایەخکردنی بەرهەمی خەڵک

**محەمەد کوردۆ**

**لەم نووسینەدا قسە لەسەر یەکێك لەدیاردە خەمهێنەرەکانی دیکەی نێوەندی رووناکبیریی خۆمان دەکەم، کە بەداخەوە زۆر بەئاشکراو لەزۆر ئاستی جیاجیادا دەبینرێت. لای هەندێك ئەدیبو نوسەرو هونەرمەندی ئێمە گرێیەکی دەروونی هەیە ناهێڵێت هیچ شتێکی جوان ببینن، وایان لێدەکات ئەگەر بشیبینن، لەبری ئەوەی دان بەجوانییەکانییدا بنێن، هەوڵی فەرامۆشکردنو کەمبەهاکردنی دەدەن.**

**ئەم گرێ دەروونییە، مرۆڤ دووچاری حاڵەتێکی نائاساییو ناسروشتیی دەکاتو دەیباتە دۆخێکەوە کە هەموو گەورەییەکی خەڵك بەجۆرێك لەبچوككردنەوەی خۆی بزانێت. لێرەوە بەو ئاکامە دەگات کە وەکچۆن گەورەیی خەڵك دەتوانێت لەئاشکراکردنو دەستنیشانکردنی بچوکیی ئەودا رۆڵی هەبێت، بچوکیی ئەو خەڵکەش، بەهەمان شێوە، دەتوانێت لەدەرخستنو دەستنیشانکردنی گەورەیی ئەودا رۆڵی هەبێت. ئەم هەستە وا دەکات مرۆڤ لەبری ئەوەی لەناو خۆیدا وێڵی دووی گەورەیی بێت، لەناو خەڵکی دیکەدا بۆی دەگەڕێت. ئەمەش دەرئەنجامێکی مەترسیدارە چونکە تیایدا مرۆ لەخۆی دوور دەکەوێتەوەو هەرگیز بەخۆی ناگاتو نابێت بەخۆی. رەنگە ئەم حاڵەتە بۆ هەموو مرۆڤێك جێگەی مەترسیی بێت، وەڵێ بەدڵنیاییەوە بۆ ئەو خەڵکانەی بەکاری داهێنانگەراوە سەرقاڵن لەهەمووان زیاتر جێگەی مەترسییە، چونکە کاری ئەوان زیاتر لەزۆربەی خەڵکانی دی خۆبوونو گەیشتنە بەخۆ. ئەم گرێ دەروونییە هەندێجار دەگاتە ئاستێك نووسەر یان هونەرمەند یان شاعیرێك هەوڵبدات بۆئەوەی لەنرخی کەسێکی دی کەمبکاتەوە، لەبەهای شتێك دەدات کە خۆی ساڵانێکی زۆر شەڕی لەسەرکردووە. من جارێکیان لەدیداری شاعیرێکدا،**

كـه نزيكـەی (٣٠) سـاڵ شـەڕی لەسـەر نوێخـوازی كردبـوو، رايـەكی لـەم جـۆرەم بينـیو زۆريـشم بـەلاوە سـەير بـوو. ئـەو شـاعيرە كـە لەسـەر نوێخـوازيی زۆرتـرين ئـازار درابـوو، لـەوەڵامی پرسـيارێكدا لەسـەر روانگـە وتبـووی: ((مـن تـا ئێـستا روانگەم نەبينيوە))، ئەمەش بەڕاستی زۆر سەيرەو لەدوو حاڵەت بەدەر نييە. يان بەجيـدی نـەيبينيووە يـان ويـستويەتی بـەو شـێوەيە لـەنرخو بـەهای روانگـە كەمبكاتــەوە. هــەردوو ئــەم حاڵەتــەش ناسرووشــتیو مەترســيدارن. ئەگــەر نەيبينيبێت چۆن دەتوانێت تێيبپەڕێنێت؟ هەر شتێك تا نەيناسين چۆن دەتـوانين تەجاوزيی بكەين؟ تا نەزانين ئەو شتە چييە چۆن دەزانين ئێمە لەچيدا لەگەڵ ئەو جيـاوازين؟ لەڕاسـتييدا بۆئـەوەی شـتێك دووبـارە نەكەينـەوە، دەبێـت بـەر لەهـەر شەقاوێك ئـەو شـتە بناسـينو بەخەسـڵەتو تايبەتمەنديـيەكانی ئاشـنا بـين. چۆن دەبێت كەسێكی نوێخواز دوای زياتر لەسی ساڵ ئاگای لەهـەوڵێكی نوێخـوازيی ولاتەكـەی خـۆی نـەبێت؟ بێگومـان لەحاڵێكـدا ئـەو هەوڵـەی بـەدڵ نـەبێتو هەسـتبكات كـە ئـەو هەوڵـە ناتوانێـت تينـوێتی ئـەو بـۆ نوێخـوازيی بـشكێنێت، ئاسـاييە بۆچـوونێكی نێگـەتيفی لەسـەر هـەبێت. وەلێ هـەرگيز ئاسـايی نييـە نـەيبينێتو نەيخوێنێتـەوەو پێكهاتـەو جيهـانبينيیو تـەكنيكی ئـەو هەوڵـە نەناسێت! ئێمە ئەگەر ئەو هەقە بەخۆمان بدەين دوای سی ساڵ، ئەوەندە نرخ بۆ هـەوڵێكی نوێخـوازيی دانـەنێين چـەند سـەعاتێكی كـەم لـەو مليۆنـان سـەعاتانەی ژيانی خۆمانی بۆ تـەرخان بكـەين كـە زۆربـەی هـەرە زۆريـان لەگـەڵ زرمو هـوڕی دۆمينــەكانی چـايخانەی (شــەعبو مــچكۆ)دا بــەفيڕۆ دەچــن، چــۆن دەتــوانين چـاوەڕوانيی لـەو گەنجانـە بكـەين كـە لەسـەردەمی ئينتەرنێتـدا دەژيـن، چـەند سەعاتێك لەكاتی خۆيـان بـۆ ئێمـەو بـۆ دەقـەكانی ئێمـە تـەرخان بكـەن؟ كـورتو كرمـانج پێويـستە رێگـە بـەخۆمان نـەدەين بـەهيچ بيانوويـەك كـارو هـەوڵو ماندووبوونی هيچ كەسێك كەمبايەخ بكەين، ئەمەش كارێكە لانيكەم دەبێت لەبەر خاتری ئەوەی خەڵكيش ماندووبوونی ئێمە كەمبايەخ نەكات، ئەنجامی نەدەين.

# پۆستمۆدێرنیزم: خودێکی نائامادە یان دەقێکی بێماڵ

هەندرێن

**بەرایی**

دیارە هەر لەکۆتاییەکانی نەوەدەکان و بەتایبەتیش دوای رووخانی رژێمی بەعسییەوە، بازاڕە هەمەتەرزەکانی جیهانگریی بەشەپۆلگەلێك لەمۆدەکانییەوە کۆمەڵگای کوردستانی تەنیووە. بەشێك لەو مۆدانەی کە وەك بەشێك لەو بازاڕەوە بووە بابەتی رووپەڕو وێردی سەرزاری رۆشنبیریی و سیاسیی کوردەوە، چەمکی پۆستمۆدێرنیزم، پاشنوێگەریی و فەیلەسووفگەلێکی پۆستمۆدێرنیست بوون. دیارە زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بێژین، کە دوای ئەوەی ئەو چەمکە لەخودی رۆژئاوادا کاڵبووەوە، ئەو چەمکەش وەك هەر چەمکێکی دیکە، جا چ لەڕابردوو بێت یان هەنووکەدا، بێ هیچ گۆڕانێکی بونیاتیی و بوونی زەمینەیەکی رۆشنبیریی و جڤاکیی، بێ بوونی ئامادەییەکی ئاگایی گشتی، بێ ئاوڕدانەوە لەپێداویستبوونێکی رۆشنبیریی، بێ وەرگێڕانی دەقگەلێك لەسەرچاوەکانی ئەو چەمکەو راڤەکردنێکی خەمڵیووی ئەو ناوکۆییەی کە ئەو رەوتە هزریی و رۆشنبرییەی بەرهەمهێناوە، لەژیانی رۆشنبیریی و سیاسیی ئێمەدا بەهەڕمێن بوو. لەوەش بترازێین، جێگەی دۆشدامانە کە ئەو چەمکە هەر نەبوو بەمۆدەی بڵاوکراوە رۆشنبیرییەکان، بەڵکو بوو بەمۆدەی لاپەڕەی ئۆرگانی حیزبەکانیش، لەکاتێکدا زۆرینەی ئەندامانی سیاسیی و کادیرانی ئەو حیزبانە نەك هەر لەو چەمکە بێخەبەرن یان بەلایانەوە گرینگ نییە، بەڵکو چەمکی مۆدێرنیزم و ئەواندیکەشیان لەکن گرینگ نییە.

هەر چۆنێك بێت، لێرەدا نەمەبەستم ئەوەیەکە لەخولیاکانی ئەو رەوتە رۆشنبیرییە کەمبکەمەوەو نەگرفتەکانی ئەو بونیاتە رۆشنبیرییەش راڤە بکەم. لێ لێرەدا دەکرێت ئامازە بەوە بکەین، کە ئێمە دەبێت خاوەن ئەو ئاگاییە بین کە

هەموو دیاردەو مۆدەی شەپۆلە تیۆرییەکان، هەروەك هەموو دیاردەیەکی دیکەی زانستیی و بگرە دەقێکیش بەدیدێکی رەخنەیی و مەودا وەرگرتنێك لێیانەوە بخوێنینەوە. بەهای تێگەیشتن لەوەدایە، کە ئێمەی خوێنەر نەبینە دیلی کتێب و مۆدە هزرییەکان. کەواتە ئەو کاتە ئێمەی خوێنەر بەخۆمانین، کە توانیمان گفتوگۆ، پرسیار و پشکنینەوەیەك بەرانبەر ئەو دیاردە هزریی و تیۆرییانە بەرهەمبهێنین.

هەرچۆنێك بێت، لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم لەڕوانگەیەکی بێلایەنییەوە وێنایەك لەکایەکانی پۆستمۆدێرنیزم لەئەدەبدا نمایشبکەم. هەڵبەتە بەندە بابەتی نوێگەریی و پاشنوێگەریی وەك بەشێك لەخوێندنی فەلسەفەی خوێندووەو ئەو نووسینەش کورتیلەیەکی دەرەنجامی ئەو کارانەیە کە لەزانستگا کاری لەسەر کردووە. بەو ئومێدەی ئەو دەقەش وەك وێنایەك لەپاشنوێگەریی، بۆ خوێنەری ئەو بوارە جێگەی گفتوگۆکردن و رەخنە بێت.

دیارە لەکۆتایی شەستەکاندا گفتوگۆی پاشنوێگەریی (پۆستمۆدێرنیزم) لەبواری هونەر، ئەدەب و فەلسەفەدا بوو بەبابەتێکی بەهەڕمێن. چەمکی پاشنوێگەریی بەشێوەی جوودا شرۆڤە دەکرێت، کەچی هاوکاتیش ئێستاش فامکردنی ئەو چەمکە بۆ زۆر خوێنەرو نووسەر ئاسان نییە. رەنگە ئەو فرە شرۆڤەکارییەش لەو چەمکە پەیوەندی بەدۆخی پاشنوێگەرییەوە هەبێت. چونکە ئەو دۆخە پاشنوێگەرییە بەگومانەوە لەئاوەزو یەکایەتی یان باڵادەستی دەڕوانێت. هەر بۆیە ئەو تەرزە گومانەی پاشنوێگەریی گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەو راستیی و زانینە گەردوونییەی، کە نوێگەریی (مۆدێرنیزم) بڕوای پێ هەبوو، رەتبکاتەوە. هاوکاتیش ئەو چەمکە هەمیشە وەك ئاراستەیەکی رەخنەیی بەدژی نوێگەریی فامدەکرێت.

پاشنوێگەریی بەدژی ئاوەزگەرییەوە وەك شێوازێکی رچەشکێن بواری هونەری تەنییەوە. هاوکاتیش پۆستمۆدێرنیزم لەبواری تەلارسازییدا بەشێوەیەکی تەواو رووبەڕووی تەکنیك بووەوە. هونەرمەند لەو دۆخە پاشنوێگەرییەدا چیتر بڕوای بەدیرۆك و جیهانێکی کۆمەڵی نەماوەتەوە. دۆخی

جوانناسی (ئێستاتیکا)ی پاشنوێگەریی هەوڵدەدا لەسنووری نێوان کات و شوێندا خۆی رزگار بکات. بەمجۆرە مرۆڤ لەهونەری پاشنوێگەرییدا وەك کۆچەرێك لەدیمەنە هونەرییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لەوێدا مرۆڤ بەهۆی ئاگاییە بزاوەکەیەوە بەناو شێوەکاندا نمایشدەکرێت. هەڵبەتە ئەگەر مرۆ سەرنجبدات ئەوە دەبینێت کە لەکارە هونەرییە پاشنوێگەرییەکاندا سنوورەکانی نێوان تاکەکەس و دیمەن و بگرە سنوورێکیش لەنێوان تاکەکەس و هونەر نەماوەتەوە. دیارە هونەر کەش و هەوایەك ساز دەکات کە مرۆ لەوێدا خۆی وەك کەسێکی دیکە دەبینێتەوە.


Jonathan Levine Gallery

وەك دەبینین هونەرمەندێکی وەك شێری لیڤین(Sherrie Levine) بەهێنانی وێنەیەك لەسیبیەکانەوە، وێنە یان تابلۆیەکی تەواو نوێ ساز دەکاتەوە. لەکن هونەرمەندە پاشنوێگەرەکانەوە، وێنە بزاوەکان، حیکاتەکانی هۆلیوودو گۆرانی هیپ-هۆپ چەشنێکە لەوێنەی جیهانەکەیان.


Sherrie Levine - Cadeau Sculptures

لەو روانگەیەوە لەو نووسینەدا هەوڵدەدەم، بەخوێندنەوەیەك لەکتێبەکەی ستیڤین کۆنۆر (Stetven Connor "کەلتووری پۆستمۆدێرنیستی: دەروازەیەك بۆ تیۆریی سەردەمی پۆستمۆدێردن Postmodernistic Culture: An Inteoduction to theories / of the Postmodern era” (1997)، کە سەرچاویەکی بەنرخە بۆ تێگەیشتن لەپۆستمۆدێرنیزم، وێنایەك لەو دیاردانە نمایشبکەم کە بەسەردەمی پۆستمۆدێرن پێناسە دەکرێن. لێ لەبەرابیدا پێویستە پاشخانێك بۆ ئەو سەردەمە پۆستمۆدێرنە نمایشبکەم. دواجاریش بەپێناسەکردنێك لەهونەرو ئەدەب، ئاکامگیرییەك بۆ کۆی ئەو نووسینە دەچنمەوە.

## وێنایەک لەپاشخانی پاشنوێگەریی

مێژووی فەلسەفەی نوێگەریی (مۆدێرن) لەهیگڵ بەدواوە وەك پرۆسەیەكی مێژوویی لەواقیعی ژیانی دەڕوانی. لەڕوانگەی ئەو فەلسەفەوە مێژوو ئامانجێكی هەیە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی مرۆ بتوانێت ئەو رۆژگارەی خۆی فامبكات، دەبوو ئەو دۆخەی كە تێیدا دەژی تێبگات. لەو روانگەیەوە دیدی رێژەگەرایی مێژووی سەدەی نۆزدە، كە ئەو دیدەش جیهانبینی رۆمانتیك، لەگریمانەی كتێبەكەی هۆسێرل، "فێنۆمێنۆلۆگیی و تەنگژەی فەلسەفە" و هەتا دەگاتە هایدگەر كە لەهەوڵی ئەوەدابوو میتافیزكی رۆژئاوایی تێكبشكێنێت، بەدوای خۆی هێنا. بەمجۆرە فۆكۆ بەدیار دەكەوێت و ئەو سەرەداوە یان پرۆسە فەلسەفییە دەگرێتەدەست. دواجاریش لیۆتار قووت دەبێتەوەو لەكتێبەكەی "دۆخی پۆسمۆدێرن/La condition postmoderne (1978)"دا ماڵئاوایی لە"داستانە مەزنەكان" دەكات.

هەڵبەتە ئەوە فەلسەفەی كانت بوو كە دەروازەیەكی بۆ فەلسەفەی رۆشنگەریی و روانگەیەكی نوێی بۆ تێگەیشتن لەبوونناسی ئاوەڵا كردەوە. كانت بۆ یەكەمجار بەشێوەیەكی راشكاو وەك پرۆسەیەكی مێژووی چەمكی رۆشنگەریی پێناسە دەكات و دەنووسێتەوە. لەوێوە بۆ یەكەمجاریش چەمكی رۆشنگەریی دەبێتە هاوواتای ئاگایی مرۆڤ لەسەر خودی خۆیدا. هاوكاتیش بۆ یەكەمجار لەكن كانت-دا ئەو تێهزرینە فەلسەفییە دەخوێنینەوە، كە چۆن بوارە جووداكانی نوێگەریی پێناسە بكەین. بەواتایەكی دیكە: بۆ یەكەمجار كانت پێماندەڵێت چۆن فەلسەفە، زانست، ئیتیك، سیاسەت، جوانناسیی و... هتد ناسبكەین و لێكجوودابكەینەوە.

لەو دیدەوە پرسی رۆشنگەریی و پەیوەندییەكانی بەپرسی ژیربێژیی لۆجیكەوە لەوەدا چڕ دەبێتەوە: دەبێت چی بزانم؟ دەبێت چی بكەم؟ دەبێت چ خواستێكم هەبێت؟ گشت ئەمانەش لەوەوە سەرهەڵدەگرن: مرۆڤ چییە؟

بەمجۆرە كانت لەخەمی ئەوەدا بوو كە سنووری بوارەكانی فەلسەفە بەدیار بخات. لەبۆیە هزری كانت بەفەلسەفەی رەخنەیی ناوزەد دەكرێت. ئەو فەلسەفە

ڕەخنەییەش مانای نەریتی فەلسەفەی ئەو ناگەیەنێت، چونکە فەلسەفەی کانت سنوورو ریشەی بۆ وشەکانمان دیارییکردو دووتای کردنەوە. بەواتایەکی روونتر: سنووری و ریشەی نێوان "رەخنە" و "تەنگژە"ی دەستنیشانکرد.

دواجار ئەو پرسیارەی کە نەوەی دوای کانت پێیەوە سەرقاڵبوو: نوێگەریی چییە؟ ئەو سەردەمەی ئێمە چی دەگەیەنێت؟ چۆن ئەو سەردەمە ناسبکەین؟ ئەو پرسیارانەش وەك بابەتێك گشت فەلسەفەی رۆمانتیك، لەشیلەر بەدواوە سەرگەرم دەکەن. لەو روانگەیەوە دەبا بزانین ئاخۆ پرسیارەکانی پاشنوێگەریی چییە؟

**سەردەمی ر چەشکێنی پاشنوێگەریی**

لەدەستپێکدا وتمان، کە پاشنوێگەریی پێناسەی هەمەڕەنگی بۆ دەکرێت. مرۆ دەتوانێت لەمەڕ پێناسەی یەکەمەوە، پاشنوێگەریی وەك درێژبوونەوەیەك لەمۆدێرنیزم، نوێگەریی سەیر بکات. سەبارەت بەپێناسەی دووەمیش دەکرێت پاشنوێگەریی لەکۆی خولیاکانیدا وەك دابڕانێك بەدژی نوێگەریی ناسبکرێت. سەبارەت بەئەدەب ستێڤین کۆنۆر وەك نموونەیەك لەو دابڕانە دەبێژێت: "هەرچەندە ئەو جۆرە نووسەرانە بەگشتی بەپۆستمۆدێرنیست ناودێر دەکرێن، ئەگەر بەشی یەکەمی ئەو ئەدەبە پۆستمۆدێرنیزمە، کەواتە لەبری ئەوە مۆدێرنیزم رەتکاتەوە، دەبێت خاوەنی چەشنە رەخنەیەك بێت کە پەیوەندی بەمۆدێرنیزمەوە هەبێت."[1] هاوکاتیش، بەواتای هابرماسی، دەکرێت وەك بەردەوامییەك لەپرۆسەی نوێگەریی سەیری پاشنوێگەریی بکەین. هەرچۆنێك بێت، گشت ئەو پێناسە جیاوازانە جەختکردنەوەیەکن لەبوونی تەنگژەیەك لەسەردەمی نوێگەرییدا، کە ئەمەش مانای بوونی تەنگژەیەکە لەدۆخێکی کەلتووریی و جڤاکییدا. دیارە ئەو تەنگژەیەش لەخودی بەخەونکردن و ئاوەزاندنی نوێگەریی هەڵقووڵاون، چونکە مۆدێرنیزم بڕوای بەئاوەزگەریی و ئاوەز هەیە، کە ئەمەش بەواتایەکی ئەرێتی، وێنەی جیهانێکی میکانیکیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و بڕوای بەهۆشمەندی مرۆڤیش دەبێت. لێ لەڕوانگەی ستێڤین کۆنۆرەوە:"هەرچەندە لە١٩٥٠ و ١٩٦٠ەکانەوە چەمکی "پۆستمۆدێرنیزم"

لـەلای گـەلێك نووسـەر بـەكار دەهێنـرا، كەچـی پۆسـتمۆدێرنیزم تـا ناوەڕاسـتی ١٩٧٠ەكان خۆی نەسەپاند. كاتێك ئەو چەمكە ڕەوایەتی خۆی وەرگرت، دیاردە جڤاكیی و كەلتوورییە جیاوازەكان لەنێو بوارگەلێكی ژیان و ئەكادیمییەكاندا، فەلسەفە، تەلارسازیی، خوێندنی فیلم و بابەتی ئەدەبیدا سەخت بوون و بەدژی دەوەسـتانەوە."[٢] ئـەوكات لیۆتـار لەكتێبەكـەی، "دۆخـی پاشـنوێگەریی"دا كۆتایی"داستانە مەزنـەكان" ڕادەگەیـەنێت. ئەو بـەجۆرێك نێوەڕۆكی كتێبەكـەی گەلاڵە دەكات كە بڕەندە بێت. ستێڤین كۆنـۆر دەبێـژێت: "بەڵگـەی ڕەخنەییەكـەی لیۆتار لەكتێبەكەیدا بەدەوری كردەی داستان لەناو گوتارێكی زانستیی و زانیندا دەخولێتــەوە. بایــەخی ئــەو وەك خــۆی زۆر لــەزانیاری زانــستی و ڕێــرەوی شـێوازەكانیدا نییـە، بـەڵكو لەشـێوەدایە كـە ئـەو چەشـنە زانیـاریی و ڕێـڕەوی شێوازانە ڕەوایەتی خۆیان وەربگرن یان ڕابگەیـەنن."[٣] كتێبەكەی لیۆتار لەدوو تێڕوانینـدا چـڕ دەبێتـەوە، یەكـەم تێـڕوانین بەنـدە بەنـەبوونی نزیكایەتییـەكی هاوبەش، بۆ نموونە خوا، ڕاستی. دووەم تێڕوانینیش پێیوایە كە چاوگەكانی زمـان لـەخودی خـۆی دەهزرێـت. لەڕوانگـەی لیۆتـارەوە ڕۆژ دوای كۆپێرنیكـۆس هەمان ئەو ڕۆژەی پێشتر نییە. لەكن لیۆتار، ئەوا بڕوا بـووون بەئاوەز كە مرۆڤی گەیانــدە دیكتــاتۆریی. بــەمجۆرە بــەپێی خوێندنــەوەی كۆنــۆر لــەلیۆتارەوە بۆماندەركەوت كە: "ڕاستییەكەی مۆدێلەكەی لیۆتار دوو قات بەتاكڕەوییكردنە، چونكە هـەردوو بڕواكـەی ئـەو بەنـدن بـەڕوانینێك لەمـەڕ داڕمـانێكی سەرتاسـەری لـەمێتا-داسـتانەكاندا، لەگـشت لایـەك و بـۆ هەمیـشەش، لـێ هاوكـاتیش بەنـدە بەبڕوایـەكی قەتیـسماو و بەدەڤـەرێكی دابـڕاو (dominion) لـەمێتا-داسـتانێك بەرلـەوەی كە دۆخی پاشنوێگەری سەریهەڵدابێت."[٤] لەدیـدی لیۆتـارەوە خـود (سـۆبژە)، دەمڕاسـتی، واتــاو ڕاسـتی سـازێنەری ئەڵقەبەندییەكـە كـەدەبێت لێكبپـچڕین. تێگەیـشتن لـەخودو تـاكڕەوی ئـاوەز وەك ماڵئاواییـەك لـە"داسـتانە مەزنەكان" و نوێنەراتییەكی بنەمایی (فۆندەمێنتال) خۆی دەنوێنێت و ڕەوایەتی كۆتاییدێت.

لەهەمبەر ئەوەدا فەیلەسووفی پۆستمۆدێرنیستی ئەمریکی ریچارد رۆرتی پێیوایە زمانی یەکاتی زمانی گشتگریی مۆدێرنیتە زمانێکی مێتا، بان داستانی سازاند. بەلای رۆرتییەوە هەموو کەس دەتوانێت راستییەك دروستبکات. بەمجۆرە لەدیدی کۆنۆرەوە "رۆرتی، وەك ئاشکرایە ئەوەی قەبوولە کە جیاوازییەکی کەلتووری هەیە، ئەو نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەو جیاوازییە کەلتوورییانە دەبنە هۆی سازاندنی چەشنە پرینسیپگەلی جیاواز کە ناکرێت لێکگرێبدرێن."[٥]

وەك بەردەوامییەك لەو دیدە رەخنەییە لەهەمبەر مۆدێرنیتەو ئاوەزگەرییدا، کۆمەڵناسیی پۆلۆنی بەر رەگەز جوولەکە، سیگمۆند باومان بڕوای وایە کە هۆکردی کۆمەڵکوژیی جوولەکەو بەبیرۆکراتیکردنی کۆمەڵگا بەرهەمی خودی مۆدێرنیتەیە. باومان پێیوایە، ئەو ژیارەی کە مۆدێرنیتە سازیکرد زەمینەی بۆ کۆمەڵکوژیی جوولەکەو بیرۆکراتی رەخساند کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاکامێکی چاوەڕوانکراو بوو. ئاکامی ئەو بیرۆکراتییەش بوو بەتاکڕەویی، رۆتین و مرۆڤی لەهەستی مرۆڤایەتیدا داماڵی.

لەکتێبی "ئێمە لەپاشنوێگەریی نیگەرانین"دا دەبێژێت، کە دەستپێکی پاشنوێگەریی لەگەڕەکێکی ئەمریکادا دەستپێیکرد. لەو گەڕەکەدا خانوویەك سازکرا کە نەدەگەیشتە زەوی، ئەمەش تاکو وێنەیەکی ئاسان بەبینەر ببەخشێت. ئەو خانووانە دەرگاو کلیلگەلێکیان هەبوو کە تێکچوو بوون. لەبنەڕەتدا ئەو خانووانە سازکران بۆ ئەوەی رەش پێست و سپی پێستەکان پێکەوە تێیاندا بژین. لەساڵی ١٩٧٢دا دەسەڵاتداران گشت ئەو خانووانانەیان رووخاند. بەمجۆرە بەواتای باومان، لەوێدا پرۆژەی مۆدێرنیتێت کۆتایی پێدێت. بەدیدی باومان، ئاگایی و هاوئاهەنگی دژەکان ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکان لەیەکتر جیاوازن. لێرەوە مرۆڤەکان بریتین لەچوار جۆر. لەڕوانگەی جۆری یەکەمەوە هەموو شتێك رووکەشە، جۆری دووەمی مرۆڤ خۆی وەك گەڕۆکێك وێنا دەکات، ئەمەش بریتییە لەهەستی بێماڵیی و ئازادییەکی رەها. مرۆڤی گەڕۆك هیچ شوێنێك بەماڵی خۆی نازانێت، لەبۆیە هەمیشە لەسەفەردایە. جۆری

سێیەمی ئەو مرۆڤە بریتییە لەمرۆڤێکی گەشت و گوزاریی، ئەو جۆرە مرۆڤە وەك گەشتکار ناخوازێت لەشوێنەکەی خۆیدا بژی. ئەو مرۆڤە هەمیشە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێ و لەگەڕان و سووڕاندایە. لەکن ئەو جۆرە مرۆڤەداماڵ بریتییە لەچەشنە زیندانێك. جۆری چوارەمی ئەو مرۆڤە بریتییە لەمرۆڤێکی گەمەباز. لێ مەبەستی ئەو مرۆڤە لەو یارییە دروستکردنی کاریگەریی نییەو هیچ ئامانجێکیشی نییە. دواجاریش باومان پێیوایە، کە مەرگی مرۆڤ لەدیدی پاشنوێگەرییەوە بەمێدیاوە گرێدراوە تاکو ئەو مرۆڤە لەڕێگای مێدیاوە هەست بەنەمریی بکات، کە ئەو نەمرییەش بەسەیرکردنی ناوە ناسراو و پاڵەوانی فیلم و سترانبێژەکانەوە دەستەبەر دەکات. هەر بۆیە ئەو مرۆڤە گەمەبازە هیچ شتێك بەگرنگ وەرناگرێت.

## ڕەهەندی جوانناسی لەجیهانی پاشنوێگەرییدا

دیارە وەك بینیمان بەرجەستەکردنەوەی پاشنوێگەریی لەتاکە پێناسەکەیدا شتێکی ئاسان نییە. هەروەك ئاسانیش نییە کە نوێگەریی لەپێناسەیەکدا بەرجەستە بکەینەوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین کە نوێگەرەکان پێیانوایە کە لەمەڕ جیهان و مرۆڤدا تەنیا تاکە ڕاستییەك هەیە. لێ پاشنوێگەرەکان، بەپێچەوانەی نوێگەرەکان، پێیانوایە کە هیچ ڕاستییەك بوونی نییە یان ڕاستی شتێکی بزواوەو فرە ڕەهەندە. هەر بۆیە ئەو دیدانەی پاشنوێگەرەکان لەکن نوێگەرەکان مایەی وروژاندنە.



لەو دیدەوە هونەری نوێگەریی لەچوارچێوەی یەکاتییەکدا فامدەکرێت، لەهەمبەر ئەوەشدا تێگەشتی پاشنوێگەرەکان بریتییە لەوێنەیەکی پچڕ پچڕ و لێکترازاو، لەیەکاتییەکدا جێگەی نابێتەوە. بەدیوێکی دیکەوە لەکن نوێگەرەکاندا هونەرو جوانناسی

ئامادەییەکی بێهاوتای هەیە. لێ هونەری پاشنوێگەریی بوونێکی نائامادە، پەرادۆکس و بێخود دەنوێنێت. ستێڤین کۆنۆر لەمەڕ دەقی پاشنوێگەرییەوە دەبێژێت کە: "ئەڵقەی نێوان دەق و جیهانی پاشنوێگەریی لێکچنراون، ئەمەش مانای سڕینەوەی دەق نییە تاکو بتوانێت بگەڕێتەوە واقیعی خۆی، بەڵکو ئەوە چڕیی و تۆکمەیی دەقگەری (textuell)یە کە هەڵگری ئەو واقیعەیە. کاتێک ئەو واقیعە دەگاتە گوتارێک، بەمجۆرە شتێک بۆ حەپەسان نامێنێتەوە کە پێویست بێت نێوان دەق و جیهان پڕبکاتەوە."[٦]

تابلۆی پاشنوێگەرەکان چەشنە وتەیەکی بێنووسەرە. وێنەی هونەریش بریتییە لەزمانێک، سیستمێک لەئاماژە، ڕێزمانێکە یان وەرچەرخانێکی زمانەوانییە. لێرەوە ئاماژەو هێما لەتابلۆیەکی پاشنوێگەرییدا دەبێت چەندان ناوکۆیی جیاوازی هەبێت. هاوکاتیش لەتابلۆیەکی پاشنوێگەرییدا بارێکی چۆڵ ئامادەیی هەیە کە مرۆڤ وەک چەشنە نائامادەییەک لەواقیع دەتوانێت تێیدا بژی. لەوێدا تابلۆ ناگەڕێتەوە لای خۆی، بەڵکو دەگەڕێتەوە لای جڤاک، ئەو شوێنەی کە بوونی هەیە. بەمجۆرە دەکرێت دەقێک یان تابلۆیەک بەهۆی زنجیرەیەک لەڕوانین و وێنگەلەوە وەک دەق و تابلۆیەکی دانسقە بنوێنن، کە ئەمەش واتای تەرزە ڕامانێک لەژیان و جیهاندا نمایشدەکات.




تابلۆی شێوەکاری
پاشنوێگەری سویدی،

بۆ نموونە لەتابلۆیەکدا کورسییەکی تەواو و وێنەیەک لەهەمان کورسییەوە دەبێتە یارییەک کەلەنێوانیاندا دەیسازێنێت، هەر بۆیە فونکشۆنالیزم لەبواری تەلارسازییدا وەک شێوەو سازکردن بووەتە شێوازێکی بەهەڕمێن.

هەڵبەتە شاری مۆدێرن لەسەر بنەمای ئامانج و لایەنی کردەیی، ساکاریی و ئاوەزییدا سازکرا. وەلێ گوتمان کە پاشنوێگەریی بەگومانەوە سەیری

بڕوابوون بەئاوەز دەکات کە مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتە
بڕوایان پێ هەبوو.

هاوکاتیش لەدیدی پاشنوێگەرییەوە نەڕاستییەکی ڕەها هەیەو نەنۆرم و شێوازێکی نموونەییش. هاوکاتیش لەکن پاشنوێگەرەکاندا چەند ڕاستیی هەیە. لەبۆیە ئەو بەهایانە هەموویان بەدژە شاری مۆدێرن فامدەکرێن.

لەڕوانگەی پاشنوێگەرییەوە تاکو ئەدەب بتوانێت ئەزموونەکانی ژیان بەرجەستەبکاتەوە، دەبێت هەمیشە شێوازو میتۆدی نوێ تاقیبکاتەوە، چونکە ژیان هەمیشە لەگۆڕاندایەو ڕەهەندگەلی جووردای هەیە. سەبارەت بەوەوە ستێڤین کۆنۆر دەڵێت: "ڕەنگە وەك ئەوەی کە ئێمە چاوەڕوانیمان دەکرد، کە لەمدیو ئەو چەشنە وێناکردنانەی کە بەوە ڕازییە بەشێوەیەکی تیۆریگەلێك ئاوڕ بۆ دواوە یان بۆ پێشەوە بدەنەوە لەمەڕ نووسینی پاشنوێگەرییەوە ڕابگەیەنرێن."[٧] لەهەمبەر ئەوەدا پاشنوێگەرەکان پێیانوایە کە مرۆ دەتوانێت سوود لەشێوازە جووداکانی مێژوو ببینن و لەدەقێکدا لێکیان بترنجێنن، مرۆ لەدەقێکدا دەتوانێت شێوە دەربڕینێك بەکار بهێنێت، کە دەکرێت ئەوە دەربڕینێکی دادایزم و سوریالیزم، سومبولیزم و زمانی ڕۆژانەیی بێت و گشت ئەو شێوازو دەربڕینانە تێکەڵاو بکات و لەشێوازو دەربڕینی هەمەجۆردا بەکاریان بهێنێت. ئەمەش لەکن ستێڤین کۆنۆر بریتییە لەوەی کە: " پاشنوێگەریی بەپێچەوانەی دیدی گەردوونگەرایی نوێگەرییەوە، هەستەوەریی دێهاتی جیهانی، کۆسمۆپۆلیتزمێکی تەنزئامێز (ئیرۆنی) پێشکەش دەکات. ئەمەش بوارێك بۆ گەڕانەوە بەرەو مۆدە، شێوازو نەریتەکانی ئاوەزگەریی دەرخسێنێت."[٨] بەمجۆرە بەواتای پاشنوێگەرەکان شیعرێك داهێنانێکی ئۆرجینالّ، ڕەسەن نییە، چونکە، وەك پاشنوێگەرەکان دەڵێن، ئێمە لەجیهانێکدا دەژین کە تژییە لەکۆپلە دەربڕین و زمانی جیاواز، هەر دەقێکیش پڕە لەوتەو زایەڵەی دەقەکانی دیکە. بەدەربڕینێکی دیکە: دەقی پاشنوێگەریی بریتییە لەدەقئاوێزانیی. لەو ڕوانگەیەوە ئەو تێڕوانە لەبواری هونەردا ئاکامگیرییەکی تایبەتی هەیە: "هونەری پاشنوێگەریی وەك کۆنتراستێك خۆی دەنوێنێت. تاکو دان بەگشت

توانا، واتا كايەكانى هونەر بنرێت. بەويستى هونەرمەندو بينەرەوە پێكەوە خود (سۆبژە) و خولياو حەزى كاتێكى مەودا درێژ لەئەمێز دەكەن."[٩]

هەڵبەتە پێشتر هونەر بڕواى بەبابەت هەبوو. هونەرى نوێگەريى لەسەر بنەماى تيۆريى ساز كرا، لێ پاشنوێگەريى خوازرياو سازكردنەوەى هونەرێكى رەسەنە. هەموو دەق، شيعرو رۆمانێكى نوێ ئاوێزانى گفتوگۆكردن و تێكەڵاوكردنى يەكترن. دەقى پاشنوێگەريى هيچ چاوگەيەكى نييە، وتە وەرگيراوەكان لەدەقە جياوازەكاندا دەبنە دەقێكى ترو ئەو دەقئاوێزانييە كاريگەرييان لەسەر يەكتر هەيە. لەتابلۆيەكى پاشنوێگەرييدا، هونەرو دەق كاريگەرييان لەسەر يەكتر هەيە، كە ئەمڕۆ ئێمە دەتوانين بەشێوەيەكى گشتى لەبوارى ريكلام و راگەياندنەكاندا ئەو وێنايە ببينين. مەبەست لەوەش ئەوەيە كە پەيامەكان يەكسەر كاريگەريى لەسەر مرۆڤەكاندا دروستبكەن و بەئاسانيش فامبكرێن.

هەڵبەت كاتێك لەهەشتاكاندا شيعرى پاشنوێگەريى فراژا، زۆرينەى رەخنەگرانى ئەدەب بەدژى وەستانەوە. لەوێدا بەشێك لەو رەخنەگرانەى ئەدەب پێيانوابوو كە ئەو چەشنە شيعرە هەڵگرى نێوەڕۆك و يەكاتييەكى بابەتى نييە، بەڵكو ئەو چەشنە شيعرە دەخوازێت بەشێوازە جياوازو پەرادۆكسە راشكاوەكانييەوە پايەو دەسەڵاتى زمان بەسەر واقيعدا بسەپێنێت. ئەو رەوتە شيعرە بەهرەى لەشەپۆلە هزرييەكانى پاش بنەماگەريى و تيۆرييەكانى ژوليا كريستيڤا لەمەڕ زمانى رەمەكيى و منداڵانەو هەڵوەشاندنەوەگەريى دێريداو هزرڤانە پاشنوێگەرە فەرەنسييەكانى ديكەوە وەردەگرت.

ئەو مەيلەى پاشنوێگەريى لەهەوڵى ئەوەدايە، كە دابڕانێك لەو منە رەسەنە، توانسى زمانە دروستبكات، كە گوايە دەكارێت وێنەيەكى راستينە لەواقيع بسازێنێت، چونكە نوێگەريى بڕواى بەوە هەبوو، پێشى وابوو كە ئەوە ئەركى نووسەرو هونەرمەندە كە ئەو رۆڵە راپەڕێنێت. بەواتاى پاشنوێگەرييەوە هونەرمەندو نووسەر دەبێت ئيش لەزمان و وێنە جياوازەكاندا بكەن و لێكيان هەڵبوەشێننەوە دواجاريش شيعرو تابلۆيەكى نوێيان لێ ساز بكەن. بەمجۆرە

خودی شاعیرو هونەرمەندیش دەبێت وەك یەكتر رەخنەی خوێنەرو بینەر قەبووڵ بكەن. كەواتە كاری هونەرمەندو نووسەر لێكچنینەوەی دەقگەل و وێنەگەلە بەزمانێكی بزۆك، كە ئەمەش بوار بۆ راستییەكی نوێ لەواتاو هەستەكان دەرەخسێنن.

هاوكاتیش لەكن پاشنوێگەرەكاندا دەنگ لەتابلۆیەكدا، بریتییە لەشیعرو واتایەكی بێ یەكایەتی. ئەو یارییەش لەبەرهەمێكدا، بەدیدی پاشنوێگەرەكان، لەنێوەڕۆك گرنگترە. لەبۆیە دەبێت خوێنەر یان بینەر سەرنج لەزایەڵەو تێڕامانی ئەو یارییانە لەشیعرێك یان تابلۆیەكدا بدەن، چونكە لەكن پاشنوێگەرەكان ئەو یارییانە لەتێگەیشتن و كۆی وردەكارییەكانی دیكەی بەرهەمێكدا گرنگترن.

وەك دەزانین، كە نوێگەرەكان بەشێوازی بەرهەمە هونەریی و ئەدەبەكانی خۆیانەوە فێریان كردین كە دەبێت وەك یەكاتییەك سەیری شیعرو تابلۆیەك بكەین. لێ پاشنوێگەرەكان جیهانێكی ئاوەڵا سەیری دەق و تابلۆ دەكەن، كە لەوێدا ماناو وێنەكان بەشێوەیەكی جیاواز خۆیان دەنوێنن. هەر بۆیە دەبێت نووسەری پۆستمۆدێرنیش وەك خودی چەمكی هونەر ئاوەڵا بێت. بەڵام وێڕای ئەمەش لەكن پاشنوێگەرەكان هەموو شتێك تەرزە تێگەیشتنێكی هونەرییە، كە ئێمەش ناتوانین خۆمان لەو راستییە بدزینەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، كە ئەگەر ئێمە دەقێك بەرهەمبهێنین كەواتە ناتوانین بانگەشەی شتێكی نوێ، یان كارێكی رەسەن و جۆرە وێنایەكی هونەری لەخۆماندا بنوێنین، كە مرۆ لەنوێگەرییدا دەیتوانی ئەوە رابگەیەنێت.

وەك دەزانین، كە لەبەراییدا سەردەمی پاشنوێگەریی لەبواری ئەدەب و تالارسازییدا سەریهەڵدا. بەمجۆرە مشتومڕەكانی پاشنوێگەریی لەبواری هونەردا كۆمەڵێك پرسیاری كلاسیكی و جوانناسیی ورووژاند، بۆ نموونە پاشنوێگەریی پرسی ریالیزم، هەستێكی باڵای روحی لەمەڕ مانا، ئاوەزگەریی، چەمكی كەلتووری توێژگەریی و پسپۆڕی هەڵوەشاندەوە. لێرەوە دەكرێت پاشنوێگەریی لەبواری هونەردا وەك یاخیبوونێك بەدژی چەمكی یەكایەتی نوێگەریی بخوێنینەوە. پاشنوێگەرەكان پێیانوایە كە شێوەی جوانناسیی پاشنوێگەریی

دڵنـــەوایی و رازیکردنێـــک بەخوێنـــەرو بینـــەر دەبەخـــشێت. لـــێ هاوکـــاتیش پاشنوێگەریی لەدیمەنی خۆیدا وەك جوانناسییەکی بێ شێوە خۆی دەنوێنێت. کەواتە جوانناسی پاشنوێگەریی لەشێوە چێژدارەکەیدا دڵنەواییەکی ناوەکیمان پێدەبەخشێت، کە ئەمەش وامانلێدەکات لەئێستادا بژین.

پاییزی ٢٠٠٧
ستۆکهۆڵم
www.handren.net

سەرچاوە:


1. Steven connor, ”Postmodernist Cultur: An introduktion”, Oxford 1989, لاپەرە ١٠٨.

٢. هەمان سەچارە، ل: ٦.

٣. هەمان سەرچاوە، ل: ٢٨.

٤. هەمان سەرچاوە، ل: ٣٦.

٥. هەمان سەرچاوە، ل: ٣٧.

٦. هەمان سەرچاوە، ل: ١٢٧.

٧. هەمان سەرچاوە، ل: ١٠٨.

٨. هەمان سەرچاوە، ل: ٨٩.

٩. هەمان سەرچاوە، ل: ٨٩– ٩٠.

# پێدا چوونەوەیەکی دیکە بە چیرۆکی (پێدا چوونەوەی چیرۆکێکی کۆن)ی کاروان عومەر کاکەسوور-دا

سەردار عەزیز ئۆمەر

کاروان کاکەسوور لەچیرۆکی (پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن)دا هەردوو جەمسەری کۆچکردن و گەڕانەوە دەکاتە یەك. ئەگەر کۆچ ئاراستەیەکە بەرەو زۆنە نەزانراوەکان، ئەوە گەڕانەوەش ئاراستەیەکی دیکەیە بەرەو زێدێك، کە لەناو سیستمێکی زەمەنییدا شێواوە. یاخود هەر نەماوە. ئەو دوو ئاراستەیە هەرچەند بەڕواڵەت پێچەوانە دەردەکەون، بەڵام ئەوەی لەئەنجامی ئەو بەراوردەدا دەستگیر دەبێت، ئاراستەی سێیەمە، کە دەتوانین ناوی بنێین (کۆچ/ گەڕانەوە). ئەو ئاراستەیە کۆی چیرۆکەکە بەرەو فانتازیایەکی گەورە هەڵدەگرێت.

(سامالْ) یاخود وەکو خۆی پێیخۆشە بە(ساسە) بانگی بکەین، کچێکی، یاخود (ژنێکی؟؟) تەمەن پەنجا ساڵانە، دوای بیست و پێنج ساڵی ئاوارەیی لەئەورووپا، لەناوەڕاستی هاویندا بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە. دوو ساڵی رەبەق دەخرێتە زیندانەوە. دوای ئازادکردنی، بەهەر شێوەیەك بێت دەگاتەوە هەولێر:

(پەنجەکانت لەدەسکی چەرمینی جانتاکەت هەڵکێشا.. سووك سووك لەسەر ئەو شەقامەدا بەدوای خۆتدا راتکێشا.. قیرەکە لەژێر تیشکی رۆژی زۆر گەرمی چلەی هاویندا تواوەتەوە).

لێرەوە (ساسە) ئەو چیرۆکەی خۆی بیردەکەوێتەوە، کە سی و دوو ساڵ لەوەوپێش، واتە لەتەمەنی هەژدە ساڵییدا نووسیویەتی. ئەگەر کاروان کاکەسوور چیرۆکی ژیانی (ساسە)مان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوە (ساسە)ش چیرۆکی ژیانی کارەکتەرەکەی خۆیمان بیر دەهێنێتەوە. ئەو دوو چیرۆکە ئەوەندە بەناو یەکدا تێکچڕژاون، ئەگەر خوێنەر زۆر ئاگادار نەبێت، تێکەڵی یەکتریان دەکات. بەمەش لەناو رووداوەکاندا وندەبێت و هیچیان لێ تێناگات.

کارەکتـەری چیرۆکەکەی (ساسـە) لەسـەری سـاڵی (١٩٧١) دەگاتـە هـەولێر. گەراجەکـە بـەفر داپۆشـیوە. ئەمـە ئـەو جیاوازییەیـە، کـە لـەنێوان گەیـشتنی (ساسـە) و کارەکتـەری چیرۆکەکەیدا هەیـە. خـۆی لەچلەی هـاوین لەگەراجـە نوێیەکـە دادەبـەزێت، کـە تایـەکانی جانتاکـەی لەقیرەکـە دەچـنە خـواریٚ، بـەڵام کارەکتـەری چیرۆکەکەی سـی و دوو سـاڵ پێشتر لەگەراجـە کۆنەکـە دابـەزیوەو (بەفری چلەی زستانی ئەم شارە دێرینە وردەوردە قژی و پاڵتۆ رەشـەکەی وەکو سەرجەم شتەکانی ئەو دەوروبەرە دادەپۆشێت).

بەڵام کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە) کێیە و بۆچی هاتۆتە هەولێر؟ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە لەناو کۆمەڵێك تەمومژدا شاردراونەتەوە. سەرەتا ئەوەی ئێمە لەو کارەکتەرەی دەزانین ئەوەیە، کە ئەو ژنێکی گەڕیدەیەو لەهیچ شوێنێك خۆی ناگرێت:

(لەگەراجـدا دەیتـوانی تـەواوی شـار بێنێتـە بەرچـاوی.. رووبـەروو چـڕیی دانیـشتوانی.. تۆبۆگرافیـاو ئاووهـەوای.. مـۆدێلی جلوبـەرگ و شـێوازی رێکخـستنی ناومـاڵ.. زەمـەنێکی دوورودرێـژی دەخوێنـدەوە.. پێـشبینیی رووداوەکـانی دەکـرد.. هەربۆیـە زۆر جـار سـواری ئۆتۆمـۆبیلێکی تـر دەبـو و دەگەڕایەوە، یاخود بەرەو شارێکی دیکە دەچوو).

دوای ئـەوە نووسـەر زانیارییـەکی هەنـدێك لەوانە گرنگترمان بۆ دەردەخات. لێرەوە ئێمـە دەزانین ئـەو کچە لەنەوەی ئـەو کوردانەیـە، کـە سـاڵی ١١٧٣ لەگـەڵ لەشکرەکەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) گەیشتوونەتە میسر. ئەوانە هـەتا ئـەمڕۆش لەهـەر شـەش کەسیان یـەکێکیان تووشـی حاڵـەتی شێتبوون دێـت. بـاوکی، کـە (سەلاحەدین ئـەیوبی)ی نـاوە، دیـارە بـەناوی (سـەلاحەدین ئـەیوبی) کراوەتـەوە، لەسـینەما دەترسـێت، بۆیـە وادەزانێـت سـینەما بـەردەوام بەدواوەیـەتی و راوی دەنێت. هەتا دواجار دیار نامێنیت. هەنـدێك دەڵێن خۆی خستۆتە نـاو روبـاری نیلەوەو هەندێك دەڵێن سەری خۆی بۆ شوێنێکی نەزانراو هەڵگرتووە.

لێـرە پیمـەی چیرۆکەکەی (ساسـە) بـەرەو جۆرێـك لەڕوونبوونـەوە دەچـێت، بـەوەی بارگـاوی دەبێـت بەحاڵـەتێکی سـایکۆلۆژییەوە، ئـەویش گەڕانـە بـەدوای

باوكدا. ئەوە ئەگەر زانیمان پەیوەندیی ئەو كچە بەدایكیەوە پەیوەندییەكی دژایەتییە. لێرە (كاروان كاكەسوور) زۆر هۆشیارانە كێشەیەكی لەنێوان دایك و كچدا دروستكردووە، ئەویش كێشەی رەشبینی و گەشبینییە. بەپشتبەشتن بەلێكدانەوەكانی (فرۆید)، دەبینین رەشبینیی كچەكە بەندە بەلەدەستچوونی باوك، لەكاتێكدا گەشبینیی دایك لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، كە كۆنترۆڵی پیاوی بەسەرەوە نەماوە. هەمان كێشە لای (ساسە) خۆیەوە هەست پێدەكەین، كە دواتر ئاماژەی پێدەدەین.

(ساسە) لەگەراجە نوێیەكە بەرەو گەراجە كۆنەكە دەكەوێتە رێ و بنی پێیەكانیشی ئازاریان هەیەو دەخورێن. ئەمەش لەئەنجامی ئەو ئەشكەنجەیەوە تووشی هاتووە، كە لەزیندان بەخۆیەوە بینیوە. ئازاری سایكۆلۆژییش تێكەڵی ئازاری جەستە دەبێت. ئەوە ئەگەر زانیمان لەلایەن یەك دوانێك لەبەندیەوانەكانەوە لاقە (violate) كراوە. نووسەر لێرەو لەكۆی چیرۆكەكەیدا فێڵێكی سەیری لەخوێنەر كردووە. وەكو (توانا ئەمین) دەڵێت: ئەگەر خوێنەر زۆر وریا نەبێت، ناتوانێت هەست بەوە بكات، كە (ساسە) لەزینداندا دەستدرێژیی سێكسیی كراوەتە سەر. چیرۆكنووس لەسەر شێوازی (كافكا) هۆی زیندانیكردنی (ساسە)مان بۆ ئاشكرا ناكات، بەڵكو ئەویش وەكو (كافكا) ئەو رووداوە بۆ ناو واقیعی دەرەوەی تێكستەكە دەگەڕێنێتەوە. وەك بڵێی بیەوێت پێمان بڵێت زیندان ئەوەندەی (كات)ە ئەوەندە (شوێن) نییە، بۆیە وەسفەكانی زیندان جۆرێكە لەپاساوهێنانەوە بۆ بوونی زیندان.

لەگەراژێكەوە بۆ گەراژێكی تر، ئەمە كاتی زیندووی ناو چیرۆكەكەیە. ئەو كاتەیە، كە كراوەتە بنكەیەكی پتەو بۆ گێڕانەوەی هەموو كاتە بەسەرچووەكانی تەمەن لەڕێگەی یادەوەرییەكی بەهێزەوە، كە پشتبەستە بەكۆمەڵێك تەكنیكی نوێ. هەر ئەو جووڵەیە لەگەراژە نوێیەكەوە بۆ گەراژە كۆنەكە هەمان پرۆسەی گەڕانەوەی خەیاڵەكانی (ساسە)یە بۆ رۆژگارە بەسەرچووەكان، بەڵام بەلایەكەی دیكەدا هێمایەكە بۆ نامۆبوونی ئەو مرۆڤە تەنیایە لەزێدی خۆیدا. تازە لەگەراژێك دابەزیوەو پەلەیەتی بگاتە گەراژەكەی دیكەیان، گوایە دەیەوێت لەوێ

کارەکتەری چیرۆکەکەی ببینێت، کە سی و دوو ساڵ لەمەوبەر، واتە لەتەمەنی هەژدە ساڵییدا نووسیویەتی. باوەڕیشی وایە هەتا ئیستاش ناو گەراژەکە بەفر دایپۆشیوەو بەردەوام بەفری تریشی لێدەبارێت.

وەکو لەپێشەوە گوتمان ئێمە لەناو چوارچێوەی یەك تێکستدا دوو چیرۆکی سەرەکی و کۆمەڵێکی لۆکاڵییش دەخوێنینەوەو زیاتر لەگێڕەوەرێکیشمان هەیە. راناوی یەکەمی تاك و دووەمی تاك و سێیەمی تاك هەر یەکەیان لەئاستی خۆیانەوە ئاکتیڤ کراون و هەندێکجاریش تێکەڵییەك لەنێوان هەرسێکیاندا هەست پێدەکەین. ئێمە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم چیرۆکە، وامان بەلاوە چاکە، کە پەیوەندیی (ساسە) بەهەر یەکێك لەکارەکتەرە سەرەکییەکانەوە بەجیا بخوێنینەوە.

**ساسەو کارەکتەری چیرۆکەکەی:**

دەتوانین بڵێین (ساسە) و کارەکتەری چیرۆکەکەی لەزۆربەی شتەکان لەیەکتر دەچن. لەگەمەیەکی زەمەنییدا چیرۆکنووس هەردووکیان دەکاتە تەواوکەری یەکتر. (ساسە) لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا ئەو ژنە پەنجا ساڵییەی هێناوەتە بوون و لەگەراجە کۆنەکەی هەولێر دایبەزاندووە. ئەمە هەر ئەو تەمەنەیە، کە ئێستا خۆی پێیگەیشتووەو لەگەراجە نوێیەکە دابەزیوە.

(ویستی بیگۆڕێت.. تەمەنی تا ئاستی تەمەنی خۆی بچووك بکاتەوە.. هەژدە ساڵ.. خێرا پەشیمان بووەوە.. لەگەراجدا تەمەن مەسەلەیەك نییە.. زەحمەتە بزانی کات خێرا یان سست تێدەپەڕێت.. رەنگە هەر تێنەپەڕێت).

لەم حەوت دێڕەدا، کە درێژتریان لەحەوت وشە پێکدێت، کۆمەڵێك مانا دەدۆزینەوە. دەکرێت لانیکەم لەدوو ئاستەوە بۆ مەسەلەی کات بڕوانین. لەئاستی یەکەمدا رەشبینییەکی قووڵ دەبینین. کچێك تەمەنی هەژدە ساڵیی نەبڕیوەو گیانی خۆی لەژنێکی سەرووی پەنجا ساڵییدا بەرجەستە دەکات. پاساویشی بۆ ئەو تەماهییە ئەوەیە مادام گەراژو سەفەرو جانتا دەستەڵاتی رەهایان بەسەر کەسەکانەوە هەیە، ئەوە کات هەموو ماناکانی خۆی لەدەست دەدات. ئەوەی دەگۆڕێت کات نییە، بەڵکو شوێنە. ئەوەی گۆڕاوە تەنها

دروستکردنی گەراژێکی دیکەیە لەشوێنێکی تردا. ڕاستییەکەی دروستکردنی ئەو گەراژە نوێیە لەهەولێر، ڕووداوێکی فاکتواڵەو لەناوەڕاستی هەشتاکان دامەزراوە، (کاروان کاکەسوور)یش سوودی لەو ڕووداوە ڕاستەقینەیە بینیوە. ئەو ڕەشبینییەی (ساسە) ئەنجامی ئەو ژینگەیەیە، کە تێیدا لەدایکبووە. دەکرێت بڵێین لەباوکیەوە بۆی ماوەتەوە، کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری. لەئاستی دووەمدا پێشبینییەك هەست پێدەکەین، کاتێك دەبینین لەهەمان تەمەندا بەجانتایەکەوە دەگەڕێتەوە. خەمی (ساسە) زۆر لەهی کارەکتەری چیرۆکەکەی قورسترە، چونکە ئەگەرچی بۆ ئەو شارە گەڕاوەتەوە، کە تێیدا لەدایکبووەو تێیدا گەورە بووە، بەڵام وەکو ئەوە وایە خۆی لەسەر ئەستێرەیەکی نەناسراودا بینیبێتەوە. ئەمە ئەو شتە بوو، کە کارەکتەرەکەی لێی دەترساو نەیدەویست وەکو چیرۆك لەخەیاڵی (ساسە)دا بگاتە کۆتایی:

(بۆچی دەتەوێت تەواوم بکەیت..؟ خۆت تۆ خۆت لەهەموو کەسیێ چاکتر دەزانی من لەترسی کۆتاییەکانە، بوومەتە گەڕیدەی شاران).

چۆن (کاروان کاکەسوور)ی چیرۆکنووس ئەو دوو چیرۆکە لەیەکتر جیا دەکاتەوە؟ بەدانانی وێنەیەکی گشتی. بەدروستکردنی کۆمەڵێك وێنەی نیوتراڵ، کە نازانین مەبەستی لە(ساسە)یە یان لەکارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە). لێرەدا ناویان ناهێنێت، بەڵکو تەنها ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك بەکار دەهێنێت:

(هەردوو تاکی دەرگای دۆڵابە ساجەکەی دەخستە سەر پشت.. ئەوە قاتە ڕەشەکەیەتی.. کراسی سپیی لەژێرەوە پۆشیوە.. بۆینباغی سووری هەناریی لەسەر بەستووە.. پێڵاوە جەرگییەکانی دەدرەوشێنەوە.. تۆ بڵێی بەڕووتی ماڵی جێهێشتبێت..؟! چ کۆتاییەکی سەیری بۆ ژیانی داناوە..!!).

تەنها بەدوو ڕستەکەی دوایی دەزانین مەبەست لەکارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە)یە. دەبێت لێرە ئاماژەیەکی خێراش بەوە بدەین، کە (کاروان کاکەسوور) لەم چیرۆکەو لەکۆی بەرهەمەکانی دیکەشیدا، کاتێك بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، زۆر کەم کرداری ڕابردوو بەکار دەهێنێت، بەڵکو زۆربەی ڕووداوەکان لەشێوەی

ئێستادا دەگێڕێتەوە. ئەم شێوازە بەتایبەت بۆ ئەم چیرۆکە زۆر گونجاوە، چونکە مەبەستیەتی بڵێت لەگەراژدا رابردوو و ئێستاو داهاتوو هەر یەکێکن.

### سەرنج لەوێنەیەکی دیکەی نیوتراڵ دەدەین:

(بۆینباغەکەی لەبێچووی تیمساح دەچێت.. چەند گیانداریکی سەیرە..!!) لێرەوە باسی تیمساح دەکات، کە چۆن سەری لەهێلکە دەجووقێت و چەند بەخێرایی گەورە دەبێت. (دەتوانێت سەری کەری کێوی بخاتە نێوان شەویلگە تیژەکانی و لەچاوترووکانێکدا ئەو لاشە زلەی بهاڕێت)..... (ئەوان بەرەوە دەهاتن.. بەڕیز قاچەکانی پێشەوەیان دەخستە تەنکاییەکەوە.. زمانی سووریان لەئاوەکە دەدا.. شڵپە شڵپێکی سەیریان لێ هەڵدەستاند.. ئینجا لەپڕو تێکڕا رادەپەڕین.. چەند مەترێك بەرزدەبوونەوە.. لەگەڵیدا ئاراستەی خۆیان دەگۆڕی.. لەهەوادا وەردەچەرخان..... دوای چاوترووکانێك هێمنییەکی چاوەڕواننەکراو وشکایی و ناو ئاوی دادەپۆشی.. رووبەرێك لەو قەراغە بەخوێن سوور هەڵدەگەڕا.. دوای تاوێ وردە وردە کاڵ دەبووەوە).

دەبینین هەر یەك لەو دێڕانە کۆمەڵێك ئیندیکێیتی جیاوازیان لەخۆیان گرتووە. ئەوە ستایلی ئەو چیرۆکنووسەیە. شتە گرنگەکان لەپەنا هەندێك بەسەرهاتدا دەشارێتەوە، کە بەڕواڵەت هیچ مانایەکیان نییە. لێکچواندنی بۆینباغی باوك بەتیمساح، ئیندیکێیتێکی سێکسییانەیە. دواتریش هەر ئەو کلکی تیمساحە دەبێتە تەناف جل هەڵخستن و (ساسە) لەخەونیدا بەڕووتی جلە شۆراوەکانی خۆی و باوکی لەسەر هەڵدەخات. بۆ تەواوکردنی ئەو وێنەیەش باس لەخێرا گەورەبوونی تیمساح دەکات. لەلایەکی دیکەش فێڵێکە بۆ گواستنەوەی جەمسەری گێڕانەوەکە بۆ لای (ساسە) خۆیەوە. (تا رۆژ زیاتر بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان هەڵدەکشێت، زیاتر رەنگە سوورەکەی دەردەکەوێت.. سەرەتای یەکێك لەچیرۆکەکانت ئاوا دەست پێکردووە).

**ساسەو دڵشاد:**

**(دڵشاد) پورزای (ساسە)یەو هەر لەمنداڵییەوە ئەوان بەخێویان کردووە. واتە خوشکەزای دایکی (ساسە)یە. دایك و باوکی لەسێدارە دراون. ئایا چیرۆکنووس چ ڕێگەیەکی بۆ ئەم مەبەستە گرتۆتە بەر، هەتا وەکو چیرۆکە تەقلیدییەکان باس لەڕووداوی سیاسیی نەکات و ڕاستەوخۆ زانیارییەکانمان پێنەگەیەنێت؟**

**هەر لەمنداڵییەوە پەیوەندییەکی سێکسییانە لەنێوان ئەو دوانەدا هەبووە، کە لای خۆشیان نیوەی شاراوە بووەو نیوەی ئاشکرا. یەکەمینجار ناوی (دڵشاد) لەو شوێنەوە دەبیستین، کە (ساسە) بەهۆیَ پێڵاوە پاژنەبەرزەکانییەوە، کە لەسەردەمی هەرزەکاریدا لەپێی کردووە، ئەو تانکە پلاستیکانەی ئەوی بیر دەکەوێتەوە، کە باوکی لەبەغدا بۆی هێنابوو. ئەو تانکە پلاستیکانەش تەنها شتی منداڵین، کە (دڵشاد) بەگەورەیی لای خۆی هێشتوونیەتەوەو یارییان پێدەکات. ئەو تانکانە لەسەردەمی هەرزەکارییاندا ئەم دیالۆگەیان لێ دێتە کایەوە:**

**—هەتیوە شێتە تۆ دەتەوێ من تووڕە بکەیت.**

**—وا مەڵێ.. من خۆم حەزم لێیانە.**

**—تۆ گەورە بوویت..!!**

**—ئا، بەڵام وەکو ئەوسای منداڵی یارییان پێ ناکەم ساسە.**

**—مەمخەڵەتێنە.. چەند جاریشم پێ وتووی چیتر پێم مەڵێ ساسە.. لەمەودوا بەساماڵ بانگم نەکەیت، وەڵامت نادەمەوە.**

**—بێنە دەستت بگرە بەم لوولەیەوە.**

**—وا مەکە..!! بەریدە..!! وووییی..!! نا تووخوا..!! چ فێڵێکی ترم لێدەکەیت ئەمجارە..؟!**

**—پەنجەکانت نەجووڵێنیت ساسە.. ئێستا قورمیشی دەکەم.. بزانە هەست بەچی دەکەیت..؟!**

**—شەیتان..!! خۆزگە دەمزانی ئەمانە لەکوێ دەدۆزیتەوە..!!**

**—نایزانی..؟!**

–هەستە..!! بەسە دەی..!! چییت کرد..؟! چەند جارم پێ وتی با جێگەی دانت دەرنەکەوێت.. وازم لی بێنە ئاقڵ گیان.. بچۆ بەلای یارییەکەتەوە.)

هەر لێرە چیرۆکنووس ئەو خەیاڵە دەبەستێتەوە بەفاکتی ئێستاوە. لێکچواندنێك لەنیوان جێگەی ددانەکانی (دڵشاد) و شوێنی تایەی جانتاکەی دەخولقێنێت، کە لەبەر تینی گەرما لەقیرە تواوەکە دەچنە خواریَ و ناتوانێت بەدوای خۆیدا رایکێشێت. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە لەسەر خەیاڵەکانی بەردەوام نابێت. لێرە چیرۆکنووس گەمەیەکی هونەریی سەرنجڕاکێش لەتێکەڵکردنی شتەکاندا دەکات. چۆن؟ (ساسە) ناتوانێت جانتاکەی راکێشێت، بۆیە لەباوەشی دەکات:

(وەکو منداڵ دەیکەیتە باوەشتەوە.. بەبێ ویست دەیگوشیت بەخۆتەوە.... ئەویش توندتر دەتگوشێت..).

ئەوە جانتاکە نییە (ساسە) دەگوشێت، بەڵکو (دڵشاد)ە. واتە نەك هەر جانتاکەو (دڵشاد) دەبنە یەك، بەڵکو رابردووش دەبێتە ئێستا. رستەکان ئاوا بەردەوام دەبن:

(ئینجا دەستەکانی لەکەمەرتەوە بەرەو لای سمتت دەجووڵێنێت.. یەك دوو نوقرچ لەملا و لەولای گوپە خڕەکانی دەگرێت.. ئازارت دەدات، بەڵام ناتوانیت ئاخ و ئۆف هەڵکێشیت.. هەر دەنگێك، بەرز یان نزم لەدەمتەوە دەربچێت، ئەوا لەئان و ساتدا دەخزێتە ناو هەناسە شپرزەکانی ئەوەوە.. واتە لەناو دەمیدا کپ دەبێت.. یان بۆ شێوەیەکی دی دەگۆڕێت.. زیاتر چێژ لەئازاردانت دەبینێت.. لێوی لەلێوت دەترازێت، بەڵام ئێستا ناتەویَ بقیژێنیت..).

ئەمانە بەردەوامن و دەگەنە ئەوەی (دڵشاد) بەدەستە بەهێزەکانی پووزە رووتەکانی (ساسە) جووت دەکات و دەیەوێت بۆ ئاسمان هەڵیبڕێت. (ساسە) دەیەوێت هاوار بکات: (کوڕە دامگرە هەتیو.. خەریکە باڵەکانی ئەو پانکەیە سەرم دەپەڕێنن). بەڵام خێرا فریای زەمانی دەکەوێت. (ساسە) نایەویَ (دڵشاد) دایك و باوکی بیر بکەوێتەوە، کە لەسێدارە دراون.

هێشتا چیرۆکنووس بەئێمەی نەگوتووە ئەوان لەسێدارە دراون. ناوی کەسیشی نەهێناوە. دەبێت خۆمان بزانین ئەوە (دڵشاد)ە و کاتی خۆی ئاوای لەگەڵ (ساسە)دا کردووە، نەك جانتاکە. هەر دوای ئەوە دەڵێت:

(بەوە نییە گەیشتۆتە قۆناغی ناوەندی و خۆی وەکو گەنجێکی بێباك دەنوێنێت.. ئێستاش هەر کاتێ بیریان لێدەکاتەوە، وێنەی منداڵ لچ هەڵدەهێنێتەوە.. هەندێجار دەچێتە ژوورەوە، گوایە کتێبەکانی دەخوێنێتەوە، بەڵام تۆ چاك دەزانی لەپەنایانەوە دەگری و فرمێسك هەڵدەڕێژێت.. جا پێویست ناکات باسی پانکەکە بکەیت و بڵێیت وا باڵەکانی سەرت دەپەڕێنن.. هەندێ خۆت دانەوێنە و بەئەسپایی رووممەتت بخەرە سەر شانی، با قژت دەموچاوی داپۆشێت).

پەیوەندیی (ساسە) و (دڵشاد) بەزۆر شێوەی جیاواز جیاوازدا تێپەڕیوە. لەمنداڵی و هەرزەکاری (ساسە) هەر لەهەوڵی ئەوە دایە دڵی (دڵشاد) رازی بکات، بەڵام ئەو پەیوەندییە لەقۆناغی گەورەییدا بەرەو ناخۆشیی دەچێت و بەردەوام شەڕ بەیەکتر دەفرۆشن. ئەوەی ئەو پەیوەندییەش تێکدەدات، جیاوازیی ئایدیاکانە. چاکترە بڵێن جیاوازیی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆجیایە. (دڵشاد) روو لەکاری رامیاری دەکات و (ساسە) بەئەدەبەوە خەریکە. دەتوانین بڵێین (ساسە) دەیەوێت باوکی لە(دڵشاد)دا بخوڵقێنێت، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بەفیڕۆ دەچن.

لەکاتێکدا دایك و باوکی لەودیو وەکو ئەوەی پێی راهاتوون لەسەر تەختی نووستنەکەیان دوای دنیایەك ماچ و دەستبازی لێیان دەبێتە شەڕ، (ساسە)ی هەرزەکار گوێی بۆ هەموو جووڵەو چرپەیەکیان هەڵخستووە، دەشزانێت وا (دڵشاد)یش وەکو ئەو بەخەبەرە، بەڵام داخ ئەوەیە هیچ حیسابێکی بۆ ناکات. (ساسە) بەمە زۆر تووڕە دەبێت. دوایی کە هەردووکیان لەزانکۆی بەغدا وەردەگیرێن، پەیوەندییەکەیان بەبنبەست دەگات. (دڵشاد) ناچێتەماڵی قوتابییان، بەڵکو لای (سەنیە خان)ی پووری (خوشکی باوکی) پێ چاکترە، چونکە کوڕێکی چەپەو هەموو تەمەنی خۆی بۆ خوێندنەوەی کتێبی مارکسی

تەرخاندەكات. دەبێتە كەسێكی مشەخۆرو گۆشەگیر. (سەنیە خان)ی پووری بەقژبڕین و دەموچاوهەڵگرتن پارە پەیدا دەكات و ئەویش بەكتێب و خواردنەوەی دەدات. (دڵشاد) پێچەوانەی (ساسە) باوەڕی بەخوێندنەوەی ئەدەب نییە، بەتایبەتی ئەدەبی تەمومژاوی. ناویلێناون فیلمی كامێرای فۆتۆگراف، چونكە وەكو فیلمی كامێرای فۆتۆگراف، هەر رووناكیی ببینێت، دەسووتێت.

**ساسەو دكتۆر یاسمین ئاكرەیی:**

(دكتۆر یاسمین ئاكرەیی) ئەگەرچی رووبەرێكی گەورە لەتێكستەكەدا داگیر ناكات، بەڵام بەیەكێك لەكارەكتەرە هەرە گرنگەكانی ئەو چیرۆكە دادەنرێت. ئەو كچە، كە ئێستا لەتەمەنی پەنجا ساڵیی دایەو بەتەنها لەماڵێكدا دەژی، هاوڕێی رۆژگاری زانكۆی (ساسە)یە: (لەكتێبخانە ناسیت.. حەزی لەخوێندنەوە دەكرد.. لەبارەی ئەدەبی كوردی و جیهانییەوە گفتوگۆتان دادەمەزراند.. نەتدەزانی چۆن فریای خوێندنەوەی ئەو هەموو كتێبە دەكەوێت.. پێتدەوت: من هەرگیز باوەڕ ناكەم تۆ ببیت بەدكتۆر).

ئینجا هەر بەڕاستییش نابێتە دكتۆر، چونكە لەحەفتاكان دەگیرێت و ئەشكەنجەیەكی زۆری دەدەن. كاتێكیش ئازاد دەكرێت، توانای خوێندنی نامێنێت، بەڵام (ساسە) تاقە كەسێكە بەدكتۆر بانگی دەكات. بوونی (دكتۆر یاسمین ئاكرەیی) لەوەدا یارمەتییمان دەدات، ئێمە لەوە تێبگەین، كە (ساسە) لەزیندان ئەشكەنجەیەكی زۆر دراوە. (ساسە) لەئەوروپاوە پەیوەندیی بە(دكتۆر یاسمین ئاكرەیی)ەوە هەر ماوە، بۆیە لەگەڕانەوەی خۆی ئاگاداری دەكاتەوە. ئەویش لەوێ چاوەڕێی دەكات، بەڵام (ساسە) ناگات:

(كە تەواو درەنگ داهات و هەر نەگەیشتی، كەوتمە پرسین لەم و لەو.. ژنێكی تەمەنی خۆمان دوو كوڕی گەنجی لەگەڵدا بوو، پێی وتم تا لای ئەو فەرمانبەرەی ناوەكانی لەفایلدا دەنووسی، پێكەوە بووین.. لەوێ ناردیان بەشوێن پیاوێكی ژووری سەرەوەو لەگەڵ خۆی بردی.. ئینجا نازانم دوای ئەوە ئاخۆ....).

(ساسە) دوای دوو ساڵ لەزیندان، بەردەبێت و دەگاتە لای (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) و ماوەیەك لای ئەو دەمێنێتەوە، چونکە بێجگە لەوەی دەستەخوشکیەتی، دەتوانێت برینەکانیشی دەرمان بکات:

(من ئەگەر هەنووکە دەزانم چارەسەری تۆ بکەم، وەکو خۆت دەیزانی لەو سێ ساڵەی کۆلیژ فێری نەبووم، بەڵکو هی ئەوەیە یانزدە مانگ بەو دەردە تلاومەتەوە).

ئەو بەیەکگەیشتنەی (ساسە) و (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) ڕێگەیەکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی، کە دەیانەوێت چەمکی مێژوو لەو تێکستەدا زەق بکەنەوە، چونکە لێرەوە ڕووداوەکانی ساڵانی حەفتا، بەتایبەتی لەناو زانکۆی بەغدا دێنەوە گۆڕێ و دەمانخەنە بەردەمی بەراوردکردنی ئەو دوو سەردەمە، کە هەست بەگۆڕانکارییەکی زۆر ناکەین لەمەسەلەی ئازادییەکانی تاك و ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا.

خولقاندنی (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) وەکو کارەکتەرێك لەلایەن چیرۆکنووسەوە، زۆر وردبینیی پێوە دیارە، چونکە کارەکتەرێکی فرەڕەهەندەو سەنتەری کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگی تێکستەکەیە. بەمەش پەیوەندییەکەی بە(ساسە)وە بەهێزتر دەبێت. وەکو گوتمان ئێمە لەڕێگەی (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی)ەوە دەزانین (ساسە) لەزیندان ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، بەمەش چیرۆکەکە لەدەربڕینی ڕاستەوخۆ ڕزگاری دەبێت. مەبەست ئەوەیە (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) وەکو دکتۆرێك دەیەوێت باس لەئازارەکانی (ساسە) بکات و گوتەکانیشی لەسنووری ئیشەکەی خۆی دایە، نەك بۆ دەربڕینی کۆمەڵێك قسەی لەشێوەی هوتاف، کە هەتا ئێستاش لەچیرۆکی کوردییدا باوی ماوە. لێرەوە ئێمە لەجەستەی (ساسە) دەگەین، کە ئەشکەنجە دراوەو پاشماوەکانی ئەو ئەشکەنجەیەش کاریگەریی خۆی هەیە:

(دکتۆر یاسمین ئاکرەیی ئەگەرچی لەزووەوە دەیزانی تۆ ڕقت لەوەیە تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ لەگیانت بدات، کەچی کورسییەکەی تۆی لەبەرهەتاوی ناو حەوشە دادەناو خۆی لەسێبەرەکە دادەنیشت.. بەدەنگێکی تێکشکاو، ئەو

دەنگەی لەوەتەی ناسیوتە لێی جیا نابێتەوە، پێی دەوتی: قاچەکانت درێژ بکەو بیانخەرە بەر ئەم هەتاوە، با بنی پێکانت هەندێك گەرما هەڵمژن).

هەر ئەو گوتانەشن، کە دوایی لەهەولێر یارمەتیمان دەدەن ئێمە بزانین (ساسە) لەزیندان دەستدرێژیی سێکسییشی کراوەتە سەر. لەکۆی تێکستەکەدا چیرۆکنووس ڕووناکیی دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان بنی پێیەکانی (ساسە) و شەقامە گەرمەکەی بەسەریدا هەنگاو دەنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر کەم کەم بیر لەوە بکاتەوە، کە جەستەی ئەو لەکێشەیەکی گەورە دایە. گەرماو سەرما ئەگەرچی دژی یەکترن، بەڵام هەردووکیان پێکەوە لەخەیاڵی (ساسە)دا دەردەکەون. گەرما لەدۆخی ئێستاو سەرما لەدۆخی رابردوودا. سەیر نییە ئەگەر لەکۆی چیرۆکەکەدا ئاووهەوا یان هەتاوێکی سووتێنەرە یان سەرمایەکی کوشندەیە. بیریشمان نەچێت، کە کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە) کاتێك دەگاتە هەولێر، بەفر ناو گەراجەکەی داپۆشیوە. ئێستا دەگەڕێینەوە لای پرسیاری: چۆن چیرۆکنووس پێمان دەڵێت (ساسە) دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتە سەر؟ دیارە هەر لەڕێگەی سەرماو گەرماوە:

(ئێستا پێڵاوەکانت دادەکەنی.. قەیتانیان لەیەکدی گرێ دەدەیت و وەکو ملوانکە لەملیان دەکەیت.. دەکەونە سەر ئەم مەمك و ئەو مەمکت.. لەکاتی هەنگاونانەدا دەیانلەرێننەوە.. گۆکانیان ئازار دەدەن.. قاچەکانت بەتوندی دادەنێیت.. مەبەستتە پاشپانی و کەلێنی پەنجەکانت زیاتر گەرمای سەر ئەو شۆستەیە هەڵمژن.. رێگایەکی باشیشە بۆ کوشتنی ئەو خووروەی ماوەیەکە تەواو پەرێشانی کردوویت.. شەوان خەبەرت دەکاتەوە، یاخود لەناو خەیاڵەکانت دەردەهێنیت.. بەچمکی بەتانییە خورییەکە دەیانخورێنیت.. تا ئەو ئاستەی سوور سوور هەڵدەگەڕێن.. ئەرێ بۆ لەجیاتی هەردوو وشەی سوور سوور، وشەی تۆخ بەکارنەهێنین..؟! یاخود بۆچی نەڵێین برینەکان قووڵتر دەبن..؟! چونکە لەو تاریکییەدا ئاسان نییە رەنگەکان ببینی، تا بتوانی لەیەکدییان جیا بکەیتەوە.. بەڵام ئەگەر بەزمانی شیعری بیاننووسینەوە، ئەوا دەبێت بڵێین برینداربوونی برین.. گۆڕینی ئازاری خوران بۆ ئازاری برین،

لەپێشدا فێڵێکەو دوایی دەبێتە چێژ.. چێژێکی بێسنوور.. پنتکی سوور سووری سەر پێستی سپی، سووك و ئاسان عەزیە گوڵگوڵییە شیفۆنەکەی دایکتت بیر دێنێتەوە.. تاقە شتێك بوو فریێی نەدەدا).

(ئا ئێستا پێت خۆشە هەموو جلەکانت لەبەر خۆت داڕنی و بەڕووتی ئەم ڕێگایە ببڕیت.. ئەمە شێوەیەکە لەشێوەکانی بێزوو.. چ حاڵەتێکی سەیرە، کاتێ هەست بکەیت بەربەست نەماوە لەنێوان جەستەت و سەرنجی ئەوانی دیدا..!!

... ئەگەرچی ئێستا هیچ چاوێك نابینی لێت بڕوانێت.. بەڵێ، ڕێك لەشێوەی خەونەکان.. یان ڕوونتر بڵێین هەموو ئەو شتانە دوور لەویستی خۆت لەودیوی چاوە بەستراوەکانتدا ڕوودەدەن.. ئەوسا گرینگ نییە دەوروبەرەکەت تاریکە، یان ڕووناك.. لەسەر پشت پاڵکەوتوویت، یان لەسەر سك.. ماوەی نێوان قاچە ڕووتەکانت چەندەو دەستە تەزیوەکانت بەکام ئاراستەدا درێژ کراون.. ئەوەندە بەسە، کە لەڕێگەی ئەو ئەندامە ڕەق و کرکراگەدارانەی جەستەیان، کە هەر لەکلکی تیمساحی ناو خەونەکانی سەردەمی هەرزەکاری دەچن و بەبۆنی ئارەقەی بنباڵ و سەر سنگیانەوە، یان بەتووکی زبر و هەناسە ماندووەکانیانەوە تێبگەیت، یاخود هەست بکەیت سەرنجەکان نێرینەن...)

سەرنجی ئەوە دەدەین، کە بەشێك لەمانە باسی ناو زیندانن، کەچی چیرۆکنووس لەشێوەی ئێستا، نەك ڕابردوو دەیانگێڕێتەوە. دوای گێڕانەوەی کۆمەڵێك ڕووداوی دیکە، لەمنداڵییەوە هەتا گەورەیی، ئینجا بەشێکی دیکەی ئەو زانیارییەمان پێ دەڵێت، بەڵام دیسان بەشێوەکی زۆر تەمومژاوی:

(نەخێر، مەسەلەکە ئەوە نییە پێستەکە تەنکە، یان ئەستوور، ئەوە ئەگەر دوای ئەو هەموو بێنەو بەرەیە شتێك مابێت بەناوی پێست، بەڵکو گرینگە لەناوەوە تۆ هەست بکەیت بەقەدەر شۆستەکە گەرمییت هەڵمژیوە.. هەر چۆنێ بێت ئێستا گۆڕانەکان لەبەرهەتاو و بەبەرچاوی خۆتەوە ڕوودەدەن.. ئەوسا لەو تاریکییەدا دوای چەند تەکانێکی ئەو دەعبایە قورسەی سەرت هەستت کرد وا ناوگەڵت تەڕ دەبێت.. شلەیەکی مەیلەو خەستی پێدا دەڕژێت.. سەرەتا گەرم و دوایی ئاسایی.. کاتێ دەڵێم ئاسایی، مەبەستم شیرتێنە.. دەنگێك، لەو دەمە

دەردەچوو، کە تاوێ لەمەوبەر، لەدۆخێکی مەیلەو چەسپاودا، لچ و لێوتی دەمژی، لەزەت و هەناسەی ماندووش تەواو گۆڕیبوویان، وتی:

–کچ بوو..!!

دەنگێکی دی بۆی سەندەوە:

–بڵێ پیرەکچ بوو، بەڵام باوەڕیش ناکەم.

–ئەها سەیری بکە..!! ئەمە خوێنەکەیەتی..!!

ئەوی دیکەیان بەدەم قاقایەکی بەرزەوە:

–لەوێ کردوویانە بەکچ، ئەگینا کاتێ لێرە دەرچووە، ژن بووە.

دەنگە ماندووەکە بەردەوام دەیوت:

–ئەمە خوێنەکەیەتی.

**پەیوەندیی ساسە بەدایک و باوکییەوە:**

باوکی (ساسە) فەرمانبەرەو دایکی ژنیماڵەوەیە، بەڵام خوێندەوارییشی هەیە. وەکو زۆربەی کارەکتەری چیرۆکەکانی (کاروان کاکەسوور) خەڵکی شارن. کەسانێکن رەنگە بەدەگمەن لەهەولێردا هەبن. بەتایبەتی ئەگەر ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگرین، کە چیرۆکەکە باسی لێوە دەکات. ئەگەر (شێرزاد حەسەن) توانیبێتی ناو هەولێر بکاتە ژینگەیەکی گرنگ بۆ کارەکتەرەکانی، ئەوە (کاروان کاکەسوور) توانیویەتی دڵەڕاوکێ و ئازارەکانی ئەو ژینگەیە، بەمانا شارستانییەکەی لەو کارەکتەرانەدا بەرجەستە بکات. لێرەدا شوێنیش بەقەدەر کارەکتەر بەفانتازیا کراوە. (ئیسماعیل حەمەئەمین) لەو گفتوگۆیەیدا، کە (توانا ئەمین) لەگەڵیدا کردووە و لەژمارە ١١٢ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاو کراوەتەوە، سەرسامیی خۆی لەئاستی ستایلی ئەو چیرۆکنووسەدا دەردەبڕێت و دەڵێت: (ئەو شارانەی کاروان کاکەسوور باسیان دەکات، ئەو گەراجی پاس و کۆڵانانەی ئەو کێشاوێتی لەچیرۆك و رۆمانەکانیدا، ئەو هەولێرەی ئەو لەنوسینەکانیدا باسی لێوە کردووە، تەواو جیاوازە لەهەقیقەتی شارەکان خۆیان، خۆ ئەگەر نەخشەی شاری هەولێر لەکاروانەوە وەربگرین، تەئکید بەلە هەولێر وندەبین،

ئەوە هەولێرێکە کاروان دەینەخشێنێت بەگێڕانەوەکانی، نەك ئەو هەولێرەی کە هەیە).

باوك كەسێكی رەشبینە. ئەو رەشبینییەشی بەندە بەو هەموو هۆشیارییەی لەبارەی ژیانەوە هەیەتی. ئەمە لەپاڵ زانیارییەکی زۆر لەبارەی دۆخی گەردوونەوە. (باوکیشت لەگەرما دەترسا.. هاوینان بۆ رەشبینترین مرۆڤ دەگۆڕا.. شەڕی بەدار و بەرد دەفرۆشت). هەر کاتێکیش وتوویەتی ئەو دنیایە لەناو دەچێت، ئەوا ژنەکەی تووڕە بووەو پێی وتووە:

–کوا بەسەر ئێمەدا بڕووخایە..!!

–بۆچی ئاوا مۆڕەم لێدەکەیت..؟! خەتای من چییە.. یاسای دووەمی دینامیکای گەرما ئاوا دەڵێت.

–ئینجا من چی لەو کیمیاو فیزیایەی تۆ تێدەگەم..!! هەر ئەوەندە دەزانم تۆ تەنها ئەو کتێبانەت خوێندۆتەوە، کە باس لەوێرانبوونی دنیا دەکەن.... هەموو قسەکانت هەر باسی تۆفان و بوومەلەرزەیە).

دایك لەیەكێك لەقسەكانیدا ئاوا لای (ساسە)ی كچی گلەیی لەمێردەكەی دەكات:

(جارێکیان بەو خوێندەوارییە شڕەی خۆم کتێبەکەم خوێندەوە، دەبینم ئەترەخاسیس بۆ رزگارکردنی خەڵك لەو تۆفانە، کەشتییەکی گەورەی دروستکردووە، بەڵام باوکت هەر بەلای ئەوەدا نەدەچوو)

باوك دەنگی رابردووەو دایك دەنگی ئێستاو ئاییندە، بەڵام هەردوو دەنگەکە پڕن لەترس و لەنیگەرانی:

(ئێستا من ئەگەر شتێکت پێت بڵێم، خێرا لێم تووڕە دەبێت.. ئەو باوکەی تۆ من چاکی دەناسم ساسە.. ئەوەی دەیڵێت، تەنها خۆپەرستییەو هیچی دی.. دەمەوێ چاك بزانی ساسە، ئەوە خۆپەرستییەو بڕایەوە.. ئەو دەیەوێت دنیا هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کە بۆ یەکەمینجار لەگەڕەکی جوولەکان بینیویەتی.. تا ئێستاش ئاخ و داخ بۆ ئەو رۆژگارە هەڵدەکێشێت، کە بەمنداڵی لەگەڵ باوکی مراویی کێوییان لەبناری قەڵات راو کردووە.. دەئاخر تەواو..!! وی..!! نەگۆماو

ماوەو نەچییتریش قازو مراوی بەئاسماندا هەڵدەفڕن.. ئەو کاتێ هەستدەکات شتەکان دەگۆڕێن، وادەزانێت تەمەنی بەسەر دەچێت و......).

### (ساسە) و (سەنیە خان):

وەکو گوتمان (سەنیە خان) پووری (دڵشاد)ەو لەبەغدا دەژی. ئەو کارەکتەرە ئەگەرچی بەڕواڵەت سادە دێتە بەرچاو، بەڵام لەناو ئەو سادەییەی خۆیدا خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتە. ئەگەر ئەو بەشێکی نەزانراوی ژیانی (ساسە)مان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەوە (ساسە)ش لەڕێگەی یادەوەرییەکی تەمومژاوییەوە پێمان دەڵێت، کە (سەنیە خان) لەڕۆژێکی زۆر ساردو سایەقەدا، هاوسەرەکەی کوژراوە یان لەسێدارە دراوە. ئەرکێکی گرنگی دیکەی ئەو کارەکتەرە ئەوەیە، کە لەڕێگەیەوە دەزانین (ساسە) لەکوردستان کەسی نەماوە، بۆیە هەردووکیان بەتەمان لەکۆنترین گەڕەکی هەولێردا پێکەوە ژیان بەسەر بەرن. ئەمەش هەمان ئەو بیرۆکەیەیە، کە (ساسە)ی چیرۆکنووس لەیەکەمین چیرۆکیدا پێیوایە مادام کۆچ و گەراژو جانتا دەسەڵاتی رەهایان بەسەر شتەکاندا هەیە، ئەوە تەمەن هیچ مانایەکی نییە.

تێبینی: خوێنەر دەتوانێت ئەو چیرۆکە لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (هەنار)ی (٢٠٠٦) یان لەسایتی (ماڵێك لەئاسمان)دا بخوێنێتەوە.

www.hemin.dk
sardarazizo@yahoo.com



# کات و مێژوو

**کامەران محەمەد**
**زانکۆی سلێمانی**

**ناتوانین باس لەچەمکی مێژوو بکەین ئەگەر تێڕوانینێکی ئاشکرامان دەربارەی چەمکی کات نەبێت، چونکە رووداوەکانی مێژوو لەمیانەی کاتدا دەخولێنەوەو چەمکی (کات)یش چەمکێکی ئاڵۆزەو لەلایەن مرۆڤەکانەوە چەندەها بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی لەبارەوە دەربڕاوە، ئەو ئاڵۆزییەش بەئەندازەیەك بووە کە کاتی لای مرۆڤەکان کردووەتە کێشە، بۆیە (کێشە)ی کات یەکێکە لەو کێشانەی لەسەرەتای (بیرکردنەوە)ی مرۆڤەوە بیری مرۆڤەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووەو کاریگەریی مەزنی کات لەسەر خۆی و جیهانی دەورووبەری سەرنجی راکێشاوە[١]، چونکە مرۆڤ لەنێو تێکڕای زیندەوەراندا تاکە بوونەوەرێکە مێژووی خۆی دروستدەکات[٢] و تاکە زیندەوەرێکە هۆشیاریی دەربارەی کات هەیە، بۆیە دەتوانێت لەجەدەلی نێوان کات و مێژوو تێبگات[٣].**

**جا ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەندە لەکات دەدوێین کە پەیوەندیی بەبابەتەکەمانەوە هەیە، واتە لەبەردەم کاتدا وەك ئیشکالییەتییەکی میتافیزیکی**

راناوەستین، بەڵکو هەوڵدەدەین تیشك بخەینەسەر ئەو لایەنانەی کە رۆڵی کات وەك رەگەزێکی بوونیادنەرانەی مێژوو دەخەنەڕوو.

**مرۆڤ و کات:**

مرۆڤ خاوەن هەستی یادەوەری (الذاكرة)و درکپێکردن (الادراك) و پێشبینیکردن (التوقع)ەوە لەنێو تۆڕێکدا ژیانی خۆی رێکدەخات کە لەڕابردوو و ئێستاو داهاتوو پێکهاتووە، واتە کات پێکدێت لە: رابردوویەك کە یاد دەکرێتەوەو لەئێستایەك کە هەست و درکی پێدەکرێت و لەداهاتوویەك کە پێشبینی دەکرێت[٤].

ئەو هەستەکاتی (الحس الزمني)یە بۆ شارستانێتییە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە، مرۆڤی نیاندەرتاڵ نزیکەی (٥٠,٠٠٠ساڵ پێش زایین) گەیشتووەتە ئەو قایلبوونەی کە مردووەکانی بنێژێت (ئەوەش گیانلەبەرێکی دیکە ئەنجامی نادات)، ئەو بارە ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت کە ئەو مرۆڤانە بیریان لەجۆرە بوونێکی بەردەوامی ئەو کۆچکردووانە کردووەتەوە، هەر لەچاخی بەردینی کۆنەوە (٣٥,٠٠٠ ساڵ پێش زایین) پێداویستییەکانی ژیانی داهاتوویان لەخۆراك و ئامرازو چەك لەپاڵ لاشەی مردووە نێژراوەکەوە داناوە.

تەنانەت قوربانیکردنی ئاییني و رازیکردنی خوداوەند لەلایەن مرۆڤەوە هەوڵدانێك بووە بۆ ئەوەی هۆکارەکانی سەرفرازبوونی داهاتوو مسۆگەر بکات، جا شارەزایی رۆژانە دەربارەی لەدایکبوون و ژیان و مردن، بەتایبەت نهێنی مردن و ترسناکییەکەی مرۆڤی هانداوە بۆ ئەوەی باوەڕ بەجیهانێك بهێنێت کە لێوانلێوە لەگیان و دەروونی مردووەکان[٥].

بێگومان بیرۆکەی (کات) و (مێژوو) لەسروشتی (فطرة)ی مرۆڤدا بنەڕەتیی نین، منداڵی تازە لەدایکبووی شیرەخۆرە کە لەئێستادا بەتەنیا دەژی، رابردووی لەبیرچووەتەوەو رێگەیەکیش نییە بۆ پێشبینیکردنی هاتووە.

تێگەیشتنی مرۆڤ دەربارەی کات مێژووی هەیەو بەپێی شارستانییەتییەکان تایبەتمەندی جیامەندی خۆیان هەیە، جا تێگەیشتنمان لەو راستییە بەرهەمی هەستی تایبەتیمانە بەمێژوو و بەو ژیانەی لەسەردەمی رێژەییدا دەیگوزەرێنین.

لێرەوە جێی خۆیەتی کە بپرسین چۆن تێگەیشتنی مرۆڤ دەربارەی کات لەدایکبوو و پەرەی سەند[٦]؟

**رێژەییبوونی کات:**

لەنەسازییەکی دیاردا لەگەڵ رۆژئاوای نوێ، زۆرینەی شارستانیەتییەکانی دیکەی مێژوو پیشەسازی یان تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو یاخود ئامێر تەحەکومی بەکاروانی بەرەوپێشچوونیانەوە نەکردووە، بەڵکو پێوەرو تەرازووی ژیانیان (مرۆیی)یەکی رووت بووە.

لەشارستانییەتییەکی لەو جۆرەدا واتاکانی کات بەپێی پێداویستییەکانی مرۆڤ دیاریدەکرێن، واتە زۆرینەی کۆمەڵگەکان بیرۆکەیەکی ئەوتۆیان تەنانەت ناڕۆشنیشییان بۆ بەکارهێنانی جۆری کاتی دابەشکراو بۆ (کاتژمێرەکان) بەو شێوە رەهاو یەکگرتوو و گشتییە لانەبووە کە ئەمڕۆ ئێمە بەکاری دێنین.

بەدەگمەن دەبینین خەڵکی کۆمەڵگە دەشتەکییەکان لەکاتی باسکردنی تەمەنیاندا لەساڵ بدوێن، تەنانەت تۆمارکردنی تەمەن بەژمارە پێش چوونە نێو جیهانی بیرۆکراتی و سیستمی تۆمارکردنی گشتیی لەدایکبوون و مردن شتێکی گرنگ نەبووە.

بەوشێوەیە کۆمەڵگە تەقلیدییەکان زۆربەی کات رووداوەکان بەگوێرەیی و هەرەمەکی کات لەڕابردوودا دادەنێن، لەبەرئەوەی دەلالەتە مرۆییەکانی کات واتای شتێکی زیاتر لەژمارە بەتەنیا ناگەیەنێت[٧].

لەم روانگەیەوە دەشێت پێوانەی کات بەپێوەری مرۆیی ناڕەهایی پێوانە بکرێت، بۆ نموونە دانیشتووانی دورگەی (تروپویاند) کە دەکەوێتە دەروبەری غینیای نوێوە، مێژووی رووداوەکان بەشێوەی ئەو رووداوە لەکاتی لەدایکبوونی (س)دا روویدا، یاخود لەکاتی ژنهێنانی (س)دا دادەنێن، زۆر لەکۆمەڵگەکانی مێژووی خۆیان لەو ساڵە جیاکردووەتەوە کە سەرۆکەکانیان جڵەوی دەسەڵاتیان

گرتووەتـە دەسـت، رۆمـەكان ژمـارەی سـاڵەكانیان بەدەسـتپێكردنی مێـژووی دامەزراندنی شارەكەیان دەستپێدەكات، خەڵكیی تائێستاش ساڵەكانی ژیانیان بەپێی ساڵی تەمەنیان كە گوزەراندوویانە دابەشنەكردووە، بەڵكو بەپێی قۆناغە بایۆلۆجییـەكانی ژیـان و شـوێنی كۆمەڵایـەتییان دابەشـكردووە، هـەروەك دەگوترێت كاتێك كە منداڵ یاخود لاو بووم، یان كاتێك لەتەمەنی ژنهێنان یاخود سەرۆكیدا بووم[٨].

**پۆلێنكردنی كات**

بێگومان وەك پێشتر بۆمان دەركەوت، ئەو هزرانەی دەربارەی كات لەئارادان جیهانی و یەكگرتوونین، چونكە هەموو زمانە جیاوازەكان و شارستانیەتییە جۆراوجۆرەكان رێگەی جیامەندیی خۆیان هەیە بۆ وێناكردنی كات، بۆیە نامۆنییە ئەگەر خۆمان لەبەردەم پێناسەگەلێكی جۆراوجۆری كاتدا ببینینەوە.

(كات) و (هەستپێكردن)ی كات شتێكی رێژەییە، بۆ نموونە ئەگەر چاودێریی پیاوێك بكەین كە لەرێگەی ئامێرەكەیەوە دەڕوانێتە كەشتییەكی ئاسمانی و یەكێكیتر شەوی لەپاسەوانیكردنی ماڵێكدا بەسەردەبات و سێیەم لەزیندانێكی تاكەكەسیداو چوارەم لەچاوەڕوانی خۆشەویستەكەیداو پێنجەم لەژووری نەشتەرگەریدایە، جا ئەگەر لەهەر كەسێكیان بپرسین چ هەستێكی بەرامبەر بەكات و تێپەڕبوونی كات هەیە، ئەوا جیاوازییەكی بنەڕەتی لەهەستی هەریەكێكیاندا بەرامبەر بەتێپەڕبوونی كات بەدی دەكەین[٩].

هەروەها دەشێت لاشەی مرۆڤ بۆ پێوانەكردنی تێكڕای كات بەكاربهێنرێت، وەك لێدانی دڵ، هەناسەدان، (لەچاوتروكانێكدا)، رەنگە لەڕۆژی كاركردن یاخود نەخۆشیدا تێبینی درێژی رۆژ بكرێت، یاخود درێژیی رێگەیەك یان گەشتێك، ئەمە نەك لەو روانگەوە مرۆڤ (هەست) بەدووری و ماندووبوونی ماوەكەی دەكات، بێگومان ئەمە شێوازی كەسێتییانەی كات دەردەخات.

هەندێجاریش (كات) واتای كۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت و مەشخەڵەكانی كات لەسایەی ئاهەنگ و سروت و جەژن و كاتی رۆژووگرتن و بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا دیاریدەكرێن، ئەو بۆنانەش هەڵدەستن بەفێركردن و یادخستنەوەو بەهێزكردنی

پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە لەخولی کارکردنیداو وەرزەکانی چاندن و دروێنەو راوکردن و کۆچکردن.. هتد دیاریدەکەن[١٠]. بۆ نموونە رۆژی نەورۆز بووەتە چەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردو هەموو ساڵێك کوردەکان بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە خۆیانی بۆ ئامادەدەکەن و تێیدا ئاهەنگدەگێڕن و کردوویانەتە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی ساڵی نوێ، لێرەدا بەئاشکرا دەست لەملانێی (کات) و (بۆنە کۆمەڵایەتییەکان) بەدیدەکەین، بۆیە کات (ایقاع)ی کۆمەڵایەتی هەیە.

بێگومان سروشت و گۆڕانکارییە سروشتییەکانیش کاریگەرییەکی گرنگیان بەسەر کاتەوە هەیە، بۆ نموونە کۆمەڵگە دەشتەکییەکان وادەڕواننە کاتی درێژبوونەوەی نێوان کازیوەو زەردەپەڕ کەوا یەکلاکەرەوەیە، هەر لەبەرئەو هۆکارە رۆمەکان سیستمی (کاتژمێری کاتی)یان داناوە، کە ژمارەیەکی دیاریکراو کاتژمێری لەخۆ دەگرت و (بەکاتژمێربوو) کۆمەڵەیەکی دیکەشیان بۆ کاتژمێرەکانی تاریکی واتە شەو دانا، بەمشێوەیە کاتژمێرەکان لەهاویندا درێژتر بوون وەك لەزستان و کاتژمێرە شەوانییەکانی زستانیش درێژتربوون لەوانەی هاوین، واتە کاتژمێرەکانی رۆژو شەو لەدرێژیدا یەکسان نەبوون، تەنیا لەهەردوو وەرزی هاوسەهەنگی (بەهارو پاییز)دا نەبێت[١١].

بێگومان بەدوایەکداهاتنی وەرزەکانیش هەمان گرنگییان هەبوو، سروشتی بوو کە ماهییەتی وەرزەکان ئەزموونێکی جیاواز بنوێنێت، بۆنموونە ئەوروپییەکانی نیشتەجێی ناوچە مامناوەندەکان وەرزەکانی (بەهار، هاوین، پاییز، زستان) دەناسن و (ئەسکیمۆ)کانیش پێنج وەرز لەساڵێکدا دەژمێرن، یاخود لای خێڵەکانی (نویر) لەباشووری بیابانی ئەفریقی ساڵ بۆ دوو وەرزی سەرەکی دابەشدەکەن، وەرزی باران و وشکە وەرز، یان لای ئەو هیندییە ئەمریکییانەی کە بەدانیشتووانی هەڵدێرەکانی رووبار* ناسراون و لەزمانیاندا ئاماژە بۆ شەش وەرز دەکەن.

هەروەها ئەو شارستانێتییانەی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ سروشتدا هەیە، بەشێوەیەکی لەخۆوە (تلقائی) دیاردە سروشتییەکان بۆ وادە درێژەکانی

کات بەکاردێنن، بێگومان مانگ پێوەری خولانەوەی مانگ و ساڵیش پێوەری خولانەوەی خۆرە[١٢]. ئەمەش بەکاتی سروشتی (ئایکۆلۆژی) ناوزەددەکرێت.

هەروەها کات بۆ رەهاو رێژەیی یاخود بابەتی و خودیش دابەشدەکرێت:

کاتی رەها ئەو کاتە راستەقینە ماتماتیکییەیە کە پشت ئەستوور بەخۆی وەستاوەو سروشتێکە جیامەندی هەیە، بەبێ گەڕانەوە بۆ شتێکی دەرەکی و بەگشتی و جێگیری لێیدەڕوات، هەروەها بەناوی (ماوە)وە ناوزەد دەکرێت[١٣].

بەپێی گوتەی (ئیسحاق بارو – Isdaac Barrow)یش: (ئەگەر شتەکان لەشوێنی خۆیاندا بجوڵێن یاخود جێگیربن و ئەگەر بخەوین یاخود بەخەربەربین ئەوا کات دەگەڕێتەوە بۆ ئیقاعە گشتییەکەی)[١٤].

دیارە مەزنترین هاندەریش بۆ بینینی کات وەك رەهەندێکی بابەتیی رەهای بنەڕەتی، پێشکەوتنی کاتژمێرە، بۆیە کاتژمێر شۆڕشێکی لە (هەستپێکردنی مرۆڤ بەکات) بەرپاکرد، چونکە حسابکردنی خودی بۆکات شاردەوە، مەبەستمان بڕیاردانە بەسەر کاتدا بەوەی مرۆڤ لەکاردا بەدەستی دێنێت و هەستکردن بەماندووبوون و بەو سیفەتەی (درێژترەو کورتترە)، بۆئەوەی خولەکەکانی کاتژمێر بابەتی جێگیری بگرێتەوە کە بەزەیی بەکەسدا نایەتەوەو یەکگرتووەو بەیەك هێڵدا دەڕوات.

لێرەوە پێوەرە کۆنەکانی کات وەك لێدانی دڵ و هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆرو کاتژمێری ئاوی، کە لەسەر ئیقاعەکانی مرۆڤ یاخود سروشت دامەزرابوون، وەلانراون و کاتژمێرەکان بوونە پێوەری ئەو ئیقاعانە، هەر بەویش دەتوانرێت کاتی خۆرو تێکڕای لێدانی دڵ دیاریبکرێت، بەمشێوەیە لەگەڵ کاتژمێردا کات بووە رەهەندێکی بابەتی نەك کەسی[١٥].

بەپێچەوانەی کاتی رەها یاخود بابەتییەوە کاتی رێژەیی یاخود خودی دەبینین، کە رووکەشی و گشتییە، پێوەرێکی هەستی (حسی) دەرەکییە بۆ هەر ماوەیەك بەهۆی جووڵەوە، ئەوە ئەو کاتەیە کە لەژیانی ئاسایی لەشێوەی رۆژو مانگ و ساڵدا بەکاردەهێنرێت، رەنگە وردبێت و رەنگە یەکسان و گشتیی نەبێت، لەفەلەکدا بۆ پێوانەکردنی جووڵەی تەنە ئاسمانییەکان بەکاردێت،

لەبەرئەوەی كاتی فەلەكناسەكان بەجووڵەوە بەستراوەتەوە، ئەمە لەكاتێكدا كاتی رەها، وەك ئاماژەمان پێكرد، بەهیچ جووڵەیەكەوە نەبەستراوەتەوە[١٦].

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەوە بڵێین كە بۆ یەكەمجار نیوتن هەستا بەپۆلێنكردنی كات بۆ (رەهاو رێژەیی).

لەبەرامبەر (نیوتن)ەوە (لیبنتس) بڕیاریدا كە كات سیستمی بەدوایەكدا هاتنە، بۆیە كات ناوەستێت بەو پەیوەندییەی لەنێوان شتە بەدوایەكدا هاتووەكاندا هەن، واتە ئەو شوێنكەوتەی شتەكانە، نەك پێشەنگ بێت[١٧].

لای (كانت)یش وێنەیەكی سەرەتایی (اولیە) بەشێوەیەكی راستەوخۆ بۆ هەستیارێتی ناوەكی (الحساسیە الداخلیە)و بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ بۆ هەستیارێتیی دەرەكی دەگەڕێتەوە، هەموو هەستێك حەدەسێكی دەروونییەو شوێنی لەكاتدا هەیە[١٨].

بەلای (برجسون)یشەوە كات گۆڕانێكی بەردەوامی پێكەوە گرێدراوە كە لەگەڵیدا ئێستا دەبێتە رابردوو، واتە كات بەبەردەوامییەوە پەیوەستە[١٩].

هەروەها (عەبدولڕەحمان بەدەوی)ش پێیوایە كات لەجەوهەردا چۆنیەتییەكی پاڵفتە (حالص)یە، هیچ شتێك لەڕێساكانی چەند (الكم)ی بەسەردا جێبەجێناكرێت، واتە دەربارەی ساتە یەك لەدوایەكەكان ناوترێت ئەوەیە یەكێكە یاخود زیاتر، لەبەرئەوەی هیچ گونجانێك لەنێوان بەشەكانیدا نییەو بێگومان هەموو ساتێك لەساتەكانی دیكە جیاوازییەكی تەواویان لەنێواندایە، جا ئەوە بوونێكی بێچەندێتییەو گونجانێكی پاڵفتە نییە[٢٠].

**كات و مێژوو:**

تێكڕای كۆمەڵگەكان تێڕوانینی تایبەتییان دەربارەی كاتی رابردوو یاخود پێشینەكانیان هەبوو، لای گریكەكان تیۆری گەردوون و خراپەكاری دووبارەبووەوەی هەتاهەتایی هەبووە. ئەوان بەلایانەوە كات دوژمنی مرۆڤ بوو، مێژوو خراپە بڵاودەكاتەوەو گەردوونیش بەبێكۆتایی دووبارەدەبێتەوە، ژیانی مرۆڤایەتیش دەسەڵاتێكی بەهێز تەحەكومی پێوەدەكات، كە هەگیز ناتوانێت

لێیدەرباز بێت، ئەوەش داستانێکە کە کۆتاییەکەی بەختیاریی تێدا نییە، یاخود بەگوزارشتێکی راستتر بێکۆتاییە[٢١].

هەروەها پێناسەی گشتیی باوی (کات) لای گریکەکانی پێش ئەرستۆ بریتی بوو لە:

١.پەیوەستبوونی کات بەجووڵەوە.

٢.کات ئەندازە، واتە ژمارەی جووڵەیە نەك خودی جووڵە.

٣.کات هەرچەندە ئەندازەو پێوەری جووڵەیە، هاوکات ئەویش بەجووڵە پێوانە دەکرێت.

٤.ئەو جووڵەیەی کە پێوانەی پێدەکرێت جووڵەی گشتیی گەردوونە.

٥.کات سەرچاوەی بوون و خراپەکارییە، دواتر هێزێکی کاریگەرە نەك شتێکی خراپ.

٦.کات وەستاو نییەو بەدەروونی مرۆڤایەتییەوە نەبەستراوەتەوە، هەرچەندە بەدەروونێکی زیندووەوە کە دوورنێکی هەمووەکی (النفس الکلی) بەستراوەتەوە[٢٢].

(ئەرستۆ)ش بەبەستنەوەی کات بەجووڵەوە دەستپێدەکات و دەڵێت: (بێگومان کات بەبێ جووڵە یاخود گۆڕان بەشێوەیەکی گشتی بوونی نییە، بۆیە کاتێك ئێمە هەست بەگۆڕینی یاخود جووڵە ناکەین ئەوا هەست بەتێپەڕبوونی کات ناکەین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کات جووڵەیە، لەبەرئەوەی جووڵە یاخود گۆڕانی شتێك ئەو بەتەنیا لەخودی ئەو شتەدایە یاخود شتەکە لەشوێنێکدا جوولاو یاخود گۆڕاو دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا کات لەهەموو شوێن و هەموو شتێکدا هەیە، بەگوزارشتێکی دیکە کات بۆ جووڵە هەندەکییەکان (الجزئی) ملکەچ ناکات، بەڵکو ئەو هەمووەکییە، بەڵگەیەکیتر ئەوەیە کە (هەموو گۆڕانێك خێرا یاخود هێواشە، بەڵام کات بەو شێوەیە نییە، لەبەرئەوەی خاوی و خێرایی (کات) دیارییان دەکات: خێرا ئەوەیە لەکاتێکی کەمدا زۆر دەجووڵێت، بەڵام کات بەکات دارێناکرێت، جا ئەگەر لەسەر بنەڕەتی (چەند) یاخود (چۆن)

بێت، واتای سەلماندنی دووەم ئەوە دەگەیەنێت کە کات ڕێکخراوێکی بەدوایەکدا هاتووە، لەبەر ئەوە جووڵەی پێ پێوانە دەکرێت[٢٣].

تەنانەت هەمان جیهانبینی لای مێژوونووسانێکی وەك (توکیدیدیس-Thuch didest)و (سالوست-sallust)و (تاسیتۆس- Tacitus) بەدی دەکەین.

هەر بۆیە ئامانجی زۆرینەی مێژوونووسان لەجیهانی یۆنانی-ڕۆمانیدا بریتیبوو لەفێرکردنی سیاسەت بەنموونەهێنانەوەی واقیعی، جا مێژوونووسانێکی وەك (بولیبیوس) باوەڕییانوابوو کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لەنێو چەند خولێکدا دەجولێت و مرۆڤایەتیش سروشتێکی نەگۆڕی هەیە، کاتێك پەنایان بۆ رابردووش دەبرد بۆئەوە بوو لەپێناو ئێستادا وانەی لێدەربهێنن[٢٤].

لێرەدا فەلسەفەی گریکی جێدێڵێن و بەمەسیحێتی دەگەین، کە وێنەیەکی تەواو جیاوازمان پیشاندەدات، مەسیحێتی ئەو بۆچوونە جوولەکەییەی کە پێیوایە (کات بەدوایەکدا هاتوویەکی هەمیشەیی)یەی وەرگرت و پەرەی پێدا[٢٥].

باوەڕبوون بەوەی کە خودا کاتی بەدیهێناوە شۆڕشێکی لەتێگەیشتنی خودی تاکدا بەرپاکرد، چونکە لێرەوە کات بەبێ کۆتایی و چەند خولێکی دووبارەبووەی ڕووداوەکان نەمایەوە، بەڵکو بووە یەك ڕەهەندییەکی گشتی بەدوایەکدا هاتووی بێوێنە، کە گەڕانەوەی تێدا نەبوو، بۆیە بووە هێڵێکی ڕاست کە کاروانی مرۆڤایەتی لەچرکەساتی یەکەم هەڵەوە بۆ پەشیمانبوونەوەی کۆتایی دیاریدەکرد[٢٦].

لێرەدا مرۆڤایەتی لەدەستپێکی بووندا ژیانێکی زێڕینی لەبەهەشتی پڕنازو نیعمەتدا هەبوو، ئەو ژیانەش خودای تەنیا بەدیهێنابوو، (نەك لەبەدیهێنانی پاڵەوانەکانی ئەفسانە گریکییەکان بێت) دواتر لەبەهەشت دابەزین و نەگبەتی مرۆڤ دەستی پێکرد، بەڵام مەسیحێتی دەرگای ئومێد (رجاء)ی کردەوە، بۆیە پەیامی مەسیحێتی بۆ زەحمەتکێش و مەحرومەکان و تێکڕای خەڵکی بوو.

لێرەوە جیهانێکی بێئومێدیی داماوی سڕییەوەو جیهانێکی تری دامەزراند کە ئومێدو هیوا باڵی بەسەردا کێشابوو.

هەروەها بوونی تاك لەژیاندا بەهاو واتای بەدەستهێناو ئەوەشی فێرکرد کە کۆتـایی هەیـەو خـودا لـەنێوان بەدیهێنراوەکانیـدا دادوەری دەکـات، بۆیـە خراپەکاران سزا دەدرێن و چاکەکاران پاداشت دەکرێن.

بەوشـێوەیە مەسـیحێتی، مرۆڤایـەتی لەکۆتـەکانی چۆکدادان و کۆیلایـەتیی دووبارەبوونەوە رزگارکرد، کە بتپەرستی بەدەوریدا ئالاندبوو(٢٧).

(ئۆگـستین)یـش وەك مـەزنترین فەیلەسـوف مەسـیحی چـەند لاپەڕەیـەکی پرسـنگداری کتێبەکـەی (دانپیدانانـەکان)ی بـۆ کێـشەی (کـات) تـەرخانکردووە، بۆیـە لەگـەڵ خۆیـدا دەدوێـت، دەڵێـت: (وا دەزانم کـات درێژبوونەوەیـە، بـەڵام درێژبوونـەوەی چی؟ نازانم! ئایا درێژبوونـەوەی گیانـە؟ -بەڕاستی چی پێوانـە بکـەم؟ خوایـە! کاتێـك دەڵـێم بـۆ نموونـە: ئـەو کاتـە درێـژترە لـەکاتێکی تـر، بەشێوەیەکی گشتی یاخود بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەم کاتە دوو ئەوەندەی ئەوی ترە؟ ئەوا من کات دەپێوم، ئەوە دەزانم، بەڵام داهاتوو ناپێوم، لەبەرئەوەی هێشتا نەهاتووەو ئێستاش لەبەرئەوەی وادەی هاتووە واتە بەش بەش ناکرێت و درێژ ناکرێتەوە)، رابردووش لەبەرئەوەی هێشتا ئامادە نییە. جائیتر چی پێوانە بکەم؟ بێگومان ئەوەم گوت: ئەوە ئەو کاتە نییە کە بەسەر چووە، بەڵام ئەو کاتەیە کە دەڕوات واتە پێوانەی کات کردارییە (عملی) بەو پێیەی کردارێکەو لەدەمێکدا دەڕوات، لەبەرئەوە کات بوونێکی نییە، تەنیا ئەگەر لەدەروونـدا کاریگەرییەکی بەردوامی هەبێت(٢٨).

لێرەوە (ئۆگستین) ئەو بووچوونە رەتدەکاتەوە کە باوەڕی بەبەدوایەکداهاتنی خولی لەمێژوودا هەیە، ئەو وادەبینێت رووداوەکانی مێژوو بەیـەك هێڵـی راسـتدا تێدەپـەڕن، لەسـەرەتاوە بـەدیهێنانی ئـادەم بـە (دەسـپێکی مێـژوو) دادەنێـت و کۆتاییەکەشی بەڕۆژی دوایی (کۆتایی مێژوو) دێنێت، ئەو لـەم کاروانـەدا حـەوت قۆنـاغی سـەرەکی جیادەکاتـەوە، کـە هەریەکـەیان تایبەتمەنـدیی خۆیـان هەیـەو دووبارەنابنەوە، ئەوانیش پێکهاتوون لە:

١.لەئادەمەوە بۆ لافاوی سەردەمی نوح.

٢.لەلافاوەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم.

٣.لەئیبراهیمەوە بۆ داود.

٤.لەدواودەوە بۆ بەدیلگرتنی جوولەکەکان لەبابل.

٥.لەدیلێتی جوولەکەوە بۆ لەدایکبوونی مەسیح.

٦.سەردەمی ئێستا (کەتێیدا دەژین) کە تاڕۆژی دوایی بەدەوام دەبێت.

٧.هاتنی مەملەکوتی مەسیح قۆناغی کۆتاییە. (لەو قۆناغەدا خود پشوودەدات هەروەك لەڕۆژی حەوتەمدا ئیسراحەتمان پێدەبەخشێت)[٢٩].

لەسەردەمی رێنیسانس و چاکسازیی ئایینیشدا بیرمەندان بینییان کە کۆمەڵگەی نوێ لەڕووی بنەما یاساییەکانییەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئیمبراتۆریەتی رۆماندا هەیە کە (یاسای جوستینان– Justinian Code) بەڕێوەی دەبرد، بەو شێوەیە یاسای رۆمانی بەبەرفراوانییەکی زۆرەوە دۆزی کۆیلایەتی لەخۆگرتبوو کە بۆ ئەوروپای سەدەی شانزەیەم نەناسرابوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی موڵکایەتی فیودالی و رێککەوتنە بازرگانییە بڵاوەکانی ئابووری نوێی نەکردبوو، هەروەك پرۆتستانتە سەرەتاییەکانیش بینییان کە ئەو پەرستشەی مەسیحییە هاوچەرخەکان ئەنجامیدەدەن زۆر جیاوازە لەپەرستنی کڵێسەی مەسیحی سەرەتایی[٣٠].

فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم تێبینی ئەوەیان کردبوو کە لێکدانەوەی مەسیحێتی دەستی بەسەر ژیانیاندا گرتووەو بێهودەییە ئەگەر رووبەڕووی ببنەوە مەگەر بەبیرکردنەوەیەکی دیکەی داتاشراو لەهەمان سەرچاوەکەیەوە نەبێت، واتاکان وەك پیاوان جەنگ لەنێوانیاندا روونادات مەگەر لەسەریەك رووبەڕووببنەوەو بەریەك بکەون و پێکدابکێشت، لەبەرئەوە دەبینین لەلایەن خۆیانەوە کار بۆ ئامادەکردنی جیهانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی دەکەن، ئەو جیهانە باشەشە لەداهاتوودا دەبێت. بۆیە (ئێستا) لەتەواوێتی (الکمال)یەوە دوورە هەروەها بەهەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ نەبێت بۆ چاکسازییەکی گشتی ئەوا بەدی نایەت، ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش لەسەر وابەستەیی هەوڵی ئێستاو داهاتووی نەوەکان راوەستاوە، واتە رابردوو پشکی هەیە لەبنیاتنانی هزری ئێستادا.

(فرەنسیس بیکۆن) یەکێکە لەو بیرمەندە پێشنانەی کە زوو گەیشتە بیرۆکەی پێکەوە گرێدراوی نەوەکان (اتصال الاجیال). هەروەك (باسکاڵ)یش یەکێکە لەوان و بەم دەربڕینە گوزارشت لەو بیرۆکەیە دەکات: (دەبێت تێکڕای نەوەکانی مرۆڤ کە بەدوای یەکدا هاتوون بەتێپەڕبوونی سەردەمەکان وەك تاکە مرۆڤێك دابنێین، کە هەرگیز نامرێت و بەردەوام فێربوونی زیاد دەکات)[٣١].

**ڕەهەندەکانی کات:**

ئاڵۆزی کات لەسروشتی خودی کاتداو لەو ڕوانگەیەوە دروستبووە کە هەمیشە لێی دەڕوات، ئەو بەشانەی کات پێکدێنێت- وەك ئەرستۆ تێبینی کردووە- یەکێکیان ڕۆیشتووەو ئێستا ئامادەیی نییە، دووەمیشیان هێشتا نەهاتووە، سێیەمیشیان ناتوانێت دەستی پێوەبگرێت: بۆ بەشەکانی سێ (نەبوون)ن، ئەوەش کە لەنەبوو پێکبێت ئەستەمە بتوانێت لەبووندا بەشداری بکات[٣٢].

لێرەوە دەتوانین سێ ڕەهەندی کات دەستنیشان بکەین، ئەوانیش: (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ن.

(ئۆگستین) سێ ڕەهەندەکەی کات بۆ سێ باری دەروون دەگێڕێتەوە، ئەو بارانەش: یادەوەری (ڕابردوو)و بەئاگابوون (ئێستا)و پێشبینیکردنی (داهاتوو)ن، کێ دەتوانێت بڵێت: داهاتوو لەدەروونیدا نایەت، ئەگەر لەدووندا پێشبینیکردنی داهاتوو هەبێت؟ بەهەمانشێوە کێ دەتوانێت بڵێت: ڕابردوو هێشتا ئامادە نییە، لەکاتێکدا یادەوەری یادی ڕابردووی تێدایە؟ هەروەها کێ دەتوانێت بڵێت: ئێستا شوێنی نییە، لەبەرئەوەی بەخاڵێکدا تێدەپەڕێت کە شایانی دابەشکردن نییە، ئەگەر بەئاگابوون تێیدا دەڕوات و دەبێتە ئێستا؟ داهاتوو درێژ نییە لەبەرئەوەی ئامادەنییە، بەڵکو درێژ پێشبینیکردنی داهاتووە، ڕابردووش درێژ نییە، چونکە ئێستا بوونی نییە، بەڵکو درێژ یادەوەریی ڕابردووە[٣٣].

ئەوەش دوو واتا دەبەخشێت: یەکەمیان کات دانامەزرێت تەنیا بەدەروون (نفس) نەبێت، دووەم، کات لەڕەهەندگەلێك پێکنەهاتووە کە شایانی دابەشکردن

نەبێت، بەڵکو ماوەیەکی پێکەوە گرێدراوە، بۆیە مۆرکی بنەڕەتی کاتیش ماوەو لەبەردەوامیدایە[٣٤].

لێرەوە کاتی ئێستا خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو ڕەهەندەکەی دیکەی کاتە کە ڕابردوو و داهاتووە[٣٥]. بۆیە هەموو چرکەیەك لەئەزموون بەو پێیەی گواستنەوەیەکە لەنێوان دوو جیهاندا، ڕابردووی هاوڕێ و داهاتووی هاوڕێ گوزارشت لەخۆی دەکات[٣٦].

بێگومان دابەشکردنی کات بۆ ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو کارێکی ڕێژەییە، واتە سەبارەت بەمرۆڤ بەتەنیا، بەڵام سەبارەت بەکاتی ڕەها ئەوا ئەو سنوورانە لەکوێدان کە جیاوازی لەنێوان ئەوەدا دەکات کە ناومان لێناوە ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو؟

ئەو ڕابردووە کامەیە سەبارەت بەئێمە لەکاتێکدا هەنووکەیی بووە بۆ هاوسەردەمەکانی پێش ئێمە؟ هاوکات ئەوە داهاتووبووە سەبارەت بەوانەی پێش خۆی، تەنانەت ئەو ئێستایەی کە ئێمە ژیانی تێدا دەگوزەرێنین، ئەوا سبەینێ هەر بۆ ئێمە دەبێتە ڕابردوو، داهاتووی نادیاریش دەبێتە ڕابردوو سەبارەت بەوانەی کەمردن مۆڵەتی ژیانیان پێدەبەخشێت و بەهەموو ئەوانەش کە لەدوای ئێمەوە دێن[٣٧].

ڕابردوو بەبەسەرچوونی کاتەکەی تێناپەڕێت و بەکۆتاییهاتنی دەمەکانی کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو بەزیندویی و کاریگەر لەژیانماندا دەمێنێتەوە، چونکە (ڕابردوو) بوونێکی بابەتی هەیە لە(ئێستا)دا، کە لە(داهاتوو)ی دواوەی خۆی حەشاردراوە[٣٨].

هەروەك چۆن ئێمە منداڵیمان لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین کاتێك دەبینە لاو و بەو شێوەیە تاکۆتایی تەمەن، بەهەمانشێوە مرۆڤایەتیش لەکاروانی بەردەوامیدا ڕابردووی بۆ ئێستای هەڵدەگرێت و ڕابردوو و ئێستاشی بۆ داهاتووی هەڵدەگرێت، هیچ شتێك لەئەزموونەکانی نامرێت و لەناو ناچێت[٣٩].

دواتر ئێمە کە بەوردی لەڕاستیی مێژوویی رادەمێنین، دەبینین دابەشبوونی کاتی ناناسێت، بۆیە لێرەدا رابردوو ئێستاو داهاتوو نییە، بەڵکو کاتێکی گەڕۆك و ئەزموونگەلێکی بەدوایەکداهاتوو دەبێت.

لەم سەروبەندەوە، ئێستا ئەو وێنەیەیە کە رابردوو لەڕۆشتندا لەگەڵ کاتدا پێی گەیشتووە، هەر بۆیە هەندێك لەزاناکان پێیانوایە مێژوو سیاسیەتی رابردووە (History is past polotics) رەنگە ئەوە وتەیەکی راستبێت ئەگەر بێژەی سیاسەت بریتیبێت لەوەی کە کۆمەڵە هەوڵدانێکە نەتەوەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان و رێکخستنی لەگەڵ کاروباری نەتەوەکانی دیکەدا دەیدەن.

لەو سەروبەندەوە دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئێستا مێژووی هاوچەرخە لەکاتێکدا مێژووی داهاتوو ئەمڕۆ بەبێژەی (پلان) گوزارشتی لێدەکەن، جا کاتێك ئێمە پلانی داهاتوو دادەڕێژین، ئەوا وێنەی هێڵەکانی مێژووی ئایندەمان دەکێشین، بۆیە کاتێك پلانێکی پێنج ساڵی دادەنێین ئەوا بەلای کەمەوە ئەو رەوتەی کەپێویستە لەئاییندە بیگرینەبەر دەنووسینەوە(٤٠).

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین لەخودی رابردوودا داهاتوو هەیەو داهاتووش لەدەرەوەی رابردووە، لەهەمانکاتدا لەخودی خۆیدا رابردوو لەخۆ دەگرێت، هەمان شتیش دەربارەی پەیوەندیی ئێستا بەڕابردوو و داهاتووەوە پێکەوە دەوترێت، بۆیە هەموو ساتێك کاتی ئەو سیانە ئەوانی تر لەخۆدەگرێت.

## پەراوێزو سەر چاوەکان:

(١) عبدالرحمن بدوي: موسوعة الفلسفة، الجزء الاول، منشورات ذوي القربى، الطبعة الاولى، قم، ١٤٢٧هـ، ل٥٥٥.

(٢) **کامەران محەمەد: ڤیگۆو فەلسەفەی مێژوو (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری-رەخنەییە)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٩٧.**

(٣) عطيات ابو السعيد: **الوعى التأريخي بين** الماضي و **المستقبل** (النهضة الاوربية نموذجا)، **مجله عالم الفكر، العدد الرابع، المجلد ٢٩، المجلس** الوطني الثقافة و الفنون و **الاداب — الكويت**، ٢٠٠١، ل٨٦.

(٤) **كارل ل.بيكر**: المدينة الفاضلة عند فلاسفة القرن الثامن عشر، الترجمة: محمد شفيق **غريال**، المجلس الاعلي للثقافة، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٥، ل٣٦.

(٥) **روى بورتر: فكره الزمان عبر التأريخ**، الترجمة: فؤاد كامل، **سلسله كتب عالم المعرفه**، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الادب — الكويت، مارس ١٩٩٢، ل٦.

(٦) **هەمان سەرچاوە، ل٧.**

(٧) **هەمان سەرچاوە، ل٩.**

(٨) **هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.**

(٩) **نعمان عبدالرزاق السامرائى**: في تفسير الاسلامي **للتأريخ**، مكتبة **المنار**، ل٥٠.

(١٠) **روى بورتر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.**

(١١) **هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.**

(١٢) **هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.**

(١٣) **عبدالرحمان بدوى: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٧.**

(١٤) **روى بورتر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.**

(١٥) **هەمان سەرچاوە، ل١٩.**

(١٦) **عبدالرحمن بدوى: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٧.**

(١٧) **هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.**

(١٨) **مجمع اللغه العربيه**: المعجم الفلسفي، القاهيرة، ١٩٧٩م، ل٩٥.

(١٩) **هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.**

(٢٠) عبدالرحمن بدوي: **اشپنجلد**، وكالة المطبوعات (الكويت و دار القلم بيروت)، ١٩٨٢.

(٢١) **كارل ل.بيكر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.**

(٢٢) **عبدالرحمن بدوى**: موسوعة الفلسفة، ل٥٥٥.

(٢٣) **هەمان سەرچاوە، ل٥٥٦.**

(٢٤) **روی بورتر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.**

(٢٥) **هەمان سەرچاوە، ل١٥.**

(٢٦) **هەمان سەرچاوە، ل١٦.**

(٢٧) **كارل ل.بيكر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.**

(٢٨) **عبدالرحمن بدوی:** موسوعة الفلسفة، ل٥٥٧.

(٢٩) **هاشم يحى الملاح:** المفصل في فلسفة التأريخ، مجمع العلمي العراقي، **بغداد**، ٢٠٠٥، ل١٠٩.

(٣٠) **روی بورتر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.**

(٣١) **كارل ل.بيكر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.**

(٣٢) **عبدالرحمن بدوی:** موسوعة الفلسفة، ل٥٥٥.

(٣٣) **هەمان سەرچاوە، ل٥٥٧.**

(٣٤) **هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.**

(٣٥) عطيات ابو السعود: **سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.**

(٣٦) الفرد نورث و ايتهيد: مغامرات الافكار عرض فلسفي رائع للافكارو الحضارات، ترجمة: انيس زكي حسن، مؤسسة فرنكلين المساهمة للطباعة و النشر، بغداد – القاهيرة – بيروت – نيورك، ١٩٦٠، ل٢٦٤.

(٣٧) حسين مؤنس: الحضارة دراسة في اصول و عوامل قيامها و تطورها، سلسلة كتب، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب – الكويت، ١٩٧٨، ل١٠٩.

(٣٨) الفرد نورث و ايتهيد، **سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.**

(٣٩) حسين مؤنس: **سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.**

(٤٠) **هەمان سەرچاوە، ل١١١.**



چاوەڕوانی و
خەیاڵە هەنارییەکانی عەشق

ئاڵە حەسەن



سێو

زەینەب یوسفی



## دەق

گفتوگۆ

کارزان عوسمان

قریشکە
نۆژین عزەت



ئاسکێکی مەکیاڤیلیست
محەمەد کەریم

ئێوارەژانی خولیایەک
کاروان کابان

## دیدار



ئەگەر لەتیف هەڵمەت نەبوومایە
حەزمدەکرد حەزرەتی عیسابم

سازدانی: بەیان محەمەد عەبدوڵڵا

# چاوەڕوانی و
# خەیاڵە هەنارییەکانی عەشق

نالە حەسەن



(۱)

گوڵە گیان:

من ئەمشەو

لەنێو خەونەکانمدا

لەچاوەڕوانیتدا دەبم

تۆش بەئەسپایی وەرە

بێئەوەی پەڕەسێلکەکانی مانگ و پەپوولەکانی با

بەخەبەر بهێنی

خۆت لەنێو،

هاواری قوڵینگەکان و نیگاکانی درەخت

حەشاربدە

بەنێو:

تخوبەکانی مەرگ و

رۆحە سپییەکانی خاک و

شەپۆلە خەوتووەکانی

نێو دڵی رەشەبادا رەتبە

ئەی گوڵە گیان:

من هەمیشە لەچاوەڕوانیتدا دەبم



سبەی شەویش

لەنێو خەونەکانمدا

لەگەڵ زەردەخەنەکانی پاییز و

سەرمەستبوونەکانی شیعر...

لەچاوەڕوانیتدا دەبم

بۆخۆم بەبێدەنگی

دەچمە نێو دۆزەخەکانی هەورو

دەچمە نێو سەدەفە نەرمەکانی گیاو

هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم

تۆش وەرەو

بەتەنیشت گۆڕستانەکانی دەریاو

بەنێو خەیاڵە هەنارییەکانی عەشقدا ڕەتبە

بۆ چەند چرکەیەک

گوێ لەکاتژمێرە ڕەنگ هەڵبزرکاوەکانی هەناسەم ڕابگرە

ئەی گوڵە گیان:

من بۆ هەتا هەتایە هەر لەچاوەڕەانیتدا دەبم

دووسبەی شەویش

لەنێو خەونەکانمدا

یاری لەگەڵ پەپوولەکانی خوا دەکەم و

وەکو باران دەڕژێمە نێو کۆڵانەکانی سەوزایی و

گوێ لەچیرۆکەکانی کچە عەترفرۆشەکانی بەهەشت ڕادەگرم و

هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم



بۆ دڵدانەوەی شەو
یادگارییەکانی خۆم دەسووتێنم و
هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم
تۆش بەئەسپایی،
بەنێو کەرنەڤاڵەکانی خۆرەتاو و
بەتەنیشت ماڵە بێدەنگەکانی بەفردا ڕەتبە
بەبێدەنگی خۆت بکە بەژووردا و
بۆ چەند چرکەیەک
گوێ لەسەمفۆنیا ئاگراوییە برینداوییەکانی دڵم رابگرە

گوڵە گیان:
ساڵێکی تریش وەکو ئەمشەو
وەرزێکی تریش وەکو ئەمشەو
سەدەیەکی تریش وەکو ئەمشەو
لەنێو خەونەکانمدا
شەڕ لەگەڵ ئەو جەللادانە دەکەم
کە دەیانەوێ نەغمەو سەمای تریفەی مانگ بشێوێنن
بەگژ ئەو برووسکانەدا دەچم
کە بەبێ خوێندنەوەی،
ئایەتەکانی نێو مەمکۆڵەکانی گەلاّ
ئاگر لەکتێبەکانی عەشق بەردەدەن و
هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم
تۆش نەرم نەرم...

بەنێو قەدەرەکانی تۆفان و

بەنێو سێبەرەکانی ئاودا رەتبە

بەمەستی،

خۆت بکە بەنێو ژوورە ئاوریشمییەکەی دڵم

بۆ چەند چرکەیەک

لەڕووتبوونەوەی ئەستێرە سپییەکانی نێو هەناسەم بڕوانە

گوێ لەسرووده سەوداسەرییەکانی مردنم رابگرە

(٢)

گوڵە گیان:

من ئەمشەو

لەنێو خەونەکانی مردنمدا

لەچاوەڕوانیتدا دەبم

سبەی شەویش لەنێو خەونەکانی مردنمدا

هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم

دووسبەی شەویش لەنێو خەونەکانی مردنمدا

هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم...

ساڵێکی تریش وەکو ئەمشەو

وەرزێکی تریش وەکو ئەمشەو

سەدەیەکی تریش وەکو ئەمشەو

لەنێو خەونەکانی مردنمدا

هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم

گوڵە گیان:
تاپێڵووی چاوەکانم و
یەکەیەکەی پەراسووەکانم وەقسەدێن
تا کوکوختییەکانی هەناسەو
یەکە یەکەی دەمارەکانی عاتیفەم وەقسەدێن
تا غەریزە چەپێندراوەکانی رۆحم و
یەکە یەکەی دەنکە تەزبیحەکانی یادگاریم وەقسەدێن
من هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم

گوڵە گیان:
تا نافورە رەنگاوڕەنگەکانی عەشق
لەزیکرو سووتانەکانیان هێور دەبنەوە
تا هەوێردە رەنگ پاییزییەکانی مانگ
لەفڕین و ونبوونەکانیان هێور دەبنەوە
تا شەونمی سەر پەنجەرەی بەیانییەکانی رەشەبا
لەمەستبوون و سەماکانیان هێور دەبنەوە
من هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم

من هەر لەچاوەڕوانیتدا دەبم
تا لەنێو:
ئاوێنەکانی ئاودا
باڵا سنەوبەرییەکەی تۆ دەبینم
تا لەنێو:

ئاوێنەکانی بادا

مەمکە خرپنەکان و رۆحی رووت و زەردەخەنەو

جوانییەکانی نێو خەیاڵت دەبینم

تا لەنێو:

ئاوێنەکانی گیادا

کەروێشکە زەردەکانی نێو غەریزەو

نێو هەوەسە گەرمە سەرشێتییەکانت

لە لەیلاخە فێنکەکانی نێو رۆحتەوە بەرەو رووم دێن

منیش بۆخۆم بەبێدەنگی:

ئایەتەکانی عەشق دەخوێنمەوەو لەچاوەڕوانیتدا دەبم

منیش بۆخۆم بەبێدەنگی:

بخورە خۆڵەمێشییەکانی نێو حەزەکانم هەڵدەکەم و

لەچاوەڕوانیتدا دەبم

گوڵە گیان: من هەمیشە لەچاوەڕوانیتدا دەبم

وەک کەمانچەیەکی خەنەیی

کە لەچاوەڕوانی دەست و پەنجەی کەمانچەژەنێکی دڵ بەبرین و

عاشق دایە

وەک شمشاڵێکی قامیشیی

کە لەچاوەڕوانی لێوە لەرزیوەکانی پیرەمێردێکی دڵ بەخەمی ئەشقی

دایە

تۆش نەرم نەرم

خۆت بکە بەنێو شەوگارە ڕووناکەکانی دڵم

تەنها بزەیەک و تەنها نیگایەک و هیچی تر

تەنها و تەنها و تەنها

بۆ چەند چرکەیەک

ئاوێزانی

خەونەکان و مردنەکان و ئایەتەکانم بە

بۆ هەتا هەتایەش

بۆ نێو خەرەندە تاریکە ڕەوشەنییەکانی تەنیایی و

بۆ نێو

ڕۆژهەڵاتە تەماوییە ئەڤینییەکانی ونبوونم شۆڕبەرەوە... !

کەنەدا

سێپتەمبەری ٢٠٠٧

# سێو

زەینەب یوسفی



پیاوێک لەچەشنی دارتەلێک

شەو لەچاوی دەلاقەیەک

ژنێک لەسەر سێوێکی سور

سەما دەکات  سوورٍ دەخوات

شیبا لەتۆی پرچی درێژی

دیل دەکات

هەناسەی داخ لەزاریان

زمزمەیەک، زمزمەیەک

شەودرێژەو هەناسەکان  بەردەوامن

دارتەلەکە

ماندوودەبێت

دادەنیشێت

شەو لەچاوی پەنجەرەکە دادەبەزێت

ژنە لەسەر سێوە سوورە

بەردەوامەو سەما دەکات و سوورٍدەخوات

قامکەکانی

شیبا لەتۆی پرچی رەشی

ئازاددەکات

هەناسەکان سارددەبنەوە

دارتەلەکە لەسەر زەوی رادەکشێت

ڕوومەتی شەو دادەڕژێت

شیبا لەپڕ نامێنێت و

دارتەلەکە خەودەیگرێت

ژنە هێشتا سەمادەکات و سووڕ دەخوات

سێوی سووری ژێر پێیەکانی

دادەتڵشێت

ژنە بەدەم زمزمەوە

پێی لەسەر سێوێکی دی

دادەنێ و سووڕدەخوات، سەمادەکات

دارتەلەکە خەو دەبینێ

ژنە بەدەم زمزمەوە

لەشوێنێتر

سووڕدەخوات و سەمادەکات

دارتەلەکە بەدەم خەوەو

گریان دەکات و خەمدەخوات.

# گفتوگۆ

کارزان عوسمان

(بەکچەکەی ناو خەیاڵی خۆم پێشکەشە)

من هەمیشە دەڵێم:
گەر تۆ نەبوویتایە
دڵنیام ئێستا پیاوێکی چەتوون بووم
لەسەر سوچی کۆڵانەکانی مەرگ رادەوەستام!
تۆیش پێم دەڵێیت:
ئەگەر تۆ نەبویتایە
هەمیشە لای بەخت گرەوەکان دەکەوتم
بەشوێن چارەنووسما دەگەڕام!
من دەڵێم:
گەر تۆ نەبویتایە
قەت لەئاو تێنەدەگەیشتم
هەرگیز ژێوان نەدەبوومەوە
لەڕاوکردنی تەیرەکان
تۆیش دەڵێیت:
ئەگەر تۆ نەبوویتایە
ئێستا شوم کردبوو بەپیاوێکی
سمێڵ بابۆڕی خاوەن دیوەخان
گەر تۆ نەبوویتایە



ئێستا کوڕێکم هەبوو لەوەهم

کچێکم هەبوو لەخەون و

ئێواران

دەمبردن بۆلای دڵنیایی!

ئەگەر تۆ نەبوویتایە

دڵنییام خۆشی نەدەکردەوە

تەرزەی خەمی بێ کۆتایی!

گەر تۆ نەبوویتایە

ئێستا ماڵێکم هەبوو لەلم

باخێکم هەبوو لەگومان

تەفسیرێکی ترم دەبوو بۆ ژیان!

ئەگەر تۆ نەبوویتایە

ئێستا لەکوێ عیشقم دەناسی

لەژێر سەیوانێک دەگەڕام

شەوانی پڕ باران

گەر تۆ نەبوویتایە

خۆم نەئەدایە دەست قەدەری عیشق

بۆئەوەی ببمە پیاوێکی خانەدان

بازرگانیم بەکاتەوە دەکرد

ئەگەر تۆ نەبوویتایە

ئەبووم بەسۆزانیی

لەکۆشکی پیاوە بەد فەساڵەکاندا

سەمام دەکرد

گەر تۆ نەبوویتایە
وەسوەسەی خۆ کوشتنم لەسەرم دەر نەدەکرد
هەر پیاوێکی وجودی دەبووم و
عەسران لەگەڵ تەنیایی پیاسەم دەکرد
ئەگەر تۆ نەبوویتایە
دەبووم بەڕاهیبێکی خنجیلانەو
مانم لەشوکردن دەگرت
گەر تۆ نەبوویتایە
گاڵتەم بەشێتەکان دەکرد
دوکانێکم دادەناو
عیشقم تێدا مەزاد دەکرد
ئەگەر تۆ نەبوویتایە
ئێستا، حیکایەتەکانی نەنکمم
بەکەمێک دەستکارییەوە
بۆ کچەزاکانم دەکرد
گەر تۆ نەبوویتایە
دەبووم بەپیاوێکی ئەفلاتونیی
شاعیرەکانم
لەکۆماری خەیاڵمدا دەردەکرد
+ئەگەر تۆ نەبویتایە
وەکو ژنە قەرەجێک
لەسەر شۆستە رەنگ زەردەکان
سواڵم لەپیاوە نەوسنەکان دەکرد!

-گەر تۆ نەبوویتایە

ئێستا..

لەگەڵ تەنهایی

گفتوگۆم

دەکرد!

Karzan984@yahoo.com



# قریشکە

ئۆژین عزەت

چ سوود خۆم هەڵواسم بەتەنافی ئێوارەکانتان و
رۆحیشم خاڵیبێ لەشوێنپێی (با)
شمشاڵم گەرووی کەناری بێ و
بەرگیشم نووقم لەقەوزەی چاخە کۆنەکان
هێندە لەگوڵ و گیای سەر کاشییەکانتان رامام
پەنجەکانم بوونە کەڵبەی گورگ
هێندە یاریم بەدەمامکەکانتان کرد
خۆر بەمردوویی هەڵات
کانیی تفی دەردا
ئاسمان بلۆکی باراند
***
بۆ ئەوەی خۆم بناسم
دەبێ وەکو ئاگر نەرمونیانبم
سنگم راخەم بۆ پشووی بروسکە
لێگەرێم زەمەن بۆنی پێڵاوەکانم بکاو
مێژوو لەخوێنمدا خۆی تازە بکاتەوە
***

دەشێ رۆژێک
ئاو تینوێتی بەمن بشکێنێ

دەریا بەمێینەیی خۆی دامپۆشێت..
دەبم بەفەرمانڕەوای وشە
بەهەناسە گوڵ دەڕوێنم
بەنیگا باخچە ئاو دەدەم
دەبمە بوونەوەرێکی جیوەیی
ناوم دەگۆڕم لە (دوعا)وە بۆ (ڕەشەبا)
بێئەوەی لەگەڵ هیچ ئاینێکدا بنووم
سڵاو لەخودا دەکەم و
دنیا لەسەر شێوەی مەمکم دادەتاشم.



**چیرۆک**

# ئاسكێكی مەكیاڤیلیست



محەمەد كەریم

دەتگوت ئەمڕۆ بەبووكی دەچیت، سێ چارەكی ڕێكبوو لەگەرماوەكەدا خەریكی خۆشتن و خۆ تاسولووس دان بوویت. دواجار هەڵسایتە سەرپێ و چەند جامێك ئاوت كرد بەسەرتا، ئاوەكە وەك فوارە لەتەوقی سەرتەوە شڵپەی دەكردو چین چین بەلەشتا شۆڕدەبۆوە، دەكەوتە سەر زەوی گەرماوەكەو دڵۆپەكانی وەك برێشكە بەرز دەبوونەوە. دیوتە ئاوەكە ساردبوو لەگەڵ هەر جامە ئاوێكدا مچوڕكەیەك بەلەشتا دەهات و گرژی دەكردی، ئالەو ساتەدا بەژنت ڕێك لەبەژنی ئاسكێك دەچوو كە باران تەڕی كردبێ و خۆی رابوەشێنێ. بێئەوەی خۆت وشك بكەیتەوە خاولییەكەت لەخۆتەوە ئاڵاندو هەتا بەر ئاوێنەی مێز تەوالێتەكە نەوەستایتەوە. خاولییەكەت لەخۆت كردەوەو رووت و قووت لەبەر ئاوێنەكەدا وەستای، وەك ئەوەی عاشقی جەستەی خۆت بووبیت بەوردی سەرنجی بەدەنە سپی و سوڵەكەی خۆتت دەدا. زەنگوڵە ئاوەكان وەك دانەی مرواری بەسەر دەم ولێو و سنگ و مەمك و سك و لنگ و لەتەرتەوە دەبریسكانەوە. چاوەكاڵەكانت وەك موگناتیس نیگایان بەرەو لای خۆیان رادەكێشا، دەم ولێوە بەرجەستەو گۆشتنەكەت گەواهی ئەوەی دەدا ئەوەندە سێكسی و بەزەوقی پشتی راسپۆتینیش لەزەوی دەدەیت و دەیپسێنێ.

مەمکـەکانت تـورت و رەق و قـوت دەهاتنـە بەرچـاو، دەوری گۆکانیـان هێنـدەی قۆپـچەی چاکەتێ قاوەیی بـوون و لـەناوە راستییانەوە لووتکەیـەك سـەری بـەرز کردبـۆوە دەتگـوت تائێستا دەست و دەمـی کەسیان بـەر نەکـەوتووە. سـەراپای بەدەنت کە وەك پەیکەرێك رێك و ساف و لووس بوو بۆ دەرمانیش تەنانـەت یـەك تاڵـە مـووی پێـوە نـەبوو. تەماشـای سـەعاتی قـەد دیوارەکـەی تەنیـشت مێـز تەوالێتەکـەت کـرد، هێـشتا چـلو سـێ دەقـەی رێکـی مـابوو بـۆ کـاتی ژوانـە چارەنووسسازەکەت. لەبەر خۆتەوە وتت " حەیف نییە ئەم بەدەنە رێك و ناسك و جوانە بکەوێتە بەردەستی پیرەکەرێك و بەئارەزووی خۆی بیگـەوزێنێ و ماچـی بکات و گازی لێبگرێ؟" هـەرخۆت وەڵامـی خـۆت دایـەوە" چییە بۆچی وا خـۆت تەسـك دەکەیتـەوە؟ دەڵێـی یەکـەمجارە بـەدەنت دەخەیتـە بـەر دەسـتی پـیرە سیاسـییەك! خۆتـۆ چـەند سـاڵێکە جەسـتەی خـۆت کردۆتـە کـاڵاو لـەپێناوی خەونەکەتدا سەوداو مامەڵەی پێوە دەکەیت، تەنانەت پەردەی کچێنیشت لەسەر دانا!..." خاولییەکەت هەڵگرتەوەو دەستت کرد بەوشك کردنەوەی لەشت، هیچ شتێ بەقەد وشـەی پـەردە هەراسـانت ناکـات، رقـت لەپـەردەی پەنجـەرەو پـەردە کوللەشە، بۆیە لەئۆفیسەکەی خـۆت قـەت پـەردەی پەنجـەرە دانادەیتـەوە، هەندێ وای لێکدەدەنەوە کە تۆ شەیدای شەفافیەتی بۆیە رقت لەپەردەیە. بـەڵام پـەردەی لاندکرۆزەرت خۆش دەوێت چونکە کـاتێ دەچیتە ژوانـی پیرەمێردەکان لەچاوی بەد بەدوور دەبی. رقی دنیات لەو کچانەیە کە شانازیی بەوەوە دەکەن سەرمۆرن، هـەموو جـارێکیش لـەدڵی خۆتـدا بەیـەك جـۆر وەڵامیـان دەدەیتـەوە" بـنی پـژا، پـەردەی کـچێنی درا، پـەڕۆی سـوور نـەکرد، ئـەم وشـانە تـەنیا لەفەرهـەنگی گەلـە دواکەوتووەکاندا باوی ماوە، لەهـەموو ئەوروپاو ئـەمریکادا کـچێکی نۆزدە سـاڵ نـابینی سـەرمۆر بێت، ئەگـەر هـەبێ دەبێتـە مایـەی قـوڕ بەسـەری بـۆ خێزانەکـەی چـونکە کـچەکەیان نائاسـاییەو شـازە، ئینجـا چـی هەیـە لـەوە ئاسـانتر هـەرکاتێ شووم کرد دوو تەقەڵی تێهەڵدەدەم و دەیکەمەوە بەسەر مۆر..."

"دەزانم تـۆ خـەونت ئەوەیـە ببیـت بـەخاوەنی کورسـییەك و لەڕێگـەی کورسییەکەشەوە ببیت بەخاوەنی هەموو شتێك، کەچی یەك دەنك مێشکی خۆت هـیلاك ناکـەیت و لەهـەموو ژیانتـدا یـەك کتێبیـت بەتـەواوی نەخوێندۆتـەوە! ئەوەشت لەبیر نەچێت کورسی هەتا سەر بۆ کەس نییە!" مانگیٚ پێش ئێستا کاتیٚ ژیانی هاوڕێت لەناو ئوتومبیلەکەتدا ئەمەی پێوتی تۆ هیچت نەوت و تەنیا لـچێکت لـیٚ هەڵقورتانـد. کەچـی ئێـستا دوای مـانگیٚ کـەبیرت کەوتـەوە لەبـەر ئاوێنەکـەدا وەڵامت دایـەوە" بـەخوا ژیـان تـۆش فەریکە کـەری، ئـاخر هـەتا ئەمـە ئیش بکات (دەستت خستە سەر ناوگەڵت) چ پێویستم بەوەیە ئەمە ماندووبکـەم (دەستت خستە سەر سەرت). قسەی قۆڕ کورسی هەتا سەر بۆ کەس نییە، دەڵێم کەری.. باشە تائێستا کیٚ دەستی لەکورسی گیر بووەو لەدەستی داوە؟ بەسەری بێهۆشی تۆ ژیان بەس دەستم لەکورسی گیر ببێت، دەبێت هەتا مردن دەست بەرداری نەبم، دەبێت وەك سیاسەتمەدارە کاریزمییەکان بەسەر کورسییەکەمەوە بمرم..." دەستت کرد بەوشککردنەوەی قژت، لەپڕ لەبەر خۆتەوە وتت " دەگ رەحمـەت لـەو گـۆڕەت مـەکیاڤللی " الغایـە تـبرر الوسـیلە" گـرنگ ئەوەیـە چـنگم لەکورسی دەسەڵات گیر بێت بۆ ئەمەش کۆ لەهیچ شتیٚ ناکەمەوە، ئیٚ باشە وا دە جار لەگەڵ ئەم پیاوەدا خەوتم، چیم لیٚ کەمدەبێتەوە، خۆ ماست نییـە بەلێومـەوە دیـار بێـت، بەئاشـکرا ئەمـەی پێـوتم، نـەوت بەرامبـەر بـەخۆراك، لەگـەڵی بخـەوم هـەموو وزەو توانـای خـۆی دەخاتەگـەڕ بـۆ ئـەوەی ببمـە خـاوەنی کورسـی خـۆم" ئـامێری وشـککردنەوەکەت دانـاو لەسـەر کورسـی مێـز تەوالێتەکـە دانیـشتیت و قاچت خستە سەر قاچ. " ئەوسا هەرپیاوەو لەبەر کورسییەکەمدا بەچۆکا دێت و قاچم ماچ دەکات هەر بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بکـەم. بەڕێکـەوت نیگات کەوتـە سـەر لەپی دەستی چەپت. ئەو ژنە قەرەجەت هاتەوە بیر کە چەند ساڵیٚ بەر لەئێستا بەختی بۆ گرتیتەوە. نیوەڕۆیەکی مانگی ئاب بوو لەئینگلیزیدا ئیکمال بوویت، بەهیچ جۆریٚ تاقەتی سەعی کردنت نەبوو، خواخوای بیانوویەکت بوو بۆ ئەوەی لەکتێبەکـەت دوور بخاتـەوە، بۆیـە کـە خوشـکە گەورەکـەت بـانگی کـردە ژوورەوە

تۆش چوویت لەتەنیشت خوشکە بچووکەکەتەوە دانیشتی کە ئەوکاتە لەسێی ناوەندی بوو، یەکەم کەس بەختی بۆ خوشکە گەورەکەت گرتەوەو وتی " تۆ سێ شوو دەکەیت بەلام لەشووی سێیەمیان دەحەسێیتەوە" پاشان بەختی بۆ خوشکە بچووکەکەت گرتەوەو وتی " تۆ کەسێك دەبێتە خۆشەویستت و هەتا رادەی شێت بوون خۆشتدەوێت، بەلام ئەو سەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ هەندەران و هەتاهەتایە چاوت بەچارەی ناکەوێتەوە، پاشان لەنائومێدیدا شوو دەکەیت بەپیاوێك کەژنەکەی تەلاق داوەو دوو کچی هەیە کە دوانەن" تۆ هێشتا گاڵتەت بەعەقڵی ژنە قەرەجە دەهات و بەنیاز نەبووی بەختت بۆ بگرێتەوە، بەلام ژنە قەرەجەکە بەزمان لووسی لەخشتەی بردیت و دەستی چەپتی راکێشاو هەرکە تەماشای ناولەپتی کرد پێکەنی ئەوسا وتی " تۆ دوای ئەم خوشکە بچووکەت شوو دەکەیت، بەلام پێش ئەوەی شووبکەیت دەبیتە خاوەنی پلەو پایەیەکی بەرز بێئەوەی خۆت ماندوو بکەیت زۆر بەئاسانیی و بەخێرایی ئەو پلەو پایەیە بەدەست دێنی ئەوسا بنەماڵەکەت شانازیت پێوە دەکەن" هەردوو خوشکەکەت بەخێسەوە تەماشایان دەکردیت. پاش چەند ساڵێك قسەکانی ژنە قەرەجەکە هاتنەدی. خوشکە گەورەکەت لەماوەی پێنج ساڵدا سێ شووی کرد، لەشووی یەکەم و دووەم واقەی لێوە نەهات کەچی لەشووی سێیەم بەسکێ دوانەیەکی کوڕی بوو. ئەو کوڕەش کەخوشکە بچووکەکەتی بەعەشقێکی ناکامەوە بەجێهێشت لەئەوروپا دوای ئەوەی هیچی بۆ نەکرا خۆی کوشت. پاشان خوشکە بچووکەت شووی کرد بەپیاوێك کەژنی تەلاق دابوو و دوو کچی دوانەشی هەبوو ئەویش بەرێکەوت نێوەڕۆیەکی گەرم کەخوشکەکەت لەوێستگەیەکی پاسدا لەگەرمادا بووراببۆوە ئەوپیاوە بەئوتومبیلەکەی خۆی بردبووی بۆ خەستەخانەو بەدیارییەوە ببوو هەتا حاڵی باش ببوو، دوایی هێنابوویەوە بۆ ماڵەوە ئەم رووداوە خۆشەویستییەکی تری لێکەوتەوەو خوشکەکەت بەوپەڕی قەناعەتەوە شووی کرد بەوپیاوەو ئەویش ئێستا کچێکی هەیەو بوون بەخاوەنی سێ کچ.

هەستایتە سەرپێ و چووی بەلای کانتۆرەکەوە بۆ ئەوەی جلەکانی ژێرەوەت بێنی. باوەڕت وایە رۆژ لەدوای رۆژ لەخەونەکەت نزیکدەبیتەوەو هەمووی ساڵێك نابات دەبیتە خاوەنی کورسی خۆت و پێشبینی قەرەجەکە دێتەدی " ئەوسا سکرتێرەکەم دێتە ژوورەوەو دەڵێت باوکت هاتووە بۆ لات. باوکم دووسەعات لەبەر دەرگا لای حیمایەکانم خۆیم پێوە هەڵدەکێشێ ئیدی بەشازییەوە نانی هینی من دەخوات، دەست بەسینگییەوە دەگرێت و دەڵێت من باوکی فەرزانە حسێنم. کە باوکم دێتە ژوورەوە نیوە ئاخێز لەبەری هەڵدەسم و بەسکرتێرەکە دەڵێم باکەس نەیەتە ژوورەوە ئیشمان هەیە." زۆر باش ناخی کابرات خوێندۆتەوەو دەزانیت کەیفی بەچ جۆرە جلوبەرگێك دێت، بەپێچەوانەی گاوە کەرقی لەڕەنگی سوورە، ئەم کابرایەی ئەمرۆ تۆ ژوانت لەگەڵی هەیە شەیدای ستیان و مایۆی سوورە. ستیان و مایۆ سوورەکە لەبەر دەکەیت کە بۆ ئەم ژوانەت کڕیووەو هێشتا لەبەرت نەکردووە. هەرلەبەر ئاوێنەکە بیر لەوە دەکەیتەوە کە کام لەقاتەکانت دەتوانن زیاتر سەرنجی رابکێشن و لەگەڵ چوونە ژوورەوەتدا وەها مەست و خوماری بکەن ئیدی ئاگای لەخۆی نەمێنێ چی دەڵێت و چی دەکات. دەرگای کانتۆرەکەت لەسەر پشتە، دەچیت و یەك بەیەك تەماشای قاتەکانت دەکەیت. قاتە رەشەکەت دەردەهێنی و لەبەری دەکەی، یەکسەر پەشیمان دەبیتەوە لەبەر ئەوەی یەکەم تەنورەکەی درێژەو پاو پوزت دەشارێتەوەو دووەمیش سنگی قەمیسەکەی کراوە نییەو نێوانی مەمکت دەرناکەوێ. دەزانیت پیاو لەهەموو شتێ زیاتر بەنێوانی مەمك و پاوپوزو بەتایبەتی بەچاڵی پشت ئەژنۆ شێت و شەیدا دەبێت و بەئاسانیی لەخشتە دەبرێت. زۆربەی جلوبەرگەکانت تاقی دەکەیتەوە، دواجار دڵت لەسەر تەنورە کورتە شەرابییەکەو بەدیە رەشە موشەبەکەکە سەقامگیر دەبێت. تەنورەکە لەپێدەکەیت، دوو پەنجە لەسەروو ئەژنۆتەوەیە، پاو پوزت بەجوانی دیارن، پشت دەکەیتە ئاوێنەکەو ئاوڕ دەدەیتەوە چاڵی پشت ئەژنۆت سەرنجی خۆشت رادەکێشێت. بەدیەکەش لەبەر دەکەی نێوانی مەمکت دیارەو لەبەرئەوەی

بەدیەکـە کورتـەو ناگاتـە سـەر تەنورەکـە، کـەمێك لەسـکت دیـارەو ناوکـت لەناوەڕاسـتدا جـوانترین دیمـەنی هەیـە. کەپـشت دەکەیتـە ئاوێنەکـە بـۆ ئـەوەی تەماشای پشتت بکەی بەڕێکەوت چاوت دەکەوێتە سەر ئەو وێنەیەی جێنیفەر لـۆپیز کـە بـەدیواری بەرامبـەر مێـز تەوالێتەکـەدا هەڵواسـراوە، ئەوسـا بـیرت دەکەوێتـەوە لەبـەر خـاتری ئـەم وێنەیـەی جێنیفـەر لـۆپیز کەهـەمان جلوبـەرگی لەبەردایە ئـەم تـەنورەو بەدیـەت کـڕی. حـساب بـۆ هـەموو شـتێ دەکـەیت، دەبـێ بـۆنێکی سـووك لـەخۆت بـدەی بـۆ ئـەوەی کـابرا بـەبۆن نەکـەوێ و لێـت دوور نەکەوێتەوە. دەبێ هەتا دەگەیتە ناو ژوورەکەی ئەو شاڵێك بدەی بەشان و ملتدا بۆ ئەوەی ئەو سایەقەی دێت بەشوێنتدا لەئاوێنەکەوە چاوت تێنەبڕێت.

ساڵێك پاش ئێستا لەئۆفیسکەی خۆت لەگەڵ ئەم کابرایە تەلـەفۆن دەکـەی، لـەپڕ سکرتێرەکەت دێتـە ژوورەوەو پارچـە کاغـەزێکی بـچووکت دەداتـە دەسـت، نووسراوە برا گەورەکەت هـاتووە، کاغەزەکـەی لێوەردەگریـت و لێـی دەنووسـیت، بلـێ کۆبوونـەوەی هەیـە بـا بـەیانی بێتـەوە. کەتەلەفۆنەکـە تـەواو دەکـەی لەبـەر خۆتـەوە دەڵـێ " تـۆش کـە هـەزاران شـەقت تێهەڵـداوم لەبـەر ئـەوەی کـچێکی دەمەوەرو هیچ لەبارا نەبووم، ئێستا دەتـەوێ نانی هینی من بخۆیت و شانازیم پێوە دەکەیت! دەبێ بەقەد ژمارەی شەقەکان بتهێنم و بتبەم ئەوساش هیچت بۆ نەکەم، خۆتۆ خاوەنی شەرەف و کەرامەت بوویت!"

تەواو ئامادەی تەنانەت چاویلکە ڕەشەکەشت کردۆتە چاوت، حـەوت دەقـەی تر لاندکرۆزە جام ڕەشـە دەگاتـە بـەر دەرگـاو یـەك هـۆڕین لێـدەدا، هـەر ئەوەنـدەت زەحمەتـە هـەتا سـەردەکەویت، ئیـدی لـەهیچ جێگایەکـەوە دیـار نیـت و کـابرای سـایەق وەك ئـەوەی کۆپتـەری پێبێـت ئـان و سـات دەتگەیـەنێ. بیردەکەیتـەوە چ شتێ زۆر گرنگەو پێویستە لـەبیری نەکـەی. یەکـەم نـابێ خـۆت بـدەی بەدەستەوە هەتا بەڵێنێکی بەخـەت و ئیمزای خۆی لێوەرنەگری کە لەهەڵبژاردندا پشتیوانیت لێـدەکات، دووەم دەبـێ واخـۆت نیـشان بـدەیت کەئـەو یەکـەم پیـاوە دەسـتی بـەر دەستت دەکەوێت و هەتا مردنیش هەر دەنکی ئەو دەبیت و بڵێت بمرە دەمریت،

بۆ مەسەلەی نەمانی پەردەی کچێنییەکەت دەبێ هەتا دەتوانی لەو شوێنەی دوور بخەیتەوەو بەشێوازی تر بەڕێی بکەی، ئەگەر کۆنترۆڵی خۆشت لەدەستداو پێیزانی دەبێ خێرا چیرۆکێکی بۆ هەڵبەستی، بۆ نموونە بەمناڵیی لەسەربان کەوتوویتەتە خوارەوەو بنت پڕاوە یان خزمێکی خۆت بەمناڵی بەزۆر کردویتی بەژن و تائێستاش کەسوکارت نەیانزانیووە.

" باشە تۆ شێت نەبووی بەبێئەوەی هیچ مێژوویەکی تێکۆشانت هەبێت یان لێوەشاوە بیت بۆ پلەو پایە بەقسەی ژنە قەرەجێ دەتەوێ کورسییەکی باشت چنگ بکەوێت" کە ژیانی هاوڕێت ئەمەی پێ وتی، وتت" ئێ باشە، ئەسکەندەریش وەکومن نییە ئەی بۆ بووە خاوەنی پلەو پایەیە؟" " ئاشکرایە بەهۆی ژنەکەیەوە!!" ئیتر نەئەو هیچی وت و نەتۆش. " باشە ژیان خان خۆمن ئەگەر مێشکم بخستایەتە گەڕو لەئەی رەقیبەوە دەستم پێبکردایە بەسی ساڵی تریش نەدەگەیشتەمە ئەم ئاستەی ئێستا، کێ هەیە بەبێئەوەی دەستەیەک پشتوانی لێبکات سەرەگوریسێکی چنگ بکەوێت، پاشان من کچی کێم؟ ...."

هۆڕینی لاندکرۆزەکە وریای کردیتەوەو بەپەلە دەرپەڕیت، بێئەوەی کەس چاوت بکات سواربووی، دیسان بیرت لەوە کردەوە کەپێویستە چی لەبیر نەکەیت.

# ئێوارەژانی خولیایەک

کاروان کابان

خۆی هەڵدەزنی، ئەمیش لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا سەرنجی بەخشیبووە دوا تنۆکی دیمەنی ئەو سروشتە نەگۆڕە.

سەر لەشکری تاریکی سێبەرێکی کاڵ بوو، وردەوردە بەسەر هەموو شتەکانی دەورووبەردا تۆخ دەبووەوە، تابلۆی بەدیمەنی شەو لەودیو گڵەزەردەوە وردەوردە رووەو ئاسمان هەڵدەکشاو چرای یەکە بەیەکەی ئەستێرەکانی بەدوای یەکدا دادەگیرساند، کە تەواوی دیمەنەکە گۆڕرا، ئەمیش بەماتییەکەوە رووەو ژوورەکەی روی وەرگێڕا، تەزوویەك وەك لولپێچ بەسەریدا چووەخوارەوە، هەنگاوی نا بەرەو لای مێزەکە، هەنگاوەکانی قورس، لەدیمەنی ئەو دوو پێیە دەچوون کە لەکۆت نرابێت، کورسی بەردەم مێزەکەی راکێشاو دانیشت، تەواوی سەرنجی بەخشییە وێنەکەی بەردەمی، گەلێك لێی وردبووەوە، پاشان وێنەکەی هەڵگرت بەهەردوو دەستنووساندی بەسینگییەوەو بەو شێوەیە کەمێك مایەوە، دواتر وێنەکەی گێڕایەوە شوێنی خۆی و سییەکانی لەپڕی هەناسەیەکی پەنگخواردوو بەتاڵکردەوە، پاشان دەستەکانی کێشایەوە دواوەو هەردوو لەپی دەستی کردە هێلانەی سەری.

–ئاخر هەناسەیەکت هەر پێنەبەخشیم!؟ چەندین ژووانمان بەسەر برد، چەندانجار لێوە تەزیوەکانمان زمانی گفتوگۆو بیرو بۆچوونمان لەگەرموگوڕی گرەوی بەدەستهێنانی مافێکی سروشتی بێبەشکرد، ئەوانیش بۆ هیوایەك هەڵوەرین، هیوای پێکگەیشتن، بەڵام کامە پێکگەیشتن؟!

بەماتییەکەوە هەستایە سەرپێ و نەرمە سەرنجێکی بەسەر شتەکانی دەوریدا وەراند، هەروەك خووی پێوەگرتبوو، لەچوارچێوەی ژوورەکەیدا دەستی کردەوە بەمسەرو ئەوسەرکردن، بێدەنگ بوو، بەڵام لەچاویدا گرەوی گیانبازییەك دیاربوو، شتێك کە تەنها ئەم سەرقافڵەچی نەبوو، بەڵام ئەوەی لای ئەم گرنگ بوو

ئەوە بوو کە دەیویست دەستەنەی گوڵی خولیاکەی وەك سیمبولێك لەیەخەی سبەینێیەکی نویٚ بدات.

هەر دەپەنجەی وەك زنجیرێکی داخراو لەپشتییەوە پێکەوە گرێدابوو، بێئەوەی هەست بەخۆی بکات جارێك هەنگاوەکانی خێراترو جارێك خاو دەبوونەوە، ئەوەندە بەپاروا ئالودەی خولیاکەی بوو، وای هەستدەکرد هەموو شتەکانی دەورووبەریشی بەشوێنییەوە لەفکرو زیکری ئەودا قەتارەو مەقەستە دەکەن.

–رەنگە ئەمەش رووخسارێکی تری شێتی بێت، ها...، بۆ نا؟ بەڵام کامە شێتی؟

بێگومان هەموو هۆیەك بەسەرەتایەك دەستپێدەکات، سەرەتایەك کە هەوێنی دەستپێکردن و بنیادنانی نوێیە. خولیایەك کە رەگت دەرگریٚ و وەك بتەوێت بەهەموو هێزێکتەوە بیگەیتیٚ، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە سەرنجت رادەکێشن وەك یەك نین، زۆریان بەسانایی دەیگەیتیٚ، هەشیانە وەك خولیای پیاگەیشتن بەئەستێرەیەك وایە، چۆن بیگەیتیٚ؟..

–ئەستیرەخان من دەیان هەزار هەنگاوم لەڕێی تۆدا بڕیوە، لەشەقاوی هەموو توولەڕیٚ تەریك و تەلیسماوییەکانم داوە، تەنها لەپێناوی شتێکدا، شتێك کە هەر لەسەرەتای بوونەوە سروشت پێیبەخشیوین و لێیان سەندوینەتەوەو بەزۆر لێیان داگیرکردووین، دەبێت بیگێڕینەوە، شتێك کە لەدەستمان داوەو وەختە هێزو تواناشی لەگەڵ لەدەستبدەین.

بێگومان پێناسی ئێمە لەسروشتدا وەك یەك یەکتاو یەکسانن، وەك هەموو ئەو بوونەوەرانەی بەسانایی و بێپەروا باڵەفڕکەی ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن، کە ئێمەش زادەی ئەو سروشتە نەگۆڕەین لەسەرمانە ئەو ناسنامەیە وەربگرینەوە، دڵنیام کە دەبێت هەردوولا بەیەکەوەو یەکدەست بیسێنینەوە، ئیستاکە هەموو شتەکانی دەورووبەرم لەگەڵ من کەوتوونەتە زیکرو هاواری ئەندێشەی بەدەستهێنانەوەی ئەو خولیا پڕ لەسەداو رەنگە، تەنهاو تەنها تۆماویت، بیٚ تۆ هیچ ناکرێت، هاوکێشەی تۆ هێندەی قورسایی شتەکانی

دەورووبەرو تەواوکەری منن، تۆش وەك منیت هەر خۆت نیت، دەزانم لای تۆش ژیان دۆخێکە واتا جوانەکانی سروشت بەتاڵی دەنوێنێت، کاریگەری و جوانی هەموو شتەکان لەپێناسەی تەواوکردنی سروشتی من و تۆدان ئێمەش لەوان، وائەوانیش خەریکە باڵدەگرن، لەفەرهەنگی یەکسان بوونەوەی من و تۆدا لەپەلوپۆ بوون. بۆ بێ دەنگی؟.. کە دەزانی ستوونی باڵا رزیوی نەگۆڕی، لەسەر جیاوازی رەگەزیمان هەستاوە.

ژیان گەشتێکی کورتە، لەهەر وێستگەیەکی ئەو گەشتەدا سروشت واتایەك دەبەخشێت، بەرگێك دەکات بەبەری شتە جوانەکاندا، کە دەکەویتە ژیانەوە خامەیەکی کاڵ و سپیت، بێئەوەی بەخۆت بزانیت چەند لەمپەرێکی قەدەر خەترێژت دەکەن، ئێمە هەر لەسەرەتاوە چۆن لەقۆناغ دەنرێین، هەرواش تادوا وێستگە لەقاڵب دەدرێین، بەدەست خۆت نییە، یان هەرخۆت ناتەوێ، یان هەر پێت ناکرێت هەنگاوێك لەو سنوورەی نەریت بۆی کێشاویت زیاد بهاویت، ئێمە تەنها لەدرزی دەرگایەکی بەمیرات نەخشێنراو و گرێژەنە لێداوەوە دەڕوانینە شتەکان بەکاڵوکرچی و ساردی نەبێت رەنگە گەرم و جوانەکان هەرگیز وەك خۆی بەدی نەکەین، بۆ دەبێت ناچارو ملکەچی ژیانێکی دووبارەبووەوەی بێ روح و بێگیان بین؟ دەزانی لەمپەرە زەبەلاحەکان لەسەر خەرسانەی بێدەنگی ئێمە باڵا دەکەن! دەبێت رژێمێکی نوێ دابمەزرێنین و لەجێی ئەوانە پەیکەرێکی جوان لەهیوا داتاشین و گیان بکەینەوە بەبەری شتەکانداو سەرلەنوێ ژیان برازێنینەوە، تاکەی هەناسە تەزیوەکانمان قوتدەینەوەو نەتوانین ئامێزی گەرمی ژووانی پڕ لەحەسرەت و خۆشەویستیمان گوڵبارانی ماچی بەڵێن و لێکدانەبڕان و یەکسانی بکەین.

دیار بوو هاتوچۆکە تەواوی هێزی ئەژنۆکانی هێنابووەکزی، شەتەك دیار بوو، لارەولار رووەو چرپاکەی چوو، لەسەر تەختی پشت لێی کەوت و هەر دەپەنجەی کردە بێشکەی سەری، لەو کاتەدا نەیدەزانی خولیاکەی یان پەنجەکانیەتی هەڵبەزە بەسەری دەکەن، هەرچەند بەجەستە زۆر ماندوو بوو، بەڵام بەخەیاڵ مەست و هەستی بەو پەڕی ئاسوودەیی دەکرد.

لـەژێر سـێبەری برژۆڵەکانییـەوە بریـسکەیەك دیـار بـوو لەدەرکـەوتنی ئـەو ئەستێرەیە دەچوو کە دەیەوێت رووناکی خۆی لەکەلێنی پۆلە هـەورێکی مـەنگ و باراناویدا بسەلمێنێت، سەری لەناو قەڵەمدادەری خولیاکەیدا خرمەی دەهات، هەرچەندی دەکرد جڵەوی ئارەزووەکەی پێنەدەگیرا، نەیدەزانی چرنوکی کامە حـەزی والاسـارە لـەو شـەوەدا لاشـەی ویـژدانی دەڕوشـێنێت، دەسـتی بـرد جگەرەیـەکی داگیرسـاند چـەند مـژێکی قـووڵی لەسـەریەك لێدا، لـەنێو دووکـەڵی جگەرەکـەدا میلـی کاتژمێرەکـە بـووە نیـشانەی چـاوی (کـات وەك شمـشێرە ئەگـەر...) پاشـان ملـی لارکـردەوەو جـارێکی دیکـە تـەواوی ئاراسـتەی چـاوی وەشاندە گلێنەی ناو چوارچێوەی وێنەکەی بەرامبەری.

-بۆ بێدەنگی، تاکـەی نایەیتـە وەڵام، کـە دەزانیـت چیت لـەمن کـەمتر نییـەو ئامادەشیت لـەمن زیـاتر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك قوربانی ببەخشی، تاکـەی وەك کاڵا مامەڵەت پێ کبرێ و سەیربکرێیت، دەوەرەو وەك شێوە راستەقینەکەت خـۆت بـسەلمێنە، حـەزو خـۆزگـەی دڵـە پـڕ تاسـەکەت وەك کـۆللارە بـەرەڵای سـەر ئاسمانە بێگەردو پڕ خەونە سەرکەشەکانت بکە، تۆ ئەو جێدەستەی کە ژیان بـێ تـۆ هـیچ واتایـەك نابەخشێت، ئامێزی تـۆ جارێك پـڕە لەخۆشەویـستی و جارێك باوەشـی گـەرمی دایکێکـە پـڕە لـەمیهرەبانی، دەوەرەو وەك رۆژی روونـاك تـین و گـەرمات بـسەلمێنەو تـاریکی سەرشـتەکانیش بـشۆرەوەو جـارێکی دیکـە ئـاوا نەبیت.

لەم قسانە بۆوەو گوژمی دایەوە خۆی تەکانێکی بەدۆشداماوی خەیاڵیدا، ئەم لەوانە نەبوو بتوانێ لەجێی خۆیدا ئۆقرە بگرێت و دەستلەملانی خەو بێت، بۆیـە هەر کەشەوی لێ دێ دەستێك دێت و قورمیشی خولیاکەی دەکات.

دیـسانەوە لەسـەر جێیەکـەی هەسـتایەوەو چاوێکی بەسەرشتەکانی دەوریـدا گێـڕا، وەك ئـەوەی ئامادەباشـییان پـێ بکـات، سـەرلەنوێ رێـی ئەمـسەرو ئەوسـەرکردنەکەی گرتەوەبـەرو دوا هەناسـەی قەتیـسماوی نـاو سـینەی بەهاوارێکی گەرم و سنووربڕی ماف و ئازادیی بەتاڵکردەوە.




# کــۆریا

**ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی**
**چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای وەرگێران لەهەولێر**
**ژمارەی سپاردنی (٢٧١)ی ساڵی ٢٠٠٧**
**دراوەتیێ.**

پاشئەوەی سوپای کۆریای باشوور بۆ ئاوەدانی هاتنە کوردستان، لـەشاری هەولێر چــەنـــد پــرۆژەی خزمــەتگوزارییان پێــشکەشکرد، چــەندین کەرەســتەی پێویــستیان بەدەزگاکانی خزمەتگوزاریی شــارەکــان کــرد، پاشئەوەی زانیم و بینیم سەربازە کۆرییەکان، لەناوچەی بەرانەتی هەولێر بۆ ژنانی نەخوێندەوار ئێوارە مەکتەبیان کردیتەوە، پاشئەوەی نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ بەداوەتی هاوڕێم ئیـسماعیل بـەرزنجی شــاعیر، لەپیــشانگەیەکی قونابخانەکـەیان کـەخۆی تێـدا بەڕێوەبەربوو، سەربازە کۆرییـەکان، گـەورە ئەفسەرەکانیان بـەجلی سـەربازییەوە داوەتـی ئـەو پیـشانگەیە کرابـوون، مودەڕەعـە بـەرزە تایـە گـەورەکانی لەگـەڕەکی مـەنتکاوە بەئارامی هاتنـەناو مەکتەبەکە، دیاری جوانیـان بـەمناڵان پێشکەشکرد، سەمایان لەگەڵ کردن، شاییان لەگەڵ کردن، وەك ئـەوان یـاری میللـی کوردەوارییـان کـرد، هـەردوولا کامێرەیـان لـەلابوو وێنـەی یـەکتریان وەرگـرت، بەخۆشەویستییەوە ماوەیەکی زۆر سەرفرازییان بەیەکەوە بردەسەر. بۆیە من لەناو ماڵپەرەکاندا بەدوای چەند بابـەتێك گەڕام لەسـەر کـەلتوورو ژیـان و شوێن و ئـاینی کۆرییـەکان، تـا ئـەو زانیاریانە بکەمە کوردی، بۆیە ویستم بزانم ئەو میللەتە پاش شەڕە دژوارەکانیان چۆن هەڵسانەوە، چۆن بوونـە وڵاتێکـی پیـشەسازیی مـەزنی جیهـانی، بـۆ کـۆریـای باکوور بـاری کۆمەڵایـەتی و ئـابووری لاوازەو گوزەرانی هاووڵاتیـان ئـاڵۆزە، لەسـەر ئاستی نێونەتـەوەییش پەیوەندییـەکانیان بـەگومان و بەترسە. کـارم لەسـەر چـەند لاپەڕەیەکی ناو ماڵپەرەکان کردو کردومنەتە کوردی، دەستنووسەکەم دایە دەست کاك میقداد شاسواری سەرنووسەری پرۆژەی دەزگای وەرگێران لەهـەولێر، ئـەویش لێـرەوە سوپاسـی دەکـەم چـاپـی کـرد، لەبەرئـەوەی مـاف دەزگاکـەی لەسـەرە، بۆیـە ناکرێت کتێبەکە لەسـەر ماڵپـەرە کوردییـەکان بڵاوبکەمـەوە، وا وێنـەی بەرگەکـەی و پێناسەکەی بڵاودەکەمەوە.

## لەتیف هەڵمەت:

# ئەگەر لەتیف هەڵمەت نەبوومایە حەزمدەکرد حەزرەتی عیسابم



سازدانی: بەیان محەمەد عەبدوڵڵا

●حەزدەکەم زۆر بژیمو دڵنیام خوای مەزن ئەم حەزەم دێنێتەدی.

●لەکۆتایی تونێلەکەدا کچۆڵەکە بەتوندی گووپمی گووشیو ئەنجا نەختێک لێمدورکەوتەوە.

●ئەگەر لافاوێکی وەکو ئەوەی نووح روودبدات، ئەوەم پێخۆشترو ئاسانترە شەپۆلی لافاوەکە قووتم بدات لەوەی بچمە ناو پاپۆڕێکەوە.

●فڕۆکە بەرز بۆوەو بەرز نەبۆوە من لەترسا فریشکم کەوتو زمانم لەگۆ کەوت.

ئەم چاوپێکەوتنە هەڵدانەوەو ئاشکراکردنی لاپەڕەکانی ڕۆحی منداڵێکی شاعیری ئاشقە، کە لەناو دڵی فارغۆنی شەمەندەفەرێکدا فێری دنیای خۆشەویستی بووە.

بەهەشتە جوانەکەی کفری سەرچاوەی جوانی شیعرەکانییەتی. قەیسەرییە ئەفسوناوییەکەی کفری پێگەی پانتایی سەرهەڵدانیو ورووژاندنی سەردەمی منداڵی و خستنەڕووی دنیا جوانەکەی منداڵیی لەتیف هەڵمەتی شاعیری گەورەی کوردە.

لەدوای نسکۆی ١٩٧٥، یەکەم شاعیر بوو لەبڵندگۆی دڵی شاری سلێمانیدا بەگەرووپەکی پڕ لەحەماسەوە هاواریکرد: (بتانەوێ و نەتانەوێ رۆژێ نالی هەر دەگەڕێتەوە). ئەمە بنەمای جۆشدانەوەی هاندانی گەنجان بوو بۆ ناو کۆڕی تێکۆشانو ئومێدو هیوا زیندووکردنەوەی گەورە پیاوانی وڵات.

لەم چاوپێکەوتنە والآیەدا، کۆمەڵێك نهێنی ناو دڵو دەروونی شاعیر دەخەینەڕوو، تاکو ئێستا لەناو دڵیدا حەشاردراونو لەناو دووتوێی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا نهێنییە ئەفسوناوییەکانی تری شاعیر دەخوێننەوە:



**خۆشەویستیت کردووە؟**

–بەڕاستی من هەر لەپۆلی چوارو پێنجی سەرەتاییەوە خوشەویستی وشە دڵی داگیرکردمو بوارێکی کەمی بۆ هێشتمەوە، وەکو هاوڕێکانی دیم، نەمتوانیوە بەجۆرێك لەجۆرەکان دڵداریو خۆشەویستی بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەزمونگەلێکی پاکی خۆشەویستیم هەیەو ناتوانم نکوڵی لێبکەم. ئەگەر لەتۆشی بشارمەوە ناتوانم لەخوای مەزنی بشارمەوە، من ئەگەر لەهیچ شتێکدا

سەرپێچی خوام نەکردبێت لەخۆشەویستی و دڵداریدا کردوومە. لەم بوارەدا چەندینجار وەکو شەیتان لەپەروەردگاری باڵا یاخی بووم‌و وەکو لەبیرم بێت بۆ یەکەم جار ١٩٥٩ لەناو فارغۆنی شەمەندەفەرێکدا دڵم خورپەی خۆشەویستی تێکەوت...من لەگەڵ دایك‌و باوکمدا بەسواری ئەو شەمەندەفەرە لەوێستگەی ئاسکی کفرییەوە بۆ بەسەرکردنەوەی زیارەتگەی شێخ عبدولقادری گەیلانی دەڕۆیشتین بۆ بەغداو گەلێکجار بۆ هەمان مەبەست دەچووین بۆ (ئیمام مووسای کازم، کەربەلاو نەجەف)یش، ئەو ڕۆژە لەشەمەندەفەرەکەدا کچۆڵەیەکی هاوتەمەنی خۆم کە ئەویش لەگەڵ دایك‌و باوکی خۆیدا هاتبوو بەزمانی عەرەبی بانگی کردمە لای خۆیەوە، بەدەم قسەی منداڵانەوە هەردووکمان چووینە خانەیەکی جیاوەو هەستمکرد کچەکە قسەگەلێك دەکات، کەمن لەوەو پێش نەمزانیوەو جمووجوڵێکم لەگەڵدا دەکات کەبەر لەبینینی ئەم کچە شتی وام نەزانیوە. ئەوەندەم لەبیرە کە ئەو کچە فێری بزێوی‌و لاساری کردم‌و کاتێك شەمەندەفەرەکە بەتونێلە نیوچە درێژو تاریك‌و نوتەکەکەی ناوچەی مەنسوورییە تولجەبەلدا تێپەڕی وەك لەیادم بێت یان لێومان بوو یان رووەمەتمان لەقووڵایی تاریکایی تونێلەکەدا بەیەکدییەوە لکان‌و کەژاوەی بێدەنگی هەڵیگرتین‌و لەکۆتایی تونێلەکەدا کچۆڵەکە بەتوندی گوویمی گووشی‌و ئەنجا نەختێك لێمدورکەوتەوە، ئەگەرچی هەردووکمان زەردەخەنەو پێکەنینمان دروستدەکرد، بەڵام شڵەژاویمان پێوە دیاربوو..ئەمە یەکەم ئەزموونی دڵداریم بوو...کاتێکی کەم.. ئەوینێکی ڕێڕەو... بەڵام نەمر... باسی ئەزموونەکانی دی ناکەم، چونکە ئەو کەسەی شیعرەکانم بخوێنێتەوە کەم‌و زۆر هەست بەو ئەزموونانە دەکات...بەڵام بەڕاستی جوانترین‌و نەمرترین ئەزموونم ئەوەی ناو شەمەندەفەرەکەیەو من تاکو هێڵی شەمەندەفەر مابوو زۆر جار بەشەمەندەفەر هاتوچۆی ئەم شارو ئەوشارم دەکردو کە پێم دەنایە ناو فارغۆنی هەر شەمەندەفەرێکەوە بەخەیاڵی خۆم دەمگووت بشێ تووشی ئەو کچە نەبم‌و یەکدی بناسینەوە...ڕەنگە هەر کاریگەرێتی ئەو کچەو عەشقی ئەوکچە بێت کە هەمیشە حەزم لەو فیلمانەیە کەشەمەندەفەری تیایەو ئەگەر بمتوانیبایە بەسواری شەمەندەفەر زۆربەی وڵاتانی جیهان دەگەڕام، بەلای منەوە شەمەندەفەر خۆی

لەخۆیدا وڵاتێکی تایبەتییەو دابونەریتو مەرتاڵو رقو خۆشەویستی تایبەتی خۆیو سنوورو یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە...و کەلتوورو رۆشنگەرێتیو ئاشتیو شەڕی تایبەتی خۆی.

**ئارەزووی وەرزش دەکەیت؟**

–بەڵێ حەز دەکەم هەمیشە بەپێ بگەڕێم. زۆر جار دەڵێم بۆو چۆن لەبوارێکی وەرزشیدا نەبووم بەپاڵەوان .. هەر بۆ نموونە یاری تۆپی پێ یان پێشبڕکێی راکردن یاخود مشتەکۆڵە، چونکە تاوەکو تەمەنی دوانزە ساڵی یەکێك بووم لەو منالانەی کە بەسەرگەرمییەوە دەچووم بۆ سەیری ئەو یارییانەی تۆپی پێ کە لەنێوان تیپەکانی تۆپی پێی کەرکوكو دووزخورماتوو کفریدا لەیاریگاکەی کفری سازدەکران کە دەکەوتە ئەو دیو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئەو سەردەمەوەو جارێکیشیان تیپی تۆپی پێی کفری لەگەڵ تیپی تۆپی پێی کۆمپانیایەکی نەوتی ئینگلیزیدا، کە لەدەوروبەری کفری بوو یاری کردو بەدوو گۆڵ بەرامبەر بەهیچ بەسەر ئینگلیزەکاندا سەرکەوت، زۆر زۆرم پێ خۆش بوو...هەر دوا بەدوای ئەو یارییە لەساڵی ١٩٥٨دا عبدولکەریم قاسم لەشەبەیخونێکدا رژێمی پاشایەتی رووخاندو ئینگلیزی داگیرکەری لەوڵاتدا بنەبڕکرد.

هەروەها لەبیرمە دوو ساڵ تا سێ ساڵ زۆر حەزم لەیاری ئاسن بوو..هەندێك لەو گۆڤارانەم دەکڕی کە وێنەی یاریچی ئاسنبازی تیابوو. تەنانەت لەبیرم دێ گەچەم داڕشتبووە ناو دوو بنە تەنەکەوەو دەسکێکی ئاسنم لەناوەڕاستدا بۆ کردبوو بەیانیانو ئێواران یاریم پێ دەکردو دەمگووت دەبم بەپاڵەوانێکی وەکو زۆراب یان رۆستەم یان جیهانگیر یان ئەمیر ئەرسەلان یاخود ئیمامی عەلی، چونکە ئەو دەمە زۆر شەیدای خوێندنەوەی جیهانگیرو حەیدەرنامەو فەتحی قەڵای خەیبەرو غەزای بەدرولحونەینو... هتد بووم، بەڵام رۆژێك برادەرێك لەبیرم نییە کێ بوو پێی گووتم ئەم جۆرە وەرزشە هی ئەو کەسانەیە کە باڵایان زۆر بەرزەو باڵای تۆ ناوەندییەو ئەم یارییە باڵات کورتدەکاتەوە، ئیتر وازم لێهێناو لەبیر خۆمم بردەوە.

**سەیری یاری عێراق و سعودیەت کرد؟ کە عێراق گۆڵی کرد هەستت بەچی کرد؟**

بەڵێ راستەوخۆ سەیری یارییەکەم کردو چاوم لەتۆپەکە بوو چۆن هاوار بۆ یونسی هەڵداو چۆن یونس بەکەلەسەر گۆڵەکەی تۆمار کرد. گۆڵەکە هەر هی یونس نەبوو هی هاواریش بوو. چۆن هەندێکجار بەدوو نووسەر رۆمانێك یان چیرۆکێك یان شیعرێك دەنووسن و ناوی هەردووکیان لەبەرهەمەکە دەدرێت بەو جۆرە گۆڵەکەی عیراقیش هاوارو یونس بەجووتە تۆماریان کرد، ناکرێت بڵێین گۆڵەکە بەتەنها یونس کردی. راستیشت دەوێت ئەگەر هاوار نەبوایە یونس نەیدەتوانی ئەو گۆڵە تۆمار بکات. بەڕاستی لەسەرەتای تەمەنمەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت رقم لەرژێمی سعودییە، نازانم بۆ، لەخۆمەوە بەرژێمێکی دڕندەی چڵێس و دواکەوتووی دەزانم. رژێم نییەو کۆمپانیایەکی نەوسنەو شوێنە پیرۆزەکانی کردۆتە هۆکارێك بۆ مانەوەو بەردەوامیی خۆی لەبەرئەوە هەر کە یارییەکە دەستی پێکرد هاوارمکرد خوایە گیان سعوودییە بیدۆڕێنێت و گووتیشم پشت بەخوا سعوودییە هەر دەیدۆڕێنێت. پێشبینییەکەشم هاتە دی من گەلێکجار پێشبینیەکانم بەشێوەیەکی خۆڕسکی دێنەدی. نازانم بۆ؟ رەنگە هی ئەوەبێت حاڵەتێکی سۆفیانەم هەیە.

**دەڵێن لەسواری پاپۆڕو فڕۆکە دەترسیت ئایا راستە؟**

بەڵێ راستەو ئەگەر لافاوێکی وەکو ئەوەی سەردەمی نووح پێغەمبەر رووبدات، ئەوەم پێخۆشترو ئاسانترە شەپۆلی لافاوەکە قووتم بدات لەوەی بچمە ناو پاپۆڕێکەوە، نەزانم چیم بەسەر دێ. بەهەر حاڵ سواری پاپۆڕ نەبووم. ناماوێت تەمەنی خۆشەویستی خۆم بەپاپۆڕێك بسپێرم، کە بەسەردەریایەکدا دەڕوات پڕە لەشەپۆلی توورە، لەنەهەنگی دڕندەو بەرازی ئاوی و تیمساح و ماسی مرۆخۆرو چی وچی دیکە.



لەتیف هەڵمەت بەسواری ئەسپەوە

با پێت بڵێم من یەکجار سواری فڕۆکە بووم.. ئەویش ئـــەوە بوو ساڵی ١٩٩٩ مام جەلال نووسەرانی کەرکوکی بانگردو لەهەواڵ پرسیندا زانی خێزانەکەم ناساغەو بڕیاریدا منو خێزانەکەم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی خێزانەکەم بنێرێت بۆ تاران. هەرچۆنێك بێت منو هاوسەرەکەم گەیشتینە کرماشانو لەوێ برای بەڕێزم (دیاری جاف) وابزانم وای ناو بوو لەپەیوەندییەکان گووتی لەسەر قسەی بەڕێز مام جەلال بلیتی فڕۆکەتان بۆ بڕدراوەو هات لەگەڵماندا و سواری فڕۆکەی کردینو ئیتر فڕۆکە بەرز بۆوەو بەرز نەبۆوە من لەترسا فریشکم کەوتو زمانم لەگۆ کەوت.

**تۆ زیاتر حەز دەکەیت بە چی سەفەر بکەیت؟**

من زیاتر حەز دەکەم بەئوتومبێل سەفەر بکەم لەئوتومبێل ناترسم مەگەر لەسەرووی سەدو بیستەوە لێخوڕێت، بەهەر حاڵ سەفەر پێویستە خۆ ناکرێت بەپێ لەشارێکەوە بۆ شارێکی دی بڕۆم.

زیاتریش حەز دەکەم ئەگەر هەبێت بەو پاسانە سەفەر بکەم کەلە گەرمیان پێیان دەگووت صالۆن، بەڵام من زیاتر بەتەکسی سەفەر دەکەم. ئێستا پێی دەڵێن تەکسی جاران هەر پێیان دەگووت قەمەرە.

**بە چی زۆر پەست دەبیت ؟**

بەهەڵەی بێژەرەکانی رادیۆو تەلەفزێۆنو دەرکەوتنی زۆری هەندێك بەرپرسی حزبیو فەرمی لەتەلەفزێۆندا، پەست دەبم. هەروەها گووتاری هەندێك مامۆستای ئاینیش کەبەهەڵە لەئاینو خواناسین گەیشتووە قەڵسم دەکات.

بەوەش پەستدەبم ببینم یەکێك فەنتازیاترین جلوبەرگی لەبەردابێتو جوانترین مۆدێلی ئۆتۆمبیلی پێبێت، بەڵام هەڵسوکەوتو هزرو بیری هی چلو سییەکانی سەدەی رابردوو بێت.

**لە دیوانی پر چی ئەو کچەدا کە ساڵی ١٩٧٧ چاپتکردووە زۆر باسی پرچ دەکەیت پرچ لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

پرچی کچ لەپرچی کچ دەچێتو سەرچاوەی جوانییەو پەلکەزێڕینەی بەهارو هەوری پایزو رووباری سیروانو بارانی زستانو شەمەندەفەری ناو فیلمی شەو و شەپۆلی هەتاوی بەرەبەیانو پەڵە قەرسیلی هاوینو شیعرە درێژو کورتەکانی من لەپرچی کچان دەچنو من زۆرترین شیعرم بۆ پرچی کچان گووتوە، ئەوان قەرزاری منن و منیش قەرزاری ئەوانم.

**ئەگەر لەتیف هەڵمەت نەبوویتایە حەزتدەکرد کێ بیت؟**

ئەگەر لەتیف هەڵمەت نەبوومایە حەزمدەکرد حەزرەتی عیسا بمو زیندو بکرێمەوەو (مریەمی مەجدەلیە) لەبەردبارانی بەناو خواناسگەلێك رزگاربکەم کە ئەلف‌وبێی خواناسییان نەدەزانی. ئایا دەزانی مەریەمی مەجدەلییە کێیە؟ ژنێك بوو گوترا گوناهبارەو لەسات‌و کاتی بەردەباران کردنیدا حەزرەتی عیسا پەیدا بوو هاواریکرد ئەی خەڵکینە سوێندتان دەدەم بەخوا با ئەو کەسە بەردەبارانی بکات کە خۆی بێ گوناهەو خەڵکەکە هەموو دەستیان شل بوو بەردەکەیان لەدەست کەوتە خوارەوە چونکە خۆشیان هەر هەموو گوناهبار بوون.

**سەیری فیلم دەکەیت؟**

بەڵێ سەیری فیلم دەکەم.. زیاتر حەزم لە فیلمی کابۆی‌و کاراتێ‌و جۆدۆو چەتەگەری دەریـا و بیابانەکانە، ئەگەر چی بەهەرزەکاری‌و تاولەکی گەلێك لەچیرۆکە پۆلیسییەکانی ئەرسین لۆپین‌و شارلۆك هۆڵمزم خوێندۆتەوە. بەڵام حەزم لەفیلمی پۆلیسی نییە. فیلمی پۆلیسی مەودایەکی داخراوی هەیە، لەشاردا روودەداو لەشاردا کۆتایی دێ.

بەڵام فیلمی چەتەگەری دەریـاو بیابان مەودایەکی بەربڵاویان هەیەو کە تەواویش دەبێت هەستدەکەم تەواو نەبووەو بەخەیاڵی خۆم بەشی دی بۆ دروستدەکەم.

من ئێستاش لەتەلەفزیۆندا تەنها سەیری ئەو فیلمانە دەکەم. گوێ لەهەواڵ دەگرم‌و بەدیار فیلمی کارتۆنیشەوە زۆر جار، ئەگەر بوارم هەبێت، دادەنیشم.. ئەگینا دەرکەوتنی زۆری بەرپرسی فەرمی‌و حزبی‌و گۆرانیبێژی سەقەت‌و گووتاری سەقەتی ئاینی‌و شانۆیی بێسەروبەر کە خەڵکێکی عەوام تامەزرۆیین تەلەفزیۆنیان ناخۆش کردووە.

**چ ساڵێک بۆ یەکەمجار سینەمات بینی؟**

نازانم چ ساڵێك بوو یەکەمجار فیلمی سینەماییم بینی بەڵام لەبیرمە پێش ساڵی ١٩٥٨ سینەمایەکی گەڕۆك لەئۆتۆمبیلێکدا هات بۆ کفری‌و فیلمێکی خستەڕوو لەسەرەتادا مەلیك فەیسەڵی دووەم دەرکەوت‌و قردێلەی پرۆژەیەکی بڕی. مەلیك وەکو خۆمان منداڵ بوو، زۆرم خۆشویست، ئێستاش خۆشمدەوێت، نەفرەت لەوانەدەکەم کە شەهیدیان کرد. دەستی ستالینییەکانی تیابوو. باش بوو خۆشیان لەناو چوون‌و دەریش کەوت ستالین چ دڕندەو پیاوکوژێك بووە.

دوای ئەوە بەچەند ساڵێك کەڕێم کەوتە کەرکووك دەچووم بۆ سینەما. لەبیرمە لەفیلمێکدا رانی ژنە ئەکتەرێکی عەرەبی بەڕووتی دەرکەوت و کوڕوکاڵ و هەرزەکارەکانی ناو هۆڵی سینەماکە هەر هەموو کەوتنە فیکەلێدان. ناهەقیان نەبوو سمت و رانێکی زۆر زۆر ئەفسوناوی و جوان بوو. ئێستاش هەر لەبەر چاومەو ئەم هەموو سمت و رانە سفت و جوانانەی کە لەبەردەرکی سەراو شەقامی گۆران و شەقامی مەولەویدا شەپۆل دەدەن ناتوانن دیمەنی رانی ئەو ژنە ئەکتەرە عەرەبەم لەبیربەرنەوە. وابزانم فاتن حەمامە بوو.

**تۆ لەشاری کفریدا لەدایکبوویت، وەک مێژوو دەڵێ کفری شارێکە لەشارە دێرینەکانی جیهان لەکفریدا لەتەمەنی منداڵیدا چی سەرنجی راکێشاویت؟**

بەمنداڵی بازاڕەکەی کفری کەجۆرە بازاڕێکە پێی دەڵێن قەیسەری زۆر زۆر سەرنجی رادەکێشام، جوانی و ئەفسونی بازاڕەکە وایان لێ کردبووم حەزمدەکرد هەموو ئیشێکی بازاڕی ماڵی خۆمان من بیکەم. من باوەڕ ناکەم لەئەوروپاشدا بازاڕی واخۆش و ئەفسانەیی هەبێت، لەو بازاڕەدا کاغەزی پرتەقاڵی و لەزگەو دەزووم دەکڕی و (تەیارە قووشی) واتا کۆلارەم لێدروست دەکردو ئێوارە رەوانەی حەلحەلەی ئاسمانم دەکردو خۆیشم لەگەڵیدا



لەم وێنەیەدا ئەو شەپقەیەی سەری خوشکە بچکۆلەکەم، خۆم بەکارتۆن و لەزگە بۆمدروستکردووەو لەوماوەیەدا توشی نەخۆشی (ملەخڕێ) لەوزەتێن ببووم و ملیان بەشاڵ پێچابووم

بەرزدەبوومەوە بۆ ناو ئەستێرەکان. هەروەها لەو بازاڕەدا دەفتەرو قەڵەمبۆیاغ و پەڕلاغی کاری دەستی قوتابخانە

ومزراح‌و مووشی یاری‌و جلی قوتابخانه‌م ده‌کڕی‌و خۆشترین رۆژیشم به‌منداڵی له‌و بازاڕه‌دا ئه‌و رۆژه‌ بوو که‌ کامێرایه‌کی (جۆری بۆکس)م کڕی‌و ئێستا هه‌ندێك له‌و وێنانه‌م ماوه‌ که‌ به‌و کامێرایه‌ گرتوومن. هه‌روه‌ها ئه‌و رۆژانه‌ش زۆر خۆش بوو به‌سواری پاسێکی دارین ده‌چووین بۆ ئاسکی کفری‌و له‌وێ شه‌مه‌نده‌فه‌ر ده‌هات‌و ده‌یلووراند، جیهانێکی ئه‌فسووناوی له‌لام دروستده‌کرد.

شت زۆره‌ ده‌رباره‌ی کفری بیڵێم‌و کفری له‌ (دبلن)ی برۆست که‌متر نییه‌و نیازمه‌ ئه‌فسانه‌کانی بخه‌مه‌ ده‌قی ئه‌ده‌بییه‌وه‌.

**ده‌ڵێن تۆ نه‌ده‌زانی پاسکیل لێبخوڕیت ء نه‌ئۆتۆمبیل، ئایا ئه‌مه‌ راسته‌؟**

به‌ڵێ راسته‌ نه‌ده‌زانم پاسیکیل لێ خوڕم نه‌ ئۆتۆمبیل و به‌لامه‌وه‌ سه‌یره‌ پاسکیل له‌سه‌ر دوو پێچکه‌ ده‌ڕوات و زۆر زۆر سه‌رسامم به‌و کچانه‌وه‌ که‌له‌ پێشبڕکێ جیهانییه‌کانی پاسکیلدا به‌شداری ده‌که‌ن‌و به‌و په‌ڕی خێرایی لێده‌خوڕن‌و ناترسن.

سه‌یر ئه‌وه‌یه‌ من زۆر جار بیر له‌وه‌ ده‌که‌مه‌وه‌ که‌ هێزێکی رۆحی بدۆزمه‌وه‌ پێی بفڕم بۆ ئاسمان‌و بن ده‌ریاو کوێ وکوێ. به‌ڵام هه‌رگیز بیر له‌وه‌ ناکه‌مه‌وه‌ فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبیل‌و پاسکیل ببم.



**تۆ زۆر باسی سۆفیگەریتی دەکەیت کەچی شیعرەکانت پێمان دەڵێن تۆ عاشقترین کەسی عەشقی مێینەو سۆفیگەریتی چۆن لەبازنەیەکدا پێکەوە گرێدەدەیت؟**

شێخ محێدینی عەرەبی ناسراو بەئیبن عەرەبی سۆفییەکی ناسراوە لەهەموو جیهانداو دەیان شیعری دڵداری هەیەو بەڕای من خۆشەویستی بەشێکە لەسۆفیگەریتی و ئەوەی نەتوانێت ئاشقی کچێك بێت ناتوانێت ڕێگەی سۆفیگەریتی هەڵبژێرێت. ئەشقی جەستەی کچێك چرای ڕێگای تاریکی سۆفیگەرێتییەو لەم بارەیەوە نووسەری ناسراوی عێراقی (عەزیز ئەلسەید جاسم) لەکتێبی (حقوق المرأە)دا بابەتی زۆری نووسیوە. ئەوەی یەکلایی کردۆتەوە کە سۆفیگەریتی بەبێ عەشقی ژنێك بەرجەستە نابێت. چونکە ئەگەر یەکێك نەتوانێت خۆشەویستی بەژنێکی هاوکوفی خۆی ببەخشێتو بەژانو سوێی ئەو عەشقەوە بتلێتەوە. چۆن دەتوانێت لاقی عەشقو خۆشەویستی پەروەردگارێکی مەزن لێبدات کە تۆزقاڵێك لەنووری بوونی کێوێك دەکات بەخۆڵەمێش. بەڕاستی من لەجوانی هەموو ئەو کچانە کەخۆشمویستون گەورەیی و بێ هاوتایی و جوانی خوام دۆزیوەتەوە.

**تۆ زۆرجار دەڵێیت حەز دەکەم سێسەد چوارسەد ساڵ بژیم باشە لەو ماوە دورو درێژەدا چی دەکەیت، ناترسی لەوەی خوا ئەوەندە تەمەنت درێژبکات؟**

پشت بەخوای مەزن دەمەوێت زۆر بژیمو پێشبینی دەکەم تا کۆتایی بەشی یەکەمی سەدەی بیستو یەك یا نەختێ زیارتریش بژیم. ڕاستە نەخۆشمو ڕۆژی مشتێ داودەرمان دەخۆم، بەڵام وەك دەڵێن تا نەخۆشێك دەمرێت سەد ساغ بەخاك دەسپێردرێت.

ئەگەر چی لەسەدا هەزار باوەڕی تەواوم بەحاڵەتی زیندووبوونەوەی دوای مردنو ژیانی دووبارەی دوایی لەجیهانێکی دیدا هەیە، بەڵام هەر حەزدەکەم زۆر بژیمو دڵنیام خوای مەزن ئەم حەزەم دێنێتەدی.

**لەسەردەمی لاویتدا دڵداری چۆن بوو بەتایبەتی لەشارێکی بچکۆلەی وەک کفریدا؟**

دڵداری هەر دڵدارییە. بەڵام بەخوا ئەوسا رۆمانسیانە بوو بەدەگمەن دەستو دەم تێکەڵاو دەبوونو زیاتر یەکدی بینینی رێی قوتابخانەو ئاڵوگۆڕکردنی نامەبوو. هەرچۆنێك بێت کچان ئەوسا سەرنجڕاکێشتر بوون لەئێستاو ئێمەی کوڕانی ئەو سەردەمە ئاواتەخوازی ئەوە بووین رەشەبایەك هەڵبکاتو چمکی تەنوورەیەك بەرزبکاتەوەو پاپووزو سەر ئەژنۆی کچۆڵەیەك دەربکەوێتو ئاهێك بەدڵماندا بێت، چل رۆژو چل شەوی تەواو ئەو دیمەنە جوانەمان لەبەر دیدەی خەیاڵدا بەرجەستە دەکردو لەشاشەی یادەوەریماندا تۆمارمان دەکرد. بەڵام ئێستا ئەو جۆرە دیمەنە لەناو بازاڕو کۆڵانو ناو ئوتۆمبیلو باخچەی گشتییەکانو کویۆ کوێی دیدا بووە بەشتێکی ئاساییو باوەڕ ناکەم ئەو تام و چەژەی لێوەربگیرێت کە ئەوسا ئێمە لەسەرە رێی قوتابخانەی کچاندا بەڕێکەوت بۆمان هەڵدەکەوت. کچێ بەڕاستی من لەدڵداریدا کلاسیکییانە بیردەکەمەوەو دەڵێم دڵداری ئەوسا خۆشوبەتام بوو.

**حەزت لەسەفەر هەیە؟**

حەزم لەسەفەر هەیەو حەزدەکەم هەموو شارەکان ببینمو هۆکاری رەخساندنی بواری بینینی شارەکان زۆرەو مرۆڤ لەمڕۆدا دەتوانێت لەڕێگای زەویو ئاسمانو دەریاوە بگاتە زۆربەی جێگاکانی جیهان. بەلای منەوە دوورترین سەفەرو سەختترین سەفەر سەفەری گەیشتنە بەدڵی کچێك. ئارمسترۆنگ زۆر بەئاسانی گەیشتە سەر مانگ بەڵام مەحاڵە مەحاڵ بتوانێ بەو ئاسانییە دڵی کچێك داگیربکات.

**ڤانکۆخ وەک خۆت لەشیعرێکدا دەڵێی لەنامەیەکدا بۆ براکەی نووسیویەتی کوێرەوەری ژیان کۆتایی نایە تۆ چی دەڵێی؟**

من دەڵێم نەبەختەوەری کۆتایی دێو نەکوێرەوەری. مرۆڤ کەلەدایکدەبێت ناچارە ململانێ لەگەڵ ژیاندا بکاتو مرۆڤگەلێك هەن بەختەوەریی ژیانی خۆیان بەخۆشگوزەرانی کەسانی دییەوە گرێدەدەن ئەمانە نموونەی بەرزیو

شکۆمەندین و هەشن تەنها بەختەوەری خۆیان دەوێت و ئەوانە دڕندەن و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کەسانی دی دەدزن و بەڕای من چۆن لەناو کۆمەڵگەی ئاژەڵدا گورگ و ڕێوی و سەگ و کەمتیار و کەرکەدەن و فیل و چەقەڵ و چیوچی هەن. لەناو کۆمەڵگای مرۆڤیشدا هەر بەو جۆرەیە بەڵام لەکەوڵی مرۆڤدان.

فان کۆخ هونەرمەندێکی لووتکەیەو بەداخەوە قوربانییەکە لەقوربانییەکانی کۆمەڵگای سەرلێشێواوی ئەو سەردەمەی ڕۆژئاوا، چونکە هەستیان بەگرنگی و شاکارێتی کارە هونەرییەکانی نەدەکردو لەو ئاستە هونەرییەدا نەبوون کە فان کۆخ پێی گەیشتبوو.

**گوتەزایەک هەیە پێی سەرسام بیت؟**

جگە لەناوەڕۆکی کتێبە پیرۆزەکان زۆر زۆر سەرسامم بەگوتازایەکی (ئەبراهام لەنکۆلن)، کە دەڵێت: لە هەر شوێنێکدا دڕکێکت بینی هەڵیبکێشەو گوڵێك لە جێگاکەیدا بچێنە. وا بزانم خەڵکانی وا ئەگەر کەمیش بن...زۆرن... ئەگینا گەردوون وێران دەبوو.

**چەندجار مسوەدە، دەنووسیتەوە؟**

کچێکی عاشق بەیانیان کە دەچێتە دەرەوە چەندجار قژی دادێنێ و دیسانەوەو دیسانەوە دایدێنێتەوە منیش ئەوەندە ڕەشنووسی شیعرەکانم دەنووسمەوەو فۆرم و ناوەڕۆکەکەی دەستکاری دەکەم و هەندێکجاریش دەچم لەچاپخانە دەستکاری دەکەم و لێرەو لەوێ هەندێك شتی لێدەگۆڕم.



بیرکردنەوەی لەبارەی خواوە:
گەڕان بەدووی دووایین ڕاستیدا

سەڵاح حەسەن پاڵەوان



گەجەستەو مردن ڕێککەوتن..
هەمووشتێک بەکۆتادەگات
دیمانە لەگەڵ خۆسێ ساراماگۆ

عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە



بەشی شەشەم
گەورە تراژیدی نووسان

حەمەکەریم عارف



تەنەکە-کەی یەشار کەمال
لەئیتاڵیاش لێدرا

لوقمان محەمەد ڕەشید

# وەرگێڕان



# بیرکردنەوەی لەبارەی خواوە:
# گەڕان بەدووی دووایین راستیدا

**وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان**

**ئایین هێزێکی بەتوانایە لەژیانی مرۆڤدا:**

*لە کۆمەڵگای کرۆماگنۆندا Cro-magnon مردوویان لەحاڵەتی کۆرپەڵەی نێو رەحمدا ئەناشت و دەوروبەریان پڕ لەشتی بەسوود دەکرد، لەبابەتی رم و ملوانەکەی خۆجوانکردن و قاپ و قاچاخی چێشت لێنان، وەك بڵێی ئەو کەسە لەوانەیە ژیانێکی تر تاقیبکاتەوە.

*کەسانی هۆزێکی سەرەتایی لەبەر دەرگای خوای مەزندا دەوەستان و دەپاڕانەوەو داوایان لەخوا دەکرد چاوی رەحمیان لێبێت و بارانیان (لەوان) لێ نەبڕێت.

*لەژاپۆنی مۆدێرندا زەنیەکی Zen بودیست لەمەڕ یەکێتی نێوان (من) و (نا-من)دا بیردەکاتەوە.

*بەدرێژایی مانگی رەمەزان، مانگی پیرۆزی موسڵمانان، ئەندامانی خێزانێکی ئیمانداری مەراکیشی لەهەڵاتن تا ئاوابوونی رۆژدا بەڕۆژو دەبن.

*لەیەکشەمەی جەژنی پاکدا، بڕواهێنەرە مەسیحییەکانی سەرتاسەری جیهان بەبۆنەی هەڵسانەوەی مەسیح جەژن دەگێڕن. ئەم کارە ماوەی دوو هەزار ساڵە مەسیحییەکان ئەنجامی دەدەن.

نموونەی زۆر لەم بابەتە هەن بەڵگەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بێ دوورکەوتنەوە لەئایین ئایینپەروەرە. خێڵەکانی سەرەتایی و پێش مێژوو پاڵپێوەنەرە ئایینیەکانی خۆیان لەقاڵبی کاری گیانگەرایی animistic و تەوتەم پەرستیدا نیشاندەدا. لەسەرەتای شارستانییەتەوە بڕێکی زۆر ئایین پەیدا بوون و هەریەك لەم ئایینانە بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز گەشەیانکردو بڵاوبوونەوە. هەر بۆ نموونە ئایینە جیهانییەکان پێشڕەوترو بەڕادەیەکی زۆر چەمکی دوواین راستییان Ultimate reality ئاڵۆز و ماقوڵ کرد: (ئەم راستییە) لای یەهودییەکان (یەهوە Yahweh) وەو لای مەسیحییەکان (خوای دەرکەوتوو لەسێینەدا)Triune God،و بەبڕوای موسڵمانان (الله) یە، لای هیندۆسەکان (شیڤا) یان (ڤیشنۆ)یە، بەبڕوای تراڤادای بۆدیزمەکان (نیرڤانا) یە.[1]. تەنانەت ئەو کەسانەشی وزەیەکی زۆر بۆ ئینکارکردنی خوا بەکاردەهێنن وەك (مەدلین ماری ئۆهەرMadalyn Murry O'Hair و ئەنجومەنی خوانەپەرستانی ئەمریکایی)[2] شایەدی دەدەن لەسەر کاریگەری قوڵی خوداوەند لەسەر ژیانی مرۆڤ.

**پێناسەی ئایین:**

ژمارەیەکی زۆر پێناسە بۆ ئایین هەن.[3] تیئیل C.P.Tiele (١٨٣٠-١٩٠٢) نووسیویەتی (لەڕاستیدا، ئایین بارودۆخێك یان حاڵەتێکی روحی یان حاڵەتێکی پاك و حورمەتئامێزە کە پێیدەوترێت (لەخوا ترسی piety)، disposition برادلی F.H.Bradley (١٨٦٤ ١٩٢٤) دەیووت (پێش هەموو شتێك ئایین کۆششێکە بۆ ئەوەی لەتەواوی رووی بوونمانەوە حەقیقەتی کامڵ بدۆزینەوە). هەروەها جیمز مارتینو James Martineau (١٩٠٠ ١٨٠٥) پێیوابوو کە (ئایین واتە بڕوابوون بەخوایەکی هەمیشە زیندوو، بڕوابوون بەئیرادەو زەینی خوایی کە دەسەڵاتی بەسەر جیهاندا هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی رەوشتیی

لەگەڵ رەگەزی مرۆڤدا هەیە). ئاشکرایە هەریەك لەم پێناسانە جەخت لەسەر تایبەتمەندی جیاواز دەكەن: تیئیل جەخت لەسەر پەرستن و خواترسی دەكات و برادلی ئایین بەچاكە پەیوەست دەكاو مارتینو ئاماژەكردنەكەی بڕوابوونە بەلایەنەكانی رەوشتیی تاكپەرستیی ethical monotheism. پێناسەكانی تری ئایین تایبەتمەندی دیكە لەبەرچاو دەگرن ئەو تایبەتمەندییانەش لەبابەتی رێوڕەسمی ئەنجامدانی ئایینی و نزاو پەیوەندیكردن بەخواكانەوە. پێدەچێت هەریەك لەم پێناسانە بەشێك لەڕاستیگۆیی و ماقوڵیەتییان تێدابێت. ئایینی هێجگار ئاڵۆز هەن. بەرامبەر بەمەش مەرجی عەقڵ ئەوەیە هیچ روویەكی تاكانە بەپێناسەی كاملی ئایین نەبەخشێت. بۆ نموونە ئایینە سەرەتاییەكان، وەك ئایینەكانی شەمەنی Shamanistic كە پێدەچێت نەرمگەردنییان لەئەنجامی ترس و تەماحەوە بوبێت، نەك لەئەنجامی هەستكردن بەترسی پەتی. سەرەڕای ئەمەش پێناسەكەی تیئیل پێناسێكی گشتگیر نییە. هەر بەهەمانشێوە ئایینی دیكەش هەن بڕوایان بەفرەخوایی هەیە (هەروەك ئایینی یۆنان و میسرییە كۆنەكان) و بڕواشیان بەوە نییە كەجیهان خوایەكی تاك و تەنیای هەیەو حوكمڕانی دەكات. ئەو پێناسەشی مارتینۆش پێشكەشی كردووە ناتوانێت تەواوی ئایینەكان بگرێتەوە.

بەگشتی هەموو ئەم ئاماژانە ئەوە نیشاندەدەن پێناسەكردنی ئایین كارێكی دژوارە. لەلایەكی دیكەشەوە، كاتێك بەشێوەیەكی گشتی باس لەئایین دەكەین . ترسی ئەوەش هەیە كە تووشی بێ دیقەتی و وتنی نەزانراو و نائاشكرا بین. تەنانەت رەنگە وردەكارییە گرنگ و ئاڵۆزەكانی ئایینی واقیعیش بشێوێنین. بۆ نموونە، ئایین زۆر كات (نەك هەمیشە) هاوشانە لەگەڵ (بڕوابوون بە سوپەرناتیورالْ یا ئیلاهیات، بەڵام لەهەندێك ئاییندا بڕوابوون بەسوپەرناتیورالْ بوونی نییە، وەك نموونە: (قوتابخانەی بودیزم بڕوایان بەبوونی خوا نییە nontheistic) لەو ئایینانەشی كەسوپەرناتیورالْ ئامادەیە وەك (تائویم، هیندۆیسم و ئیسلام) رۆڵێكی ئێجگار جیاواز دەگێڕن. لەنێو ئایینەكاندا جیاوازی هێجگار مەزن هەیە، لەبەر هەمان هۆشە دۆزینەوەی كەمترین هاوبەش

یان وتنێکی دوورودرێژ لەسەر (ئایین بەشێوەیەکی گشتی) کارێکی ئاڵۆزە. لەلایەکی دیکەشەوە جەختکردنە سەر یەك ئایینی تایبەت زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی لەهەندێك لەتایبەتمەندییە تەواو گشتییەکان کە بەئاشکرا ئایینەکان تێیدا بەشدارن بێئاگابین و یان بەگرنگی نەزانین. رەنگە ئێمە بەتێبینیکردنی ئەو ئاڵۆزییانەی کە لەپێناسەکردن و وتنی واژەی ئاییندا هەن، وا هەستبکەین ئیتر دواچارەو چارەی بنبڕمان لەبەردەماندا نەماوە، بەڵام لەلێکۆڵینەوەی ئێستادا (خستنەڕووی) پێناسەیەکی کاتیی بەسە، بەڵام دەبێت پێناسەیەکی کاریگەر بێت. لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەگەری خلیسکان لەئارادایە چ لەحاڵەتی (خستنەڕووی پێناسەیەکی گشتی لەبارەی ئایینەوە یان حاڵەتی جەختکردنە سەر ئایینی تایبەت)، لەبەر ئەم هۆیە دەبێت بەحەزەرەوە هەنگاو هەڵهێنین. بەهەرحاڵ ئەم راستییە لەجێگەی خۆیدا دەبێت، گەر ئێمە لەهەموو ئایینەکاندا لەهەوڵی دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکی هاوبەش نەبین، ئەوا ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە دەڵێت:(چ شتێك ئایینێکی تایبەت دەکات بەئایین؟).

بەڕووکردنە ئەو تایبەتمەندییە گشتییەی کە لەبونیادی تەواوی ئایینەکاندا بەهاوبەش دێنە بەرچاو، توانای ئەوە هەیە پێناسەیەکی کارامەی ئایین پێشکەش بکەین. سمارت نینین ئەم بۆچوونەی پێشنیارکردوەو شەش تایبەتمەندی یان (مەودای) گشتیشی بەم جۆرە پێڕست کردووە، بەبڕوای ئەو لەهەموو ئەو ئایینانەی کە هەن ئەو شەش تایبەتمەندییە هاوبەشن، ئەوانەش بریتین لە: دابونەریتە ئایینییەکان، ئەفسانە، بڕواخوازی، رەوشت، سوودمەندی کۆمەڵایەتی، ئەزموون[٤]. بێگومان پێڕستەکەی سمارت پێڕستێکی سوودمەندە، بەڵام دەتوانرێت بەلایەکی دیکەش چینبەندی تایبەتمەندییەکانی ئایین بکرێت، بەو مەبەستە فیعلییەی کە ئێمە هەمانە، مۆڵەتمان بدەن تا بڵێین ئایین لەکۆمەڵێك بڕواو کارو هەستی (تاك و کۆمەڵ) پێکهاتوەو بەدەوری چەمکی دوواییندا چەقی بەستووە. دەکرێت ئەم راستییە بەپێی جیاوازی ئایینەکان لەگەڵ یەکتری قبوڵ بکرێن، جیاوازییان لەڕووی یەکتایی و زۆرتایی، دیارو نادیار، خوایی و ناخوایی...... هتد. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت هەموو ئەو دیاردە کەلتوورییانەی

کە پێیان دەوترێت ئایین لەقاڵبی ئەم پێناسەدا کۆبکرێنەوە. ئەو (کارانەی) (ئایینە جۆراوجۆرەکان) پێشنیاری دەکەن دەگۆڕێت، هەر لەئەنجامی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانەوە تا پابەندبوون بەژیانێکی ڕەوشتخوازییەوە.(هەستەکانیش) کە ئایینەکان داوایدەکەن، بەرامبەر بەژیان و جیهان جیاوازییان هەیە هەر لەهەستی ترس و گەردننەرمییەوە تا دەگاتە هەستەکانی خۆشبینی. بەرامبەر بەمەش نابێت ئەو کارو هەستانەی بەتەواوی ئایینین لەقاڵبی دەستەواژەی کەلتوورێکی تایبەتدا پێناسە بکرێن. لەنێوان کەلتوورو ئایینەکاندا هەمەچەشنییەکی زۆر هەیە.

هەروەك ناونیشانی ئەم کتێبە نیشانی دەدات، لێکۆڵینەوەی ئێستای ئێمە پەیوەندی بەبڕواوە هەیە بەتایبەت بڕوا ئایینییەکان. لەم باسەماندا مەبەست لە(بڕواکان) ئەو گوزارانەن کە بەڕاستەقینە وەردەگیرێن و ئەوانەشی کە هەڵگری ڕاستی و ناڕاستین. هەموو ئایینەکان لەسەر بڕوا بونیادنراون، بڕوایەك ڕووی لەماهییەتی واقعی باڵایەو پەرچدانەوەی گونجاوی هەیە دەربارەی ئەو واقیعەو هەندێك لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەو واقیعەوە هەیە. بڕوای هەر ئایینێك ئەو کارە تایبەتییانە ڕێنوێنی دەکات کە ئەو ئایینە پێیباشەو ئەو سۆزانەی دەیوروژێنێت. ڕەنگە ئەم بڕوایانە بەڕەسمیی و لەشێوەی پرنسیبی بڕوادا دەربکەون، یان ڕەنگە تا ڕادەیەك بەشێوەیەکی ناوکۆیی لەکاری ڕۆژانەی ئەو ئایینەدا بوونی هەبێت. ئەڵبەتە بڕوا بنچینەییەکانی هەر ئایینێك دەربارەی ڕاستی ڕەها، لەتێکستی ژیانی واقیعیدا تەعبیرو ڕاڤە دەکرێن. ئاشکرایە وردەکاری فراوانی ئایینەکان بەچۆنییەتی ئەم تەعبیرو ڕاڤەکردنانەوە پەیوەنددارن. ئەمشێوە بڕوایە پێیدەوترێت بڕوا ئایینییەکان، ئەمیش وەکو هەموو بڕواکان دەتوانێت لەڕووی توندوتۆڵی و پەیوەنددارو ماقوڵی و ڕاستگۆییەوە ببێتە جێگای هەڵسەنگاندن.

بەهەرحاڵ گەر هاتوو ئێمە ڕوبەڕووی کۆمەڵێك کارو سۆزداری و بڕوای پەیوەستیدار بەدواییینultimate بوینەوە کە لەگەڵ پێناسەی گشتی ئێمەدا تا ڕادەیەك بگونجێت، ئەو کاتە حەقی خۆمانە بڵێین ئەو کۆمەڵە، گەواهی ڕاستی

ئـاييىن. بێگومــان هەنــدێك لــەديارده كەلتورييــەكان تاڕادەيــەك تايبەتمەنــدی وەهايان تێدايە كە دەكرێت باسيان لێوە بكرێت، بەرامبەر بەمەش دەتوانرێت ئـەو دياردانــەش وەك گــەواهی راســتەقينەی روون و بــێ چەنوچــوونی ئــايين بژمێردرێن. بەپێی ئەو پێناسەی ئێمە دەكرێت هەردوو مەزهەبی كاتۆليسمی ڕۆم و جولەكــەی ئــەرتۆدۆكس نموونــەی راســت و ناگومانــاوی ئــايين بــن. نمونــەی ديكــەش (بــۆ نموونــە هەنــدێك لەشــێوەكانی بوديــسم و تەنانــەت شــێوە ئايينــە يەكتاپەرســتييەكان) هــەن، بــەڵام بەشــێوەيەكی كــەمتر ئــەو تايبەتمەندييانــەيان تێدايە كە باسمانكردن، بەڵام ئەو نموونانەش لەو شێوانەن دەكرێت وەكو باسی ئـاييني بـاس بكـرێن. تەنانـەت كەسـانێك هـەن دەڵـێن كـە هيومـانيزمی دنيـايی (نـارۆحی)Secular humanism و كۆمۆنيـستيش ئـايينن، يـان هـيچ نـەبێت لەڕێگــەی هێزێكــی توونــدەوە تايبەتمەندييــە ئايينييــەكان نيــشاندەدەن. لەبەرئەوەی ئەم قوتابخانانە بەشێوەيەك بەدوای يەكداهاتوون وەك دوايين راستی گرنگی بە(پێشكەوتنی مـرۆڤ) و (بـارودۆخی كۆمەڵايـەتی collectivist state) دەدەن و هاوكات لەگـەڵ ئەوانەشـدا (رێگـا) بەكۆمـەڵێك هيـواو سيـستمی بـەهاكان دەدەن.

ئەڵبەتە ناتوانين بەشێوەيەكی تـەواو و تـەنياو بەبينينێكی پـەتی لـەئايينێكی تايبــەت (واتــە ســۆزو حاڵەتــە رۆحييــە قبوڵكراوەكــانی ئــەو ئايينــەو ئــەو دابونەريتانـەی كـە رێگـای پێـدەدات و گـرنگێتی داسـتان و ئەفسانەكانی و ئـەو رێگــاو شــێوازانەی بــۆ ژيــان بــەڕەوای دەبينێــت) بگــەين. لــەنێوان رەگــەزە بەهێزكـەرەكانی هـەر ئايينێـك كۆمـەڵێك هۆكـاری دەروونناسـی و كۆمەڵناسـی و مێـژوويی زۆر هـەن كـە ناتوانرێـت بەچاوی سادەی كەسێكی ناپسپۆڕ تێبـينی بكرێن. لەبـەر هـەمان هۆيـە كـە كەسێكی پسپۆڕی دەرونناسـی يـان كۆمەڵناسـی ئــايينی دەتوانێــت بڕێــك خــاڵی سەرنجڕاكێــشەر فێــری ئــەو كەســانە بكــات كەپسپۆڕی ئەو بـوارە نـين. بەشـەكانی دەروونناسـی و كۆمەڵناسـی و مرۆڤناسـی رێگای سوودمەند بەڕووی (درككردن بە) واقيعە ئاڵۆزەكانی ئاييندا دەكەنـەوە، بەڵام تەواوی ئايينەكان ديسان مەودايەكی گرنگی ديكەشيان تێدايە. كە ئەويش

مـەودای عەقڵـە. مـەودای عـەقڵ بـۆ بـڕوا بنـەڕەتی یـان خواسـتەکانی راسـتی و درۆبەردارەکانی ئەو ئایینە دەگەڕێتەوە. مەودای عـەقڵ (واتـە ئـەو لایـەنـەی ئـایین کە پەیوەندی بەبڕواوە هەیە) ماناو رێڕەو دەبەخشێتە کارو ئەزموونەکانی ئەو کەسـانـەی پـەیڕەوی ئـایینێکی تایبـەت دەکـەن. فەلـسەفە بەشـێکە گرنگـی بەسازگاری و راستەقینەیی بڕواکان دەدات. بۆیە فەلسەفە حەقی خۆیەتی کاتێك کـە بـڕوا ئایینییـەکان لێکدەداتـەوە. پێـشئەوەی بتـوانین لـەبواری ئاییـندا بەشـێوەیەکی تـەواو رۆڵ و ئەرزشـی لێکۆڵینـەوە فەلسەفییەکان بـزانین، دەبێـت بەگــشتی هەنــدێك لەشــێوازە ســەرەکییەکانی لێکۆڵینــەوە لــەبارەی ئــایین لیکبدەینەوە.

### لێکدانەوەی چەندلایەنیی ئایین Manifold:

بـۆ لێکدانـەوەی واقیعـی ئـاڵۆزی ئـایین کۆمـەڵێ شـێوازی فـراوان هـەن. ئـەم شـێوازانە بوونەتـە هـۆی بـەدیهێنانی بەشـە جۆراوجۆرەکـانی بـواری دانـشگایی بەتایبـەت ئەوانـەی کە بەشـێوەیەکی رەسمیـی ئایینیـان کردووەتـە بابـەتی کـاری خۆیـان. گەرچـی ئـەم بەشانە هەندێکجار تێکەڵ بەیـەکتری دەبـن، بـەڵام کـارێکی باشـە گـەر ئەوانـە بـەپێی مەبەسـت و شـێوازە تایبەتییـەکانیان لەیـەکترییان جیاکەینەوە تا فەلسەفەی ئایین لەدیمەنێکی باشتردا دەرکەوێت.

لەبواری دەروونناسی ئایینیدا، دەروونناس هەڵدەستێت بەخوێندنەوەی ئەو کاریگەرییانــەی کــە کــارو بــڕوا ئایینییــەکان بەســەر یــەکێتی تاکایــەتی (ئایینپـەروەران)ەوەی بەجێێـدێڵن. کۆمەڵناسـی ئـایینی، بەشێکە کـە کۆمـەڵناس دەیەوێت بەوە بگات ئایا کارو بڕوای ئایینی گروپێکی تایبەت چۆن رۆڵی خۆیان لەکۆمەڵگایەکـدا دەبیـنن و چـۆنیش بەشـداری لـەبونیادی کۆمەڵایەتیـدا دەکـەن. مرۆڤناسی ئایینی، سەرنجی مرۆڤناس بۆ رۆڵی ئایین رادەکێشێت وەك بەشێکی نەپساوەی بـواری کـەلتووری، بەشـێکە کـەمانا دەبەخـشێتە کەلـەپورو بەرهەمـە نووسـراوو هونەرییـەکانی ئـەو بەشـە. مێـژوونووس بەخوێندنـەوەی مێـژووی ئایینـەکان شـیکردنەوەو کـامڵبوونی ئـایین لـەبواری زەمەنـدا لێکدەداتـەوە وەك

دیاردەیەك كە لەگەڵ واقیعە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكاندا لەمامەڵەكردندایە. لەلێكۆڵینەوەی جێبەجێكاری ئایینیدا، ئەو كەسەی كە خەریكی خوێندنەوە جێبەجێكارییەكانە، ئەو وردەكارییانە لەگەڵ یەكتریدا تاوتوێ دەكات كە لەهەموو ئایینەكاندا هەن. تا بۆی بكرێت یەكبوونی بابەتەكان دەخاتە بەرپشكنین و لێكدانەوە، ئەوانەی كە لەیەكتری دەچن و یاخوود ئەو رووە یەكسانانەی كە لەهەموو ئایینەكاندا هاوبەشن.

یەكێك لەسنووردارییەكانی ئەمجۆرە لێكۆڵینەوە ئایینییانە ئەوەیە ئەوەندە مۆڵەت بەباس و لێكۆڵینەوە دەربارەی ماقوڵییەت و راستی بڕوا ئایینییەكان نادات. ئەمجۆرە باسانە دەبێت لەخانەی فەلسەفەدا بخرێتە ژێر لێكۆڵینەوەوە. چەمكە ئایینیەكان دەبێت لەرووی روونی و گونجاوییەوە لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرێت، دەبێت بونیادی عەقڵی بڕوا ئایینییەكان بپشكنرێت و پەلوپۆی ramification دیدگا ئایینییەكان بەوردی تێبینی بكرێت. پاشئەوەی هەموو بەشەكان خوێندنەوەی خۆیان بەئەنجام گەیاند، ئەو كاتە نۆرەی ئەمجۆرە لێكۆڵینەوانە واتە بەڕاستی نۆرەی فەلسەفە دێت.

**فەلسەفەی ئایینی چییە؟**

لەكاتێكدا لێكۆڵینەوەی عەقڵانی ئایین بەتەواوی (واتە بڕوا بنچینەییەكانی ئایین) سوودمەند دەبێت، گەر هاتوو هۆشمەندانە جێبەجێ بكرێت و بەرنامەی بۆ داڕێژرێت. فەلسەفە بەشێكە بەڕاستی وردبینانە لەبڕواكان دەكۆڵێتەوە، بۆیە بەڕاستی دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەی لێكەین بۆ خوێندنەوەی بڕوا ئایینییەكان كۆمەكمان بكات، لێكۆڵینەوە دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو بڕوایانە خاوەن مانا و گونجاوی و ماقوڵییەتن یان نەخێر، بەڕاستی ئەم كارە تەواو كارێكی فەلسەفییە. ئەو بەشە دانشگاییەی كە مەودای عەقڵی ئایین شیدەكاتەوە، لەژێر ناونیشانی فەلسەفەی ئاییندا دەناسرێتەوە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی ئایین بەدواچوونە بەدووی ئارەزووی خۆڕسكی مرۆڤ بۆ بیركدنەوەی جیدی لەبارەی بابەتە هەرە گرنگەكان. فەلسەفەی ئایین، وەك بابەتێكی دانشگایی، ئەم ئارەزووە خۆڕسكییانە دەربارەی پرسین و تێگەیشتن دەپاڵێوێت refine، بۆ ئەم

مەبەستەش تەکنیك و تێگەیشتنی قوڵی سیستمی دیاردە فەلسەفییەکان دێنێتە مەیدان و بەسەر بڕوا ئایینییەکانیدا جێبەجێیدەکات.

لەڕووی مێژووییەوە فەلسەفە جەختی کردووەتە سەر چەندین هۆکاری بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوەی تەواوی بابەتە گرنگەکان، لەوانە ئایین. یەکەمین هۆکاریش حەزکردنە بەئاشکراو روونی clarity، ئەمەش هەمیشە وا لەفەیلەسوفەکان دەکات لەمانای دەستەواژەو چەمکەکان وردی و وردەکاری پەیڕەوبکەن. بۆ نموونە فەیلەسوفانی ئایینی زۆر هەستیارن بەرامبەر بەپێناسەکردنی دەستەواژەکانی وەك خوا، موعجیزە، خراپە.

هۆکاری دووەم ئەوەی فەیلەسوفان جەختی لەسەر دەکەن، پێویستی بوونی ئاراستەیی رەخنەییە. لەئاراستەیی رەخنەییدا، ئەرکە شاراوە ئاشکرا بووەکان دەخرێنە ژێرتاوتوێکردن و قوڵبوونەوە هەروەها بەشە ئەڵتەرناتیف و رەخنەکانیش ئەوانەی تایبەتن بەهەر بابەتێك تێبینی دەکرێن. هەر لەبەر هەمان هۆیە کە فەیلەسوفەکانی ئایین هەرگیز تەنیا بەوە رازی نابن تیۆرێکی تایبەت لێکیبدەنەوەو راگەیاندنی رووتی بۆ بکەن، بەڵکو ئەوان زۆر جیدیتر دەکەونە پشکنینی خاڵە سلبی و ئیجابییەکانی ئەم تیۆرە.

سێیەم فەیلەسوفان هەمیشە جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە بڕوا بەرپرسییەکان هەر دەبێت لەسەر بەڵگە بونیاد نرابێتن، نەك بەکرداری دانەپاڵی تاکەکەسی یا بەکۆمەڵ بەڕاستی بزانێت. تەنانەت ئەو کەسانەشی بڕوایان وایە کە بۆ هەندێك لەبڕواکانیان پێویست بەهێنانەوەی بەڵگە ناکات، دەبێت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش بەڵگەیەك بێننەوە. ئەوانەشی پێچەوانەی ئەوەن دەبێت بۆ نارەزایبوونەکانیشیان بەڵگەیەك بخەنەڕوو. بەرامبەر بەمە لەهەلومەرجی ئایدیالدا، تاکەکەس دیدگاکانی لەسەر بونیادی بیرکردنەوەی باوەڕپێکراو پایەدار بونیاد دەنێت، هەروەها ئەو بڕوایانەش قبوڵدەکات کە لەسەر ئیستیدلالی وردتر بونیاد نراوون. بۆ نموونە، زۆر لەو کتێبانەی دەربارەی پرنسیپەکانی بواری فەلسەفە دەنووسرێن (ئامانجیان لێکۆڵینەوە لەماقوڵییەتی بڕوا ئایینییەکانە)، زۆرجار برێکی زۆری سەرنجراکێشەر

لەلاپـەڕەکانیان بـۆ ئـەو سـەلماندنانە تەرخاندەکـەن کـە تایبەتـە بەپاڵپـشت و دژایەتیکردنی بوونی خوا.

چوارەم، هەندێکجار ڕۆڵـی دیکەش بـۆ فەلسەفە دادەنێن: کە ئەویش ڕۆڵـی بونیادی constructive یان پێکهاتەییەsynthetic. فەلسەفە لەمڕووەوە بۆ ئەوە کاردەکات تاڕوانینێکی گشتگیری بونیاد بنێت. لەسەدەی نۆزدەیەم و سـەرەتایی سەدەی بیستەم فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان. زیادەڕۆییانـە شێوەی پێکهاتـەییان بەکاردەهێنا. ئەوان چەند بنەچەیەکی دیاریکراویان وەك یـەقین و جێگیر دادەنا، پاشـان پـەیان بەکۆمـەڵێك سیـستمی زۆر ئێـسك سـووك و دەرهـاتوو بـرد. ئـەو فەیلەسـوفانەی کـە ڕێبـازی زیـادەڕۆیی شـیکردنەوەیان گرتبووەبـەر، پەرچدانەوەیان بەرامبـەر بەمشێوەیە، پەرچدانەوەیەك بوو کە تا ماوەیـەکی زۆر بەبێ بەهایی و ریسوایی تەماشا دەکرا، بەڵام دەتوانرێت بەرامبـەر بـەم ڕۆڵـەی فەلسەفە، بۆچوونێکی واقیع بینانەترو هاوسەنگتر هەبێت. بەپێی ئەم بۆچوونە، دەتوانرێـت هـەموو ئـەو ئەنجامـە زۆرانـەی کـە تـەنیا لەبەڵگـە فراوانـە پەیوەسـتدارەکانەوە بەدەسـت دێـن، لـەنێو یـەك دیـدگا یـان یـەك تیۆریـدا کۆبکرێنـەوە، بـۆ نموونـە بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە، خـاوەن بۆچوونە فەلسەفە ئایینییەکان دەبێت چەندین راو بڕوای بنبڕ و روونیان هەبێت: چ یەکێك لەو بەڵگە کەلەپووریيانەی خواناسی کە بۆ دژایەتی بوونی خوا دانراون کاریگەرن و (بەو مەرجەی لەبنەڕەتـەوە مەسـەلەی کاریگـەری لـەئارادا بێـت) تـا چ سـنوورێکیش مەسـەلەی خراپـە کـارێکی جیدییـە، ئایـا مـوعجیزە دەکرێـت ڕووبـدات، ئـەزموونی ئـایینی چ مانـاو تێگەیـشتنێکی هەیـە؟ ئەمانـەو چـەندین پرسیاری دیکە.

لەهـەنگاوی دووەمـدا دەتـوانن لەگـەڵ یەکتریـدا داوەری لەسـەر ئـەم ئەنجامـە تاکانـە بکـەن و هـەروەها سـوودو پەسـەندی هەمەلایـەنی ئـەو دیدگایانـە هەڵبسەنگێنن کە دەرئەنجامی ئەم ئەنجامانـەن. ئەم تێبینیانە ئەوە نیشاندەدەن فەلسەفە ڕۆڵێکی تریش دەگێڕێت کە ئەویش ڕۆڵی پێکهاتەییە.

فەلسەفەی ئایین سەرەڕای ئەوەی ستراتیژیی شێوازە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە لەزۆربەی بەشەکانی دیکەی فەلسەفەی جێگیرەوە وەردەگرێت وەك: ئەبستیمۆلۆژیاو میتافیزیك و ڕەوشت...هتد، بۆ بەرەو پێشبردنی خودیش هەر لەو دەستەواژانەوە مایەو ڕوانینەکان بەقەرز وەردەگرێت. بۆ نموونە فەیلەسوفانی ئایین دەتوانن دەست بەئەبستیمۆلۆژیای بڕوا ئایینییەکان بکەن و دەربارەی سەرچاوەی مەعریفەتی ئایینی و سەرچاوە ڕووتێکراو و ڕوو تێنەکراوەکانی ئەو ئایینە قوڵبنەوە. هەروەها دەشتوانن جۆرەکانی تیۆری میتافیزیقی دەربارەی ماهییەت و دروستبوونی بوونی خوا بکۆڵنەوە یاخوود دەتوانن بۆچوونە میتافیزیقییەکان دەربارەی ڕێژەی نێوان هەڵبژاردنی مرۆڤ و حاکمیەتیsovereigntyخوا شیکەنەوە. ئەوان تەنانەت دەشتوانن پەیوەندی نێوان کەلەپورێکی ئایینی دیاریکراو و شێوەیەکی تایبەت لەژیانی ڕەوشتیش دەستنیشان بکەن.

بێگومان، شێوەی ئاراستەکردنمان بەرەو فەلسەفەی ئایین بەتەواوی بەو مەبەستەیە تا بەشێوەیەکی گشتی بزانین ئەرکی فەلسەفە چییە. لەسەرتاسەری مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاوا ئەم بۆچوونە تەقلیدییە لەنێو فەلسەفەدا دەستەبالابووە کە دەڵێت فەلسەفە دەتوانێت ناوەڕۆکی بڕواکانمان لێکبداتەوە لەو ناوەڕۆکانەش، ڕاستی و ناڕاستی بڕوا ئایینییەکانمان. ئیلاهیاتی سروشتی ناونیشانی بەشێکە (سەرچڵیەکە) enterprise لەنێو ئەو بەشەدا ئەگەری ئەوە هەیە لەڕێگەی بەڵگە فەلسەفییەکانەوە دەکرێت بڕوابوون بەخواو زۆربەی بڕوا ئایینیەکان بسەلمێنرێت.

لەدەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ئاراستەی دیاردەناسی phenomenologic ئایین لایەنگرانی تایبەتی بۆ پەیدا بوو. هزرڤانانی ئەم بوارە دەیانگووت ئێمە شێوازی نوێمان داهێناوە بەو شێوەیەی کە لەواقیعدا هەیە بۆ وەسفکردن و درکپێکردنی دیاردەکان.[٥] ئەوان بۆچوونی لەپێشینەو هەروەها ئەو باسە ڕەخنانەی دەربارەی ڕاستی و ناڕاستی بوون دەیانخستە نێو دوو کەوانەوەbracketing یان دەیانهێشتەوە suspending تا ئەو کاتەی

ماهییـەتی ئـایین، بەشـێوەیەكی واقیعـی لەلایـەن پەیڕەوانیـەوە ئـەزموون دەكـرا (ئاشكرا disclose) یان (دەردەخرا lay bare).[٦]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەبەشی زۆری سەدەی بیستەم، ئاراستەی فەلسەفی لای فەیلەسوفە ئینگلیزەكان ئاراستەیەكی شیكەرەوەیی بووە. بەپێی بۆچوونی فەلسەفەی شیكاری توندڕەوانە، كاری فەلسەفە تەنیا شیكردنەوەی لۆجیكی ئەو بۆچوون ideas و روونكردنەوەی مانای ئەو كۆنسێپتانەیەconcept یە كە بەكاریان دەهێنین، (بەرامبەر بەم بۆچوونەش) فەلسەفە ناتوانێت دەست بەباس و لێكۆڵینـەوەی راسـتی و ناڕاسـتی بڕواكانمـان بكـات.[٧] یـان بەبۆچـوونێكی هاوسەنگتر، ئاراستەی شیكاری لەڕاستیدا پەیوەندیدارە بەشیكردنەوەیەكی روون و وردی لـۆجیكی، بـەڵام دەڕوانێتـە ئـەم كـارە وەكـو پێـشەكییەك دەربـارەی قوڵبوونەوەیەكی بنەڕەتییانە لەبارەی حەقیقەت و ماقوڵییەتەوە.

شـێوازی ئێمـە لـەم لێكۆڵینەوەیـەدا شـێوازێكە لەبناغـەوە شـیكارییە، واتـە هەوڵدەدەین بەڵگەو چەمكە گرنگەكان روون و شیبكەینەوە، بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ شێوازە شیكارییەكان شێوازێكی توندڕەوانە نییە، واتە هەوڵدەدەین تا لەتوانادا بێت راسترین و بەردارترین روانین دەستنیشان بكەین. بەمشێوە تا رادەیـەك پارێزگـاری رۆحـی كەلـەپووری دەكـەین، بێئـەوەی مۆدێلـە كۆنـەكانی خودایی سروشتی بەشێوەیەكی تەنیا قبوڵكەین. لەم كتێبەدا بەهیچ شێوەیەك سـوود لەتەكنیكـەكانی دیاردەناسـی وەرنـاگرین، لەبـەر ئـەوەی ئاراسـتەی دیاردەناسی بۆ جۆرە لێكۆڵینەوەیەكی جیاوازتر دەگونجێت.

پـێش ئەمـە، روونكردنەوەیـەكمان دەربـارەی رێـژە لـەنێوان فەلسەفەو ئاییندا پێشكەشكرد، ئەو رونكردنەوەیە تاڕادەیـەك لێبـووردن ئامێزو نزیككخـواز بوو، بـەڵام لـەمڕووەوە بـارودۆخی ئـەو لـەو روونكردنەوەیـە دەچـێت كـە دەربـارەی فەلسەفەی هونەرو زانست و مێژوو (هەروەها بەشێك لەو لێكۆڵینەوانەی دیكە كە تێیدا بەشێوەیەكی تـەواو فەلسەفە هەڵدەسەنگێنێت وەك بابەتێكی دیاریكراو) خراونەتـەڕوو. بێگومـان تـەواوی ئـەم لێكۆڵینەوانـە گرفتـاری شـێوە ئاڵۆزییـەكی زیادن. ئەم ئاڵۆزییانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن ئایا دەكرێت بۆچوونی جیاوازمان

دەربارەی ماهیەتی فەلسەفەو ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت هەبێت، بەڵام لێرەدا وای دادەنێین کە کاری فەلسەفە هەمان ئەو کارەیە کە پێشتر باسمان لێوە کرد. بەرامبەر بەمەش دەتوانین پێناسەیەك بۆ کاریگەری فەلسەفەی ئایین پێشکەش بکەین کە ئەویش ئەم پێناسەیەی خوارەوەیە: فەلسەفەی ئایین کۆششێکە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی رەخنەیی بڕوا ئایینییەکان.

لێرەدا دەبێت فەلسەفەی ئایین لەدوو بەشی تر جیابکرێتەوە کە پەیوەندیەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. فەلسەفەی ئایین جیاوازی لەگەڵ تیۆلۆژی دۆگماتیکیدا Dogmatic theology (یان تیۆلۆژی بڕواخوازیی confessional theology) هەیە. یەکەمین تیۆری تیۆلۆژی دۆگماتیکی ئەوەیە کە بەڵگەکەی لەکەلەپورێکی ئایینییەوە دەستنیشاندەکرێت، یاخود پرنسیبی باوەڕە creed تایبەتییەکانی راستن. ئەوانەی بڕوایان بەدۆگماتیکی تیۆلۆژی هەیە هەوڵدەدەن رێگایەك بۆ روونکردنەوەو بەسیستمکردنی پرنسیبی ئەو بڕوایانە بدۆزنەوە کە بڕوایان پێیەتی، بەڵام هەرگیز دژ بەو پرنسیبانە راناپەڕن. فەلسەفەی ئایینی لەگەڵ زانستی بەرگریکردن لەبڕوا مەسیحییەکان apologetics جیاوازی هەیە. بەرگریکردنەکانی پێشتر لەهەوڵی ئەوەدابوون بەرگری لەڕوانینێکی ئایینی تایبەت دژ بەڕەخنەکانی عەقڵ بکەن. پرۆژەکانی بەرگری یا سلبین negative یا ئیجابی positive، بەرگریکردنە سلبییەکان هەوڵدەدەن ئەوە بسەلمێنن ئەو رەخنانەی دژ بەبابەتێکی ئایینێکی تایبەت کراون راست نین. بەرگریکردنە ئیجابییەکان لەهەوڵی ئەوەدان ئەوە نیشانبدەن ئایا ئەو بابەتە ئایینیانە ماقوڵن یان باوەڕپێکراو. لەزۆر کاتدا بەرگریکردنە ئایینییەکان روویەکی تەواو کردارییان هەیە، واتە زیاتر بەکاردێن بۆ رازیکردن. بێگومان دۆگماتیکی تیۆلۆژی و بەرگریکردنە ئایینییەکان سوود لەزانینی فەلسەفی و دەست رەنگینی لۆجیکی وەردەگرن، بەڵام خۆیان فەلسەفی نین. واتە دەربارەی روانینی دژەکانیان هەڵوێستێکی تا رادەیەك کراوەو بێلایەنییان oppenness نییەو هەروەها ئەو رەخنانەش قبوڵ ناکەن کە لەبونیادترین پەیمانەکانیان دەگیرێت.

**خوای ئایینە یەکتاپەرستییەکان:**

سیستمە ئایینییەکان لەبواری لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا جیدین و بۆیە دەتوانن بەخوێندنەوەی بڕوا تایبەتەکانی ئایینێک یان هەندێک لەبڕوا هاوبەشەکانی چەند ئایینێک، لێکۆڵینەوەیەکی پڕ بەها لەبواری فەلسەفەی ئاییندا ئەنجام بدەن. بەدرێژایی بیست و پێنچ سەدەی رابردوو لەکەلتووری رۆژئاوادا، بەگشتی ئاراستەی بنچینەی فەیلەسوفانی بواری لێکۆڵینەوەی ئایینی تایبەت بووە بەچەمکی خوا deityلەچوارچێوەی ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا theism.

لەئایینە یەکتاپەرستییەکاندا خوا بوونێکی روحانییە spiritual لەجیهان بالاترەو توانای رەها، جیهانی رەهاو چاکەی پەتییە. دەتوانین ئەم روانینە ناو بنێین خواناسی یەکتا پەرستی کلاسیکی classical theism. زۆربەی ئەو کەلەپوورانەی کە لەهەرسێ ئایینە گەورەکەدا (واتە جوولەکەو مەسیحی و ئیسلام) هەن، سەرەڕای تەواوی ئەو جیاوازییانەی کە لەگەڵ یەکتریدا هەیانە، بەلام هەرسێکیان لەم روانین و بنچینەیە دەربارەی خوا هاوبەشن. هەروەها فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی ئینگلیز . ئەمریکی گرنگی بەلێکۆڵینەوەکانی بواری خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکی دەدەن، بەلام لەهەمانکاتدا بۆ باشکردن و سازکردنی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوە پێشنیاری بڕێک رێگای ناتەقلیدی دەکەن. زۆربەی زۆری ئەو باسانەی لەم کتێبەدا هەن لەبڕوا ئایینییەکانی جولەکەو مەسیحییەت لەبارەی خواوەوە وەرگیراون، لەبەرئەوەی ئەم بڕوایانە زۆر لەباسەکانی رابردوو و ئێستا پێکدێنن.

ئەوانەی پێیانوایە ئاراستەی عەقڵی پەتی بەرەو خوا (لێرەدا مەبەست لەخوای ئایینە یەکتاپەرستییەکانە) گەوهەری ئایینی حەق پشتگوێ دەخات.ئەوا ئەو کەسانە بڕوایانوایە کە شیکردنەوەی داماڵی چەمکی ئایینی و لێکدانەوەی لۆجیکی بڕوا وتەییەکان، ناتوانن پەیوەندی involvement کەسایەتی و پەیوەندیە تووندوتۆڵەکان کە دەرئەنجامی بڕوای ئایینین هەڵسەنگێنن. ئەوان دەڵێن (خوای فەیلەسوفەکان)، (خوای ئایینەکان) نییەو

هەمیشەش دەیلێنەوەو دەیلێنەوە کە لێکۆڵینەوە عەقڵانییە پەتییەکان هیچیان پێ نییە تا نیشانی بڕوا ئایینیەکانی بدەن. ئەڵبەتە پەیوەندییەکانی عەقڵ (یان بەشێوازێکی وردتر، پەیوەندییە فەلسەفییەکان) لەئاییندا وەك پەیمانی پڕ ووڕژانی ئایینی نین، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بۆچوونەش جێگای گومانە کە دەڵێت: بەتەواوی دەتوانرێت بڕوا لەعەقڵ جیابکرێتەوە.

بێگومان بڕوای ئایینی رەگەزێکی تاکەکەسی تێدایە لەبارەی پشت بەخوا بەستن، ئەم پشت بەستنەش بێگومان پشت بەچەند بڕوایەك دەبەستێت، بڕواگەلێك باس لەوە دەکەن ئایا خوا لەچی دەچێت و چۆن تاك لەگەڵ ئەودا دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات، بڕوابوون بەخواو ژیانێکی بڕواخوازانە، شتێکە زێدەترە لەوەی کە بڕوابونێکی عەقڵانیت هەبێت بەوەی کە خوا هەیەو بڕوات بەکەمالی موتڵەقی هێزی ئەو و زانین و دادی ئەو بێت، بەڵام هیچ نەبێت بڕوابوون بەخوا پێویستی بەبەڕاست زانینی ئەمجۆرە بڕوایانەیە. لەهەندێك کاتدا رەنگە کەسی ئیماندار دەربارەی بڕواکانی ئەوەندە تێگەیشتنی روون و هۆشمەندانەی نەبێت، یان رەنگە بەتایبەت نەتوانێت ئەو بڕوایانە بەچاکی تۆمارکات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش و بەهەرحاڵ بڕوای ئایینی لەسەر ئەو بڕوایانە بونیادنراوە کە تاك دەربارەی ئیمانی خۆی هەیەتی.[٨]

لەهەمانکاتدا، هەرکە کەسی ئیماندار دەربارەی بڕواکەی شتێك دەڵێت، یان دەستەواژەیەك لەزمانی دێتە دەرێ دەربارەی ئەو خوایەی کە دەیپەرستێت، بیەوێت و نەیەوێت دێتە نێو گۆڕەپانی باس و گفتوگۆی عەقڵی. بەم شێوەیە ئەو ئاگایی لەخۆ بێت یان نەبێت، بڕوا عەقڵییەکانی دەردەخات، واتە بڕواهێنەر وەك بێبڕوا هەندێك بڕوای عەقڵانی هەیەو بۆچوونی راست و ناڕاستیی truth-claims دەدرکێنێت کە بابەتی رەخنەلێگرتن و بەرگریلێکردنن. لەگەڵ ئەمەشدا بڕوای ئایینی لێکۆڵینەوە عەقڵانییەکان دەگرێتەوە، تا ئەو کاتەی پێویستی بەپشتڕاستکردنی کۆمەڵێك بڕوا هەیە. تەنانەت ئەم بۆچوونەش دەبێت لەڕووی عەقڵییەوە خۆی هەڵسەنگێنێت، ئەوەی کە دەڵێت ئیمان دژ بەئەزموونە رەخنەییەکان پارێزراوە.

لەڕاستیدا، رەخنەگرو کەسانێك کە لەدەرەوە چاودێریدەکەن هەر ئەوان نین کە بەتەنیا بۆیان هەیە ئەو بڕوایانەی بەشێك لەئیمان پێکدێنن بخەنە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەڵکو خودی ئیمانداریش بۆی هەیەو دەتوانێت تێگەیشتنێکی قوڵتری لەبارەی بڕوای خۆیەوە هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو بڕوایانەی بەو ئیمانەوە پەیوەستدارن دەبێت بەشێوەیەکی زیاترو وردتر لێکبدرێنەوە، بەپێی راگەیاندنی قەدیس ئانسلم ( ١١٠٩-١٠٣٣) (ئیمان داوای تێگەیشتن دەکات).[٩] لەواقیعدا، تەواوی ئایینە گرنگەکان، مەودای عەقڵی یان لایەنی بڕواخوازییانەی خۆیان بەڕەسمیی دەناسن و خاوەن جۆرێك رەخنە لەخۆگرتنself-critical. سەرەڕای ئەوەی ئەمجۆرە ئایینانە لەسەریانە ملبدەن بۆ رووبەڕووی ئەو رەخنانەی کە لەدەرەوە هێرش دێنن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کارەش بەئەنجام بگەیەنن دەبێت خاوەنی کۆمەڵێك کەلەپووری عەقڵی بەکەڵك و ئاراستەکراو بن. ئەو کاتێك لەو شتە دەگات ئەگەر ئایین لەژیانی هاوچەرخدا پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ئەو مرۆڤەی کە خاوەن بەهرەو راستگۆیی عەقڵی و هەستیاریی رەوشتییە، ئەو کاتە دەبێت خۆی بسپێرێت بەلێکۆڵینەوە بەردەوامەکان. بۆچوونی خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیك دەربارەی خوا، بەدرێژایی سەدەکان میراتییەکی دەوڵەمەندی هێناوەتەکایەوە لەباس و وتن و گوێگرتن، باس و وتن و گوێگرتنێکی زیندوو و وروژێنەر کە ئێمە لەم کتێبەدا داوەتی خوێنەران دەکەین بۆ ئەوەی گوێی بۆ هەڵخەن.

**ئەرکی ئێمە چییە؟**

ئەرکێکی گرنگمان لەپێشە لەوانە: روانینێکی فەلسەفییانە دەربارەی چەند بابەتێکی ئایینی، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەبۆچوونی یەکتاپەرستی دەربارەی خوا. ئەو کەسە بەئاگاو هزرڤانانەی کە لەڕووداو و ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیان قوڵ دەبنەوە، ئاوڕ لەزۆر لەم مەسەلانە دەدەنەوەو دەپرسن: (ئایا خوا بوونی هەیە؟)، (ئایا موعجیزەکان دەکرێت رووبدەن؟)، (بۆچی خوای خێر(خوان)، رێگای بەخراپەو ئازار داوە؟)، (ئایا لەنێوان ئەو هەموو ئایینانەدا تەنیا یەك دین لەسەر حەقە؟)، بەڵام لەم شێوە مەسەلانە،

کۆمەڵێك ئاڵۆزی هەن وردەوردە ئاشکرا دەبن و پاش سەدەیەك لەلێکۆڵینەوەی جیدی و دژوار لەنێو بازنەی فەیلەسوفاندا، ئەم مەسەلەیە دەردەکەوێت. لێکۆڵینەوەی پێشینان و لێکۆڵینەوەی پاشینان تا بڵێیت بۆ ئێمە بەسوودن و بونیادی ئەو باسانەی سەرەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، واتە کۆمەکمان دەکەن بۆ ئەوەی بزانین بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەتەواوی چییەو کێ بەرپرسیارە لەهێنانەوەی بەڵگەو هەروەها ئەو رێگاچارانە چین کە قابیلی باس و لێکۆڵینەوەن، بۆ ئەوەی بەدووی ئەم شێوە لێکۆڵینەوە فەلسەفەییانەی بواری ئاییندا بڕۆین و دەربارەی ئەوانەش رای ماقوڵمان هەبێت، دەبێت سەرەتا بەجوانی لەبابەتەکان بگەین.

گرنگترین و دژوارترین کار ئەوەیە بابەتەکان، ئەو بابەتانەی لەفەلسەفەی ئاییندا خراونەتە روو رێگاچارەکانیان بناسین و لەهەمانکاتدا هەڵوێستێکی تایبەتیشی دەربارە وەرگرین. بۆچوون یان دیدی ئێمە دەبێت هاوسەنگ بێت، واتە دیدێکی دوو توخمانە بێت نەك لایەنگیرانە. لەبەرئەوەی ئەم بابەتانە بڕێك مەسائیلی ئایینی قوڵن پابەندن بەپرسیارەکانمانەوە دەربارەی مرۆڤایەتی و پایەگای مرۆڤ لەجیهاندا. لەهەمانکاتدا نابێت رێگای حوکمە لەپێشینەکان بدەین، وای لێبێت کە رێچکەی هەڵسەنگاندنمان بۆ بابەتەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. رەنگە هەریەك لەئێمە روانینێکی تایبەتی پێ باشبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو توانایەش لەخۆدا دروست بکەین کە روانینی خۆمان و روانینەکانی دژیش بێت لایەنانە شیبکەینەوە. یەکبوونی داواکراو ئەوەیە کە مرۆڤ لەچاوی بێلایەنی لەبارەی روانینە جیاجیاکانەوە بتوانێت بەو ئەنجامە بگات کە لەنێوان هەموو روانینە دژەکاندا کامیان پێدەچێت لەهەموویان ماقوڵتر بێت. ئەم کتێبەش بەم رۆحییەتەوە نووسراوە.

بەرامبەر بەمەش تەواوی ئەو کەسانەی کە بەدووی تێگەیشتندا وێڵن و بەئەرکی خۆشیان دەزانن کە هەموو بڕواکان (بەگشتی ئایینی و ئەوانی تریش) بخەنە ژێر لێکۆڵینەوەی فەلسەفی جیدییەوە دەتوانن بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا بگەڕێنەوە. ئەڵبەتە پێشبینی ئەنجامەکانی ئەم پرۆسێسە فەلسەفییە

گرانـە. بـەپێی روانـینی کەسـانێك ئـەم پرۆسێـسە دەبێتـە هـۆی چـاککردن و بژارکردنی هەندێ لەم روانینانە. بەپێی بۆچوونی گروپێکی تر، ئەم پرۆسێسە دەتوانێت ببێتە هۆی بەدرۆخستنەوەو بەڕاستزانینی بڕوابوون بەبوونی خوا. بەبڕوای کۆمەڵێکی تر ئەم پرۆسێسە ئەگەری ئەوەی هەیە بەپەیمانی ئایینیی قوڵتر کۆتایی بێت.

**پرسیارەکانی ئەم بەشە:**

١.پێناسـەی خـۆت دەربـارەی (ئـایین) بەیانکـە. بـۆ ئـەوەی پێناسـەکەتان تاقیکەیتەوە، تەماشاکە بزانە ئایا دەتوانیت یان ناتوانیت ئەو پێناسەیە بۆ ئەو دیاردە کولتوورییە جۆراوجۆرانە بەکاربێنیت کە پێیان دەوترێت ئایین ؟

٢.هەوڵبدە پێناسەی فەلسەفە بکە.

٣.فەلـسەفەی ئـایین چـیە؟ ئـەوەش روون بکـەرەوە، ئـەو لێکنزیکبوونەوانـەی(تقارب) لەفەلسەفەی ئاییندا هـەن چـۆن کـار دەکەنـە سـەر نزیکبوونە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی پەتی؟

٤.لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدە دەربارەی بیرکردنەوە لەسازگاری و گونجاوی و شایستەگی و راستی لەگەڵ بڕوا ئایینییەکاندا.

٥.ئـەو لێکۆڵینـەوە زانـستییە جۆراوجۆرانـە کـە لـەبارەی ئایینـەوە ئـەنجام دەدرێن لەیەکتریان جیابکەرەوە.

٦.ئایـا دەکرێـت بێلایەنانـە خوێندنەوەیـەك بـۆ ئـایین بکـەین ؟ ئایـا بێلایـەنی پێویستە؟ لەمەیدانی لێکۆڵینەوەی ئایینیدا (یاخوود خوێندنەوەی هەر بابەتێکی گرنگ) دەبێت داواکاری چ جۆرە یەکبوونێك بین؟

٧.لە بواری ئاییندا چ بابـەتێك لەهـەنگاوی یەکەمدا بـۆ بـاس و لێکۆڵینـەوەی فەلسەفی گونجاو دەستنیشان دەکەین ؟ پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئایا ئێوە مەسەلەیەکتان خوێندوەتەوە کە تێیدا بڕوا ئایینییەکان خرابێتنە ژێر پشکنین و وردبوونەوەی عەقڵانییەوە؟

**٨.هەوڵبدە روانینە بنەڕەتییەکانی خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکی بەشێوازو دەستەواژەی خۆت روون بکەرەوەو دەربارەی پەیوەندی ئەم روانینە لەگەڵ ئەو ئایینە تایبەتییانەی کە هەن شتێك بخەڕوو ؟**

**٩.ئەوە نیشانبدە کە چۆن هەندێك لەبابەتە گرنگە فەلسەفییەکانی ئایین لەواقیع و ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانەوە سەرچاوەیان گرتووە؟**

**١٠.باس و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم رەخنەیە بکە کە دەڵێت ئاراستەی فەلسەفەی ئایین گەوهەری بڕوا پشت گوێدەخات. ئایا بەبڕوای ئێوە ئایین یان بڕوای ئایینیی بەجۆرێك لەجۆرەکان دەبێتە بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوەی عەقڵانی؟**

**پەراوێزەکان:**

(١)بۆ ئاشنابوون لەلێکۆڵینەوەیەکی باڵا دەربارەی ئاینە جیهانییەکان (لەڕابردوو و ئێستا) دا بڕوانە:

*Ninian Smart, The Religious Experience of Mankind, 3rd ed. ( New York: Scribners, 1984*

(٢)بۆ نموونە بڕوانە گۆڤاری American Atheist کە لەلایەن دەستەی ئۆهەرەوە دەردەچێت . هەروەها بڕوانە:

*Robert G. Ingersoll, Atheist Truth vs. Religion's Ghosts (1900 reprint ed., Austin, TX: American Atheist Press, 1980).*

لەم سەرچاوەیەی خوارەوەش دیسان دیدگایەکی نائایینی خراوەتە روو:

*P. Kurtz, ed, Humanist Manifestos I and II ( Buffalo, NY: Prometheus Books, 1973).*

(٣)ئەو پێناسانەی کە بەدووی یەکدا دێن لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراون:

*William Alston, " The Encyclopedia of Philosophy ( New York: Macmillan, 1967), vol. 7, p. 140.*

(٤)*Ninian Smart, The Religious Experience of Mankind, 63rd ed. ( New York Scribners, 1984 ), pp. 6-12..*

(٥)باوکی ئەم راپەڕینە ئادموند هەسرل–ە، تەماشای ئەم کتێبەی ئەو بکەن:

*The idea of Phenomenology, trans. W. Alston and G. Nakhnikian ( The Hague: Nihoff, 1964).*

(٦)ئەم کتێبەی ژێرەوە لەسەر بونیادی هەمان ئەو ئاراستەیە نووسراوە:

*Gerardus von der Leeuw, Religion in Essence an Manifestation ( New York : Harper & Row, 1963).*

(٧)یەکێك لە سەرچاوە کلاسیکییەکان لەبارەی کەلەپووری شیکاریەوە کە بڕوای بە ناوەڕۆکێکی سەربەخۆو تایبەت بۆ فەلسەفە نییە ئەم کتێبەی ژێرەوەیە:

*A. J.Ayer, Language, Truth and Logic ( New York: Dover, 1936).*

ئەو سەرچاوە کلاسیکییەی کە فەلسەفە دادەنێت بەهونەرێك بەرەو روونکردنەوە، نەك بەشێکە کە بۆچوونەکانی راستی و ناراستی بەردار دەخاتە روو ئەم سەرچاوەی خوارەوەیە:

*Ludwig Wittgenstein, Philosophical Investigations, trans. G.E.M. Anscombe ( New York: Macmillan, 1953).*

(٨)ئەم خاڵە لەم وتارەی ژێرەوە بە شێوەیەکی زیرەکانە خراوەتە روو:

*H.H.Price, : «Belief 'In " and Belief "That"», Religious Studies 1, no. 1 (1965): 1-27.*

(٩)*St. Anselm, Proslogium in St. Ansem, Basic Writings, pt. 1, 2nd ed., trans. S. M. Dean ( Lasalle, IL: Open Court, 1974).*

## چەند سەرچاوەیەك بۆ خوێندنەوەی زیاتر


*Alston, William. « Problems of Philosophy of Religion.» The Encyclopedia of Philosophy, New York: Macmillan, 1967, vol 6, pp. 285-89.*

*Buretet, Edwin A. Types of Religious Philosophy, rev. ed. New York: Happer & Brother, 1951.*

Lewis, H. D. «History of Philosophy of Religious.» The Encyclopedia of Philosophy, New York: Macmillan, 1967, vol. 6, pp. 276-85

# دابڕانەکانی مردن

## کەجەستەو مردن ڕێککەوتن..

## هەمووشتێک بەکۆتادەگات

### دیمانە لەگەڵ خۆسێ ساراماگۆ



و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

مردن بەباشترین ڕۆمانی دادەنێت، وەك خۆی جەختی لەوە کردووەتەوە ڕۆمانی (دابڕانەکانی مردن) یان (نەمانی مردن) وەك هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی ساراماگۆ لەبیرۆکەیەکی سەیرەوە دەستپێدەکات، لەوڵاتێکی خەیاڵیدا مردن کتوپڕ نامێنێت و واز لەکێشانی ڕۆحەکان دەهێنێت.

بەدەستپێك لەم خاڵەوە، بەسەرهاتی ڕۆمانەکە، بەگاڵتەجاڕی و کۆمیدی و ڕۆحی مرۆڤایەتی و ڕەشبینییەوە ڕەوتێك دەگرێتەبەر بەرەو نەمرییەکی کاتی و نەمانی مردن، ئەم دۆخەش کێشەو کەموکورتیی دەخاتە دەسەڵات و دامودەزگاکانەوە، بەهێزەکان جێلەق دەکات و بلیمەتەکان بەهرەدارتر دەکات، بەوەش بەکۆتا دەگات کەوەك بارودۆخێکی ئاشووب ئاسا دەردەکەوێت، کە بەزەحمەت بەڕێوەدەبرێت.

لەو پێناوەدا ڕۆژنامەی (بابیس)ی ئیسپانی، دوای ئەوەی ساراماگۆ ئەم ڕۆمانە واژۆدەکات، ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازدراوە:

**-ڕۆمانەکەت بەرستەی (لەڕۆژی دواییندا کەس نەمرد) دەستپێدەکات، کە لەسەرەتادا وەک هەجوویەک وایە، گەر چی کەمن ئەوانەی هەمان ئەم شێوازەی تۆیان هەیە؟**

*بەتەواوی هەجووکردن نییە، گەرچی لەلایەنێکییەوە هەجوو یان ڕەخنەی تێدا بێت لەئاستی دامودەزگاکان و پەرچەکردارەکانی خەڵکی لەبەردەم مردن و نەبوونی مرندا..

پرسیارەکەش ئەوەیە: چی دەبێت ئەگەر کەس نەمرێت و هەمووومان بمێنین؟

**-وەڵامی یەکەمی ئەم پرسیارە لەڕۆمانەکەدا ئەوەیە ئەگەر مردن نەبێت ئەوا خەڵکێکی زۆر لەناوەدە چن؟**

*مردن بازرگانییەکی گەورەیەو ئەم بازرگانییەش هەمیشە پاك نییە، هەرچەندە ئەمە بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە نییە، ئەگەر مردن لەناودا نەما، ئەگەر مردن وازی هێنا لەکێشانی ڕۆحەکان، ئەوکات خەڵکێکی زۆر دەکەونە حاڵەتی ترس و بیمێکی زۆرەوە، دەزگاکانی ناشتنی مردوو، کۆمپانیاکانی بیمەی ژیان، خەڵوەتگەکانی پیری، بێئەوەی باس لەدەوڵەت بکەین، کە لەو هەلومەرجەدا نازانێت چۆن مووچەی ئەو هەموو خەڵکە بدات، ئەمەش نوکتەیەکە بۆخۆی، هەچەندە پرسەکە ڕەنگە ئەم ئاراستەیە وەربگرێت، چونکە کە مردن نەما پیریش ماوەیەکی درێژتر دەخایەنێت، خۆ ئەمەش مەسەلەیەکی جددیەو

لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن تاساڵی ٢٠١٠ مووچەی خەڵکی بدەن، ئیتر نازانین لەو ساتەوە چی روودەدات.

**ئەوەش بەشێکی لەبیرۆکەی رۆمانەکە پێکهێناوە، بەو مانایەی قسەکردن لەبابەتگەلێکی جددی لەسایەی کەشوهەوایەکی دڵنەواییکردندا، ئەم حاڵەتە روون و ئاشکرایە، بەتایبەتی لەگەڵ شێوازی گاڵتەجاریی و کۆمیدییەکەدا، بەڵام هاوکات حاڵەتێکی نوێشە؟**

لەکتێبەکانی مندا گاڵتەبازیی شتێکی نوێ نییە، بەڵام پێموایە بەجۆرێك لەجۆرەکان هێرشبردنی چالاکانەو راستەوخۆو رووبەڕووەو لەهەموو نووسینەکانمدا هەیە، ئەوەی نوێیە لایەنە کۆمیدییەکەیە، لەوێدا کە گێڕەرەوە لەهەموو رۆمانەکانی دیکە یان لەهەر رۆمانێکی دیکە زیاتر خاوەنی دیدێکی مرۆڤدۆستانەیە، یان لایکەمی خەڵکانێکی زۆر وادەڵێن، ئەوانەی لەخوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا، داویانەتە قاقای پێکەنین.

**زۆرجار لەقسەکردن لەسەر پرسگەلێکی گرنگ و جێبایەخی وەك مردندا، حاڵەتە کۆمیدیەکە گونجاو دەبێت؟**

لەڕاستیدا من بەنیازەوە ئەوەم نەکردووە، بەڵکو مەلەسەکە سووك و ئاسان خۆی واهاتەپێش و هاوکات دەبێت دان بەوەشدا بنێم کە من زۆر لەبارەی بابەتێکی جددی وەك مردنەوە دەنووسم، هەرچەندە ئەوەش دیارە کە مرۆڤ لەئاستی مەرگدا ناتوانێت پێبکەنێت، چونکە دواجار مردن بەئێمە پێدەکەنێت، باشتروایە بەو جۆرە بیربکەینەوە کە مردن کیانێك، یان خانمێك نییە لەدەرەوە چاوەڕێمان بکات، بەڵکو لەناخی خۆماندایەو هەریەك لەئێمە لەنێو خۆماندا هەڵگری مەرگین، کاتێکیش جەستەو مردن رێکدەکەون، ئیدی هەموو شتێك بەکۆتا دەگات.

**رۆمانەکە هاوکات باس لەمەحاڵبوونی نەمرییش دەکات؟**

چونکە نەمری تۆقێن دەبێت ئەگەر رووبدات، مرۆڤ تەنانەت ئەگەر (٢٠٠) ساڵ منداڵی و (٥٠) ساڵ گەنجێتی و (٨٠) یان (٩٠) ساڵیش پیری و کامڵی بژی، بێگومان هەرپیر دەبێت و لەو ساتەشەوە تراژیدیاکە دەستپێدەکات، ئایا

دەکرێت بیر لەپیربوونێکی نەمری و هەمیشەیی بکەینەوە؟ باشتروایە بیر لەپیرییەکی لەوجۆرە پەرگیر نەکەینەوە، بەڵکو باشتروایە بیر لەوە بکەینەوە کە مردن پاڵەوانێتی نییە بەقەدەر ئەوەی کارێکە لەهەموو کارەکان ئاساییتر.

**ئایا لەوێشدا ساراماگۆ رەشبین دەردەکەوێت؟**

لەحاڵەتی لەو جۆرەدا شتێك نییە بەناوی رەشبینییەوەو مرۆڤ ناچارە رادەستی روونی ببێت.

**ئەی ئەو کەمانچەژەنەی عاشقی مەرگ دەبێت بەبەرجەستەکراوی لەژنێکدا بێئەوەی بیناسێت، ئایا ئەویش هەست بەشتێک دەکات کە تۆ هەستی پێدەکەیت؟**

ئەگەر تەماشایەکی دواوە بکەین، پاڵەوان لەهەموو رۆمانەکانمدا کەسێکی تەنهایە، مرۆڤێکی زۆر شەرمنیشەو هیچ خێزان و خانەوادەیەك شکنابات، من بۆخۆم هەرگیز بەتەنیایی نەژیاوم و ئەزموونە تایبەتەکانی خۆم لەرۆمانەکانمدا قەتیس نەکردووە.

**کەواتە بیرۆکەی ئەم رۆمانە چۆن هاتەئاراوە؟**

لەمەدرید بووم و بۆجاری دووەم (ریلکە)م دەخوێندەوە، نازانم بیرۆکەی رۆمانەکەم بەئامارەی راستەوخۆ لەپەراوەکانی (میلیت لۆردس بریج)ەوە راستەوخۆ بۆ هات یان نا، کاتێك خستمەوە لاوە، پرسە بەردەوام بەمشێوەیە روودەدات، بۆیە دەڵێم ئەم رۆمانە رەنگە دوا رۆمانم بێت، چونکە من هەموو شتێك نانووسم و پێویستم بەوە هەیە کە سەرەتا بیرۆکەکەیم بۆ بێت، بیرمکردەوەو پرسیم: چی دەبێت ئەگەر مردن نەتوانێت گیانی کەسێکی دیاریکراو بکێشێت؟ سەرەتا بیرم لەوە نەکردەوە کە مردن لەوڵاتێك یان لەسەرانسەری وڵاتێکدا مان بگرێت، کە دواجار ئەم پرسە بەشی یەکەمی رۆمانەکەی دایگرکردووە، ئەوە دوای داهێنانی هەلومەرجێکی گشتی هات.

**لەپێناوی وەیادهێنانەوەی ئەوەدا کە بیرۆکەی مردن یارمەتیدەری مانەوەی کڵێسا دەبێت؟**

لەوەش خراپتر، کێشەی کڵێسا لەوەدایە کە پێویستی بەمردن هەیە بۆئەوەی بژی، بەبێ مردن کلێسایش بوونی نابێت، چونکە ڕۆژی قیامەت بوونی نابێت، ئایینە مەسیحییەکان لەسەر مردن دەژین و مردن بەردی بناغەی بوونیادی ئیداری و لاهوتی و ئایدیۆلۆژی و سەرکوتکردنە، بۆیە ئەگەر مردن نەما، ئیدی کڵێساش دەڕووخێت و ئاکارەکانی لەدەستدەدات، بۆیە قەشەکان لەڕۆمانەکەدا داوای نوێژکردنێکی دەستەجەمعی دەکەن بۆئەوەی مردن دەستبەرکاربێتەوە، کارێکی دڕندانەیە، بەڵام بەبێ مردن و ڕۆژی قیامەتیش ئیدی ئایینیش ناتوانێت لەوتنی ئەوە بەردەوام بێت کە دەبێت کاری چاکبکەیت تا لەو دونیایەدا بەنەمری بژین.

**لەم ساتەوەختەدا (کاباکۆ سیلڤا) وەک کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتیی پورتوگال دەردەکەوێت و دێتە ئارا.**

بەڵێ، دەرکەوتنیشی ناچاری کردم تەرحی ئەو چاودێریکردنە هەڵبدەمەوە کە لەئاستمدا کرا کاتێك ئەو سەرەك وەزیران بوو[1]. حکومەتەکەی ئەو کارێکی تایبەتی کرد لەدیکتاتۆری و فاشیزم. ئەوەی زیاتر نیگەرانیی کردووم بێدەربەستی و دۆگمابوونی خەڵکەکەیە، درۆ دەبێت ئەگەر بڵێین ئەم گەلە هەمان ئەو گەلەیە کە (٣٠) ساڵ بەر لەئێستا لەهەموو گەلانی ئەوروپا زیاتر ئارەزوومەندی شەڕبوون.

**پەراوێز**

(١)لەساڵی (١٩٩٣)دا وەزیری ڕۆشنبیری لەحکومەتەکەی (کاباکۆسیلڤا)دا ڕێگەی نەدا بەڕۆمانی (ئینجیل وەك نەوەی مەسیح) ببێتە نوێنەری پورتوگال و بەشداربێت لەپێشبڕکێیەکی ئەدەبیدا لەئەوروپا، ئەمەش وایکرد ساراماگۆ بەشێوەیەکی ڕەمزی وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت.

**سەر چاوە:**

ژمارە (٢٧)ی گۆڤاری (دجلە)، ئەیلولی ٢٠٠٧.

وەرگێڕی عەرەبی: باسل ئەبوحەمرە

## بەشی شەشەم

## دەروازەی پێنجەم

# گەورە تراژیدی نووسان

نووسینی: باکنەر ب . تراویك
و: حەمەکەریم عارف

## کۆمیدیای کۆن

### سەرەتاو سەرهەڵدان:

سەرەتاو گەشەکردن‌و پەرەسەندنی کۆمیدیای یۆنانی دیار نییە. بە گوێرەی بۆچوونی ئەرستۆ کۆمیدیا درەنگ هاتووەتە ئاراوەو یەکەمین ئەکتەرانی کۆمیدیاش خەڵکانێکی خۆبەخش بوون، دیار نییە کە چ کەسێك دەمامك‌و دەروازەی هێناوەتە ئاراوەو چ کەسێك ژمارەی ئەکتەرانی زیاد کردووە. بەڕواڵەت کۆمیدیا لەدوو سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت، یەکەم: کوموس-ی ئاتینی (ڕەگ و ریشەی وشەی کۆمیدی) یا ئاوازی شادمانی بۆدیونوسوس، کە لەبۆنە جۆراوجۆرەکاندا خوێندوویانە. کوموس بەتایبەتی لەدوو جەژنی گەورەی سالانەدا، واتە جەژنی لنیی لەمانگی ژانویەداو دیونوسیای شار (جەژنانی تایبەت بەدیونوس) لەهەیڤی مارسدا، دەخوێندرا. ئەم ئاوازو گۆرانییانە پتر پاڕانەوە بووە بۆ دەفعی بەلا، یان دوعای بەرەکەت بوون، ئەکتەران جلوبەرگی سەیرو غەریبیان لەبەردەکردو بەکۆمەڵ بەدەوری شاردا دەگەڕان، لەحاڵی هەڵگرتنی نیشانەکانی فالیکدا"٢٩"، گۆرانییان بۆ دیونوسوس دەچڕی‌و لەپەنای ئەوانەوە وشەو دەستەواژەی بازاڕیی‌و پڕ تەوس‌و توانجیان بەتەمەشاڤان دەگوت، پاشان ئەکتەران دەبوون بەدوو دەستەوەو بەگۆرانی وەڵامی یەکتریان دەدایەوە. دووەم: دووەم سەرچاوەی کۆمیدیا بریتیبووە لەدەمەلاسکێ‌و لاساییکردنەوە یا نمایشی خەندەداری سیسیلی کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ پێکەنیناندنی ئامادەبووان بووە، دیارە روون نییە کە چ

کەسێك کوموس و ئەداو دەمەلاسکیّو لاسایيکاری سیسیلی بۆ ئەنجامدانی هەوەڵین کۆمیدیاکان بەکارهێناوە. ئەوەی باوە ئەمەیە کە ئەم کۆمیدیایانە یەکەمینجار لەشاری میگارا، یان ئاتیندا ئەنجامدراون.

**دیمەنئارایی و دەرهێنان:**

کۆمیدیای یۆنانی لەڕووی دیمەنسازیی و شانۆسازیی و دەرهێنانەوە لێکچوونی زۆری لەگەڵ تراجیدیای یۆنانیدا هەیە. عادەتەن لەجەژن و بۆنەکاندا، پاش هەر شانۆنامەیەکی تراجیدی، پێنج کۆمیدیای پێنج نووسەر نمایشدەکراو خەڵات بۆ باشترینیان تەرخاندەکرا، ئەکتەرەکان سوودیان لەدەمامك و پێڵاوی پاژنە نزم وەردەگرت. گرووپی کۆراڵ لە ٢٤ پیاو پێکدەهات کە زۆربەیان جلوبەرگی سەیرو سەمەرەیان لەبەر بوو.

**ئاریستوفانس (٤٤٨- ٣٨٥ پێش زایین):**



گەورەترین کۆمیدیانووسی یونانییە. لەبنەماڵەیەکی ئابڕوومەند، لەدەوروبەری ئاتین هاتە دنیاوە. زۆر زوو روویکردە نووسینی کۆمیدی، یەکەم بەرهەمی لەساڵی ٤٢٧ پێش زاییندا نمایشکرا. وادیارە ئەکتەری چەند شانۆنامەیەکی خۆی بووە.

**بونیادی کۆمیدیاکانی ئاریستۆفانس:**

بونیادی کۆمیدیاکانی ئاریستوفانس یەجگار جۆراو جۆرن و پەیڕەوی هیچ نموونەیەکی تایبەتی ناکات. ئەگەر چاوپۆشی لەوردەکارییەکان بکرێت دەتوانرێت شانۆنامەکانی ئاریستوفانس بەدوو بەش بزانرێت: لەبەشی یەکەمدا

(ئەندێشەی شاد ) دەخرێتەڕو و لەبەشی دووەمدا ئەم ئەندێشەیە ئەنجامدەدرێت. بەشە سەرەکییەکانی شنۆنامەکانی ئاریستۆفانس بریتین لە:

١.سەرەتاو دەستپێك، کە باسی ئەو ئەندێشە شادە یان هزرە هۆشمەندانەیە دەکات کە لەزەینی ئەکتەردا گەڵاڵە بووە، ئەم ئەندیشەیە عادەتەن نابەجێ و ناواقیعییە.

٢.ڕێگە، یەکەمین ئاوازی گروپی کۆراڵە لەکاتی هاتنە سەرشانۆ.

٣.ململانێ، گەنگەشەیەکە لەنێوان لایەنگرانی پلۆتی شادو نەیارانی پلۆتی شاد، هەمیشەش لایەنگرانی پلۆت سەردەکەون.

٤.گۆرانی بەکومەڵ، کە گروپی کۆراڵ لەپشووی نێوان پەردەکانی شانۆدا ڕوو لەتەماشاڤانان دەیخوێنن و دەربڕی بۆچوونەکانی نووسەرە.

ئەم گۆرانییە دەستەجەمییە عادەتەن لەنێوان ململانێ و پاشماوەی کۆمیدیادا ئەنجامدەدرا، لێ هەندێکجار لەکۆتایی شانۆدا دەیانچڕی.

٥.ڕووداوی تێهەڵکێش، زنجیرە ڕووداوێکە کە لەدوای گۆرانی دەستەجەمییەوە دێت و ئەندێشەی شاد وێنە دەگرێت و بەرجەستەی دەکات، ئەم واریقاتە تێهەڵکێشانە هەندێکجاریش لەیەکتر جیان و سەربەخۆن.

٦.مەقام، ئەو گۆرانییە لیریکییە دەستەجەمییانەیە کە لەنێوان دوو ڕووداوی زەمنیدا دەگوتران.

٧.دەرچوون، دوا سروودی گروپی کۆراڵە لەکۆتایی شانۆنامەدا. هەر شانۆنامەیەکی کۆمیدی چەندین گۆرانی و سرودی جددی یان پێکەنینانەوی لەخۆگرتووە.

**بەرهەمەکانی:**

ئاریستوفانس نزیکەی چل شانۆنامەی کۆمیدی نووسیوە. کە تەنیا یازدە دانەیان ماوەتەوە:

**ئاخارنەییەکان (٤٢٥ پێش زایین):**

کۆنترین شانۆنامەی کۆمیدییە، براوەی خەڵاتی یەکەمە لەپێشبڕکێیەکانی ئاتینـدا، تیمەی شانۆنامەکە بریتییە لەداواکردنی ئاشتی لەگەڵ ئەسپارتەداو

لاسایيکردنەوەیەکی هـەجووئامێزی لایـەنگری یورپیدسـە لەجـەنگ (رۆڵـەکانی هـەرکول‌و ئانـدروماك). لـەم کۆمیدیایـەدا پێـشەوای مانـدوو لەجـەنگی ئـاتین لێدەبڕێت بەدزییەوە سوڵح لەگەڵ ئەسپارتەدا بکات، بەڵام رووبەڕووی ناڕەزایی توندی جەنگخوازان دەبێتەوە.

ئارخانەییەکان شانۆنامەیەکی جوانەو گەلێك دیمەنی دڵگیری تێدایە (وەکو فرۆشتنی کیژانی برسیی میکارایی، یان گۆرانی‌و هەڵپەرکیێ لەئاهەنگ‌و جەژنی دیونوسـوس لـەکۆتایی شـانۆنامەکەدا). ئـەم شـانۆنامەیە لـەڕووی هاڕوژانـدنی هەستەوە، شانۆنامەیەکی یەجگار بەهێزە.

## دلاوەران (٤٢٤ پێش زایین):

بــراوەی خــەلاتی یەکەمــە، بابــەتی شــانۆنامەکە هــەجووی تەرەفدارییــە لەدیموکراسی. باسی ئەو گەندەڵییەیە کە لەپڕێکا رەگ‌و ریشە لەهەموو شوینێك دادەکوتێت‌و رابەرانی گەنـدەڵ یـەك لـەدوای یـەك دەفەوتێنێت. لـەم کۆمیدیایـەدا جارێکی دیکە داوای ئاشتی‌و مەسلەمەتی نێوان ئاتین‌و ئەسپارتە دەخرێتـەڕوو. "ئەندێشەی شاد": نیسیاس[1] لێدەبڕێت بەعەوام خەڵەتێنی‌و نێرەنگێکی زۆرتـر لـەکلێون[2] ببێـت بـەجێگری ئـەو. ئـەم شـانۆنامەیە، کۆمیدیایـەکی تاڕادەیـەك تاقەتبەرە، بەڵام لەدیمەنانی دڵگیر، پشکنینی وردی رووداوی سیاسـی و تـەنزی بەهێز بەدەرنییە.

## هەوران (٤٢٣ پێش زایین):

نوسـخەی یەکـەمی دواتـر پێداچـوونەوەی بـۆ کـراوە. بابـەتی شـانۆنامەکە گاڵتەکردنـە بەسوکرات‌و سوفستاییەکان. "ئەندێشەی شـاد": سترپسیادس–ی ساویلکە لەدەستبلاوی کوڕەکـەی بێتاقـەت دەبێـت‌و بڕیـاردەدات کـە بینێرێـت بـۆ قوتابخانەکـەی سـوکرات تـافێری هونـەری ئـەنجامگیریی‌و بەڵگەهێنانـەوە ببێـت‌و بتوانێـت بـەباس‌و گەنگەشـە لەچنگی خـودان قـەرزان رزگـار بێـت. هـەوران بەیـەك لـەناودارترین‌و کاریگـەرترین کۆمیـدیای ئاریـستوفانس دێتـە ژمـاردن. چـوار دیمـەنی سـەرەکی‌و یـەك جیـدالی لـەخۆگرتووە. بونیـادی پلـۆتی شـانۆنامەکە

شاشـه. وادیـاره ئـەم شـانۆنامەیە دەوری لەتونـدڕەویی ئاتینییەکانـدا، کـە بـووە مایەی مەحکومەیەتی سوکرات.

## زەردەزیڕان (٤٢٢ پێش زایین):

تیمەی شانۆنامەکە هێرشە بۆ سەر پەرۆشی شێتانەی یونانییـەکان بـۆ بوونـە ئەنـدام لەهەیئـەتی دادوەریـدا—ئـەو پەرۆشـییە شـێتانەیەی کـە زیـادکردنی هەقدەسـتی ئەنـدامانی هەیئـەتی نێـوبراو لەلایـەن کلیـون—ەوە وروژاندویـەتی. "ئەندێشەی شـاد": فیلوکیـون—ی(دۆسـتی کلیـون)، کـە پیرەمێردێکـی بـەدخووی دڵناسـکەو مکوڕە لەسـەرئەوەی کـە لەهەیئـەی دادەوەریـدا خزمـەت بکـات، دەنـا لەداخا دیق دەکات. کوڕەکەی کە لەسووربوونی ئـەو بێتاقـەت دەبێـت دادگایـەکی تایبـەتی دادەنێـتو بەمەحکەمـەی سـەگەکەی ماڵـەوە، کـە بەپـەنیردزی تاوانبـارە، سەرگەرمی دەکات. زەردەزیڕان شانۆنامەیەکی خۆشە، بەڵام وادیارە لەبەرئـەوەی کە لەڕادەبەدەر پابەندی بابەتە تایبەتییەکانی سەردەمی خۆی بووە، بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەوەندە پەسند نییە.

## سوڵح (٤٢١ پێش زایین):

بابـەتی ئـەم شـانۆنامەیەش بریتییـە لـەداوای سـوڵحو ئاشـتی لـەنێوان ئـاتینو ئەسـپارتەدا، "ئەندێـشەی شـاد": تروگـایوس لێـدەبڕێت بچێـت بـۆلای زیـوس و داوای ئاشتی بکات. ململانێی دراماتیکی لەم بەرهەمەدا کەمە.

## باڵندەکان (٤١٤ پێش زایین):

بابەتی شانۆنامەکە قابیلی ڕەخنەیە هەنـدێك لەلێکدانـەوەکان گازانـدەی ئـەوە دەکـەن کـە ئـەم کۆمیدیایـە تـەنیا نەخشەیەکی خەیاڵییـە، شـتێکی پێکـەنیناوییە دەربارەی لەشکرکێشی سیسیلییە چاوچنۆكو تەمـەعکارەکان، یـان بەرگرییەکـە لەشۆڕشێکی واقیعی یان گۆڕینی حکومەت "ئەندێشەی شاد": دوو پیاوی بێزار لەئاتین، دەکەونە گەڕان لەژیانێکی نموونەیی لەوڵاتی باڵنـدانـدا، ئـەم شـانۆنامەیە لـەڕووی وێنەسـازی جـوان، ناسـکی خـەیاڵ، پلـۆتی بـەرزو کاراکتەرسـازییەوە بـەهێزە. هـیچ شـوێنەواریکی ڕەگـەزێن کۆمیـدیای میللـیو عـەوام پەسـندی تێـدا نابینرێت. بەشێوەیەکی گشتی بەشاکاری ئەریستوفانی دەزانن.

**ژنان لەتسموفوریا (٤١١ پێش زایین):**

هاوشێوەبێژییەکی هەزەل ئامێزە لەمەڕ یورپیدس و هەجووی ژنانی ئاتین. "ئەندێشەی شاد": یورپیدس پاشئەوەی دەزانێت کەچەند ژنێك لەمقۆمقۆی ئەوەدان باشترین تۆڵە لەو بکەونەوە بەهۆی ئاشکراکردنی خەوشی سێکسی وانەوە، بێهودە هەوڵدەدات تا ئاگاتون[٣] کە تراژیدیانووسێکی دیکەیە، ناچاربکات کە خۆی بخاتە شێوەی ژنێکەوەو بەرەڤانی لەئورپیدس بکات. لەم شانۆنامەیەدا بەمەبەستی شۆخی و تەوس و توانج لاساییەکی زۆری شێوازی یۆرپیدس کراوەتەوە، زۆربەی ئەو رەخنانەی لێیگیراون بەجێن، بەڵام تاڕادەیەك زێدەڕۆیانەیە.

**لوسیسترات (٤١١ پێش زایین):**

ئاریستوفانس، لەم شانۆنامەیەدا جارێکی دی داوای ئاشتی و سوڵحی نێوان ئاتین و ئەسپارتە دەخاتەڕوو، "ئەندێشەی شاد": لوسیسترات کە لەڕابەرانی ئاشتیخوازیی ئاتینە، بۆ ئەوەی پیاوان مل بدەنە ئاشتی لەگەڵ ئەسپارتەدا، داوا لەژنان دەکات کە کاری سێکسیان لەگەڵدا نەکەن، (یانی لەگەڵیان نەخەون). ئەنجام، ئەمە کۆمیدیایەکی جەماوەری پڕ هەراو هەنگامەو لێوانلێوە لەبێ شەرمی و پڕ روویی، نەخشە بزوێنەرەکەی هونەرمەندانە داڕێژراوە، ئەم کۆمیدیایە ئەمڕۆکە لەڕیزی باشترین کۆمیدیاکانی ئاریستوفانس دایە.

**قوڕباقان (٤٠٥ پێش زایین):**

براوەی خەڵاتی یەکەمە. بابەت و تیمەی شانۆنامەکە رەخنەیە لەئاسخیلوس، سوفوکلیس و بەتایبەتی یورپیدس، هەروەها هێرشێکە بۆ سەر گەندەڵیی سیاسی و ئەدەبی ئاتین. "ئەندێشەی شاد": دیونوسوس کە دەبینێت تراجیدیانووسانی وەخت زۆر لاوازن لێدەبڕێت بچێت بۆ هادیس و تراجیدیانووسێکی شایستە بۆ ئەم دنیا بگەڕێنێتەوە. ئاریستوفانس لەم شانۆنامەیەدا ئاسخیلوس و ئورپیدس دەخاتە بەر رەخنەی لۆژیکیی، لێ لایەنگری ئەو لەئاسخیلوس دیارو خویژایە، شانۆنامەی قوڕباقان دواهەمین و رەنگە جوانترین نموونەی مەوجودی کۆمیدیای کۆن بێت.

## ئەنجومەنی ژنان (٣٩٣ پێش زایین):

ئـەم شـانۆنامەیە هەجوویـەکی تەبیعـەتی بێـت قـەرارو هەوەسـی نوێخـوازی ئاتینییەکانە. "ئەندێشەی شاد": ژنان بـەڕاو تـەگبیری زیرەکانـەی پراکساگورای رێبـەریان، دەچـنە شـێوەی پیـاوەوە، کورسـییەکانی پەرلـەمان داگیردەکـەن و حکومەتی دڵخوازی خۆیـان دادەمـەزرێنن کە لـەو حکومەتـەدا ژن، منـاڵو سـامان هاوبەشـە. ئـەم شـانۆنامەیە هێـز، گاڵتـەبازی و پـوختیی کۆمیـدیاکانی دیکـەی ئارستۆفانی نییەو هەندێك رەگەزی کۆمیدی تازەو ناوەڕاستی تێدا بەدیدەکرێت.

## پلوتوس (٣٨٨ پێش زایین):

بابـەتی شـانۆنامەکە هێرشـە بـۆ سـەر تـیرەی بەشـەر بەگشتیو (ئاتینییـەکان بەتایبەتی)، کە لەپێناوی کۆکردنـەوەی سـەروەتو سـاماندا پـەنا وەبـەر شێوازی بێدادگەرانـــەو نـــزم دەبـــەن. "ئەندێـــشەی شـــاد": کرمولـــوس-ی قارەمـــانی دەستکورت، بەڵام ئابڕومەند داوا لەئەسکلپیوس-ی خوای پزیشکی دەکات کە چاوانی پلۆتوس-ی خـوای سـەروەتو سـامان بداتـەوە، تابتوانێـت جارێکی دی بەشێوەیەکی دادپەروەرانـە سـەروەتو سامانان دابەشبکاتەوە. ئـەم شـانۆنامەیە هەجویـــەکی گـــشتیو نەرمـــەو تاڕادەیـــەك ناســـکەو شـــۆخیو حەنەکـچیاتییە توندوتیـژەکانی کۆمیـدیاکانی پێـشووتری ئاریـستوفانس-ی تێـدا نییـە. ئـەو گۆڕانکارییـەی کە لـەبونیادی شـانۆنامەکەدا کـراوە هەنگاوێکـە بـەرەو کۆمیـدیای تازە (وەکو ئەو دیمەنەی کە کۆیلەیەك دەورێکی گرینگ دەبینێت).

## ئەندێشەکانی ئاریستوفانس:

ئاریـــــستوفانس موحافیزکـــــارو بـــــاوەڕی بـــــەڕێزگرتنی دابونەریتـــــە. لەکۆمیدیاکانیـدا کەڵکەڵـەو ئـارەزووی رۆژە خۆشـەکانی رابـردوو ئاشـکرایەو تەقریبـەن هەمیشە ئیعترازی لەسـەر شتە نوێیـەکانی وەکو دابونـەریتو مـەزەبی نوێ، فەلسەفەی نوێ، ئەدەبیاتی نوێ هەیە. هەستدەکات هـەر شتێك نـوێ بێـت لەوەیـە بێهـودەو گەندەڵیـشبێت، بـەکورتی دراماکـانی وی ئیعترازێکـە لەسـەر گەندەڵیی سەردەمو زەمانی وی.

**تایبەتمەندییەكانی كۆمیدیاكانی ئاریستوفانس:**

تایبەتمەندییە بەرچاوەكانی كۆمیدییەكانی ئاریستوفانس بریتییە لە: بابەتی باوی رۆژ، تەنزبێژی، راشكاوی، بەدزمانی و جوێندان، تەوس و توانج، پلۆتی سووك و تاڕادەیەك كەم بایەخ، وێنەگرتنی كاراكتەرەكان هەم بەشێوەی فەردی و هەم بەشێوەی نموونە، سوود وەرگرتن لەدوو جۆرە شیعری لیریكی: شیعری زیرەكانەو ئاسان و سووكی كۆمەڵایەتی و شیعرێن لیریكی قووڵ و پڕ هەست و جوان، حاڵەتی پێشبینی نەكراو لەحاڵ و هەوای گریان سوعبەتچیاتی و زیرەكی و خۆیدا، رووداني كاری چاوەنۆڕنەكراو و نەگەنجاو، پەنابردنە بەرهەستێن وروژێنەر لەجیاتی پەیڕەویكردنی ئەقڵ و لۆجیك و ئەنجام رەچاونەكردنی سێ یەكێتییە كلاسیكەكەو (یەكێتی كات، یەكێتی شوێن، یەكێتی كار) و پرەنسیپی حەقیقەت نمایی.

**كورتەیەكی رەخنەكان:**

هەرچەندە كۆمیدیاكانی ئاریستوفانس پڕن لەشۆخیی زۆر مەكشوف، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مایەی پێكەنین و خۆشین، هەرچەندە ئاریستوفانس توندە تەبیعەت و لەڕەخنەگرتندا توندو بێپەروایەو لەخوردەگیریدا دەكەوێتە موبالەغەبێژی، وێڕای ئەمەش عادەتەن قامك لەسەر كەموكوڕی و كێماسییە واقیعییەكان دادەنێت. پلۆتی شانۆنامەكانی ئەگەرچی زۆربەی كات سست و نامەنتیقییە، بەڵام دەكرێت، هەمان پلۆتێن سست و لاواز وەكو قاڵبی دەربڕینی هەجوو شۆخی بێژی وی قەبوڵ بكرێت و لەقەڵەم بدرێت. هەروەها، وێڕای ئەوەی كە كاراكتەرسازیی ئاریستوفانس ناتەواو و نوقستانە (چەند دانەیەك لەكاراكتەرەكانی بەرجەستەو زندوون و زۆریان كاریكاتێرئاسان یان نموونەی گشتین) لەواری لاساییكردنەوەو هەجووئامێزدا بەهرەیەكی درەخشان و پرشنگداری هەیە.

## کۆمیدیای ناوەڕاست

کۆمیدیای میانە یا ناوەڕاست کە لەماوەی نێوان ساڵانی ٣٨٠- ٣٣٦ پێش زایین برەوی سەند، شێوەیکی گوزارییە لەنێوان کۆمیدیای کۆن و کۆمیدیای تازەدا هەندێك لەتایبەتمەندییەکانی هەریەکێك لەو دوانەی هەیە. کۆمیدیای ناوەڕاست تاڕادەیەك ئەو جورئەت و بوێرییەی کۆمیدیای کۆنی تێدا نەبو و کەمتر سەرو ساختی دەگەڵ سیاسەت و مرۆڤانی زندوودا هەبوو. لەجیاتی ئەوە لەعەلەیی ئەفسانەو تراجیدیان دەدوا. لەم جۆرە کۆمیدیایەدا ئاوازێن گروپی کۆراڵ شێوەو قاڵبی نمایشی بەینی پەردەکانی وەرگرت، هیچ جۆرە نموونەیەکی کۆمیدیای ناوەڕاست لەبەر دەستدا نییە، مەگەر ئەنجومەنی ژنان و پلوتوس-ی ئاریستوفانس بەکۆمیدیای ناوەڕاست دابنێین.

### کۆمیدیای تازە

کۆمیدیای تازە کە لەساڵانی ٣٣٦- ٢٦٢ پێش زایین، بوو بەباو، لەبنەڕەتدا کۆمیدیای رەفتاران بوو، کە بەدرێژەی رەسەنی کۆمیدیای ناوەڕاست دەژمێردرێت، لەم شانۆنامانە کۆمیدیانەدا پلۆت و کەسایەتی ناو ژیانی رۆژانە بەرە بەرە جێی کەسایەتیانی ئەفسانەیی و تراجیدی یورپیدس-یان گرتەوە، ئاوازێن گروپی کۆرس یان کۆراڵ هەر بەشێوەی نمایشی نێوان پەردەی باوی سەردەمی کۆمیدیای ناوەڕاست بەردەوام بوو، ئەنجام ژمارەی ئەم نێوان پەردانە لەچوار نمایشدا جێگیر بوو. بەمجۆرە شانۆنامە بەسەر پێنج پەردەدا دابەش بوو.

**تایبەتمەندییەکان:**

**کۆمیدیای تازە سێ خەسڵەت و تایبەتمەندی بەرجەستەی هەس:**

**١.پلۆتی رێکوپێک:**

پلۆتی کۆمیدیای تازە لەسەر پایەو بنەمای دەسیسەو ئەشقبازی نهێنی، شاراوەیی و پەنهانی ناسنامان، کەشف و ناسینەوەی دۆستان یان کەسوکارێن گوم بووی کۆن، یان پێکهاتەیەك لەم سیانە رۆنراوە. رووداوەکان عادەتەن

پێکـەنیناوی و نابـەجێ دێتــە بەرچـاو و بــەزۆرییش لــەپاڵ نەخــشەو پلــۆتی سەرەکیدا، نەخشەو پلۆتێکی لاوەکیش قوت دەبێتەوە.

**٢.کاراکتەرێن نموونە یان تیپیک:**

لـەو نموونانـەی کـە لەکۆمیـدیای تـازەدا بەرچاومان دەکـەون، دەکرێـت نـاوی مێردی سـافیلکە، بـابی رەزیـل‌و پیسکە، کوڕی بەدرەفتار، بـەڵام لایـەق، قەحپـە، کۆیلەی بێ شەرەف، مێمڵ‌و مشەخۆر، نۆکـەرو خـوڵامی دەسیسەکارو سـەربازی فشەکەر، ببرێت.

**٣.کەم هەوێنی:**

کۆمیـدیای تـازە سـەرو سـاختی دەگـەڵ بەشـێکی بچووکی کۆمەڵگـەدا هەیـەو لەمامەڵە لەگەڵ  مەسەلە قووڵە ئەخلاقییـەکان بکـات، زیـاتر رەفتـارو دابونـەریت‌و بۆنەکان دەخاتە روو.

## کۆمیدیانووسان

**دیفیلوس (لەدەوروبەری ساڵی ٣٠٠ پێش زایین ژیاوە):**

لەسینوپ[٤] هاتـە دنیـاوەو پاشـان بـۆ ئـاتین کـۆچی کـرد. دیفیلـوس نزیکـەی سـەد شـانۆنامەی نووسـی کـە تـەنیا بەشـێك لەیـەك شـانۆنامەی وی گەییوەتـە دەستی ئێمە. کاریگەری بەسەر پلاتوس-ەوە هەبوو.

**میناندیر (٣٤٣- ٢٩١ پێش زایین):**

خەڵکی ئاتینە (ئەسینا) بەچاکترین‌و مەنشورترین نووسـەری کۆمیـدیای تـازە دەژمێردرێــت لەبنەماڵەیــەکی دەوڵەمەنــدی گونــدی ســفیزیا-ی نزیکــی ئــاتین لــەدایکبووە. مینانــدیر لەلاویــدا لــەژێر کاریگــەری: ئالکــسیس-ی مــامی کــە شاعیرێکی بەرجەستەی کۆمیدیای ناوەڕاست بوو، تیوفراستس، ئەپیکوروس و بەتایبـەتی ئورپیـدس-دا بـوو. یەکـەمین شـانۆنامەی لەسـاڵی ٣٢١ پـێش زایـین نووسـی و لەوساوەو تاکاتی مردنـی پـتر لەسـەد شـانۆنامەی نووسـی. مینانـدیر لـەژیانا وەکـو شـانۆنامەنووس شـۆرەتی کـەمی هـەبووە. (تـەنیا هەشـت جـار لەپێــشبڕکێیاندا ســەرکەوتنی بەدەســت هێنــا)، بــەڵام شــاعیرێکی کۆمیــدیایی خۆشەویستی یۆنان و رۆم بوو. میناندیر بوو، نـەك ئاریـستوفانس، کـە شـێوازی کۆمیدی لاتین‌و کۆمیدی رەفتـارانی لەئەوروپای باکووردا دامەزراند. تـەنیا یـەك

کۆمیدیای تەواو لەپاش میناندیر بەجێماوەو ناوی (دووسکالوس-ە، ٣١٦ پێش زایین).

پلۆتو بابەتی کۆمیدیای ناوبراو دەربارەی نموونەیەکی تایبەتییە: باوکێکی بەدخوو سەرەنجام ناچار دەبێت بەشووکردنی کیژەکەی بەخوازبێنی کەرێکی لاوی دەوڵەمەند قاییل ببێت.

ئەو بەشەی کە لەدرامای داوەری (٣٠٠ پێش زایین) ماوەتەوە، دەربارەی پیاوێکە کە گومانی بێ وەفایی لەژنەکەی دەکاتو زۆر تووڕە دەبێت. پاشان پەی بەبێ تاوانیی ژنەکەی دەباتو لەگەڵیدا ئاشتدەبێتەوە. میناندیر تاڕادەیەك بەڕاشکاوی ئەو پرەنسیپو یاساو رێسا ئەخلاقییانە دەخاتە بەرباسو لێکۆڵینەوە کە لەسەر جیاوازی نەژادی، بەتایبەتی سەبارەت بەرەگەزی ژنان رۆنراون.

## رەوانبێژیء خوتبەبێژیی

### مامۆستایانی کۆنی زانستێن رەوانبێژی:

کوراکس و تیزیاس-ی شاگردی (٤٣٠ پێش زایین) بەدامەزرێنەرانی هونەری بەلاغەت و رەوانبێژی دژمێردرێن ئەم دووانە بەقسە قوتیو زیرەکیو حازر وەڵامیو شوخی بازی بەناوبانگ بوون، ئەم مامۆستایانە کاریگەری گەورەیان بەسەر خوتبەبێژانی ئاتینەوە هەبوو.

### سوفستاییان:

سوفستاییەکان کۆمەڵێك موعەلیمی پیشەیی بوون کە لەسەدەکانی پێنجەم و چوارەمی پێش زاییندا لەئاتینیدا ناوبانگیان پەیدا کرد. ئەوانە فێرکردنی هەموو لقەکانی زانستیان، کە یەکێك بوو لەپێداویستییەکانی سەرکەوتنی لاوان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، کردبوو بەئەرکو پیشەی خۆیان. شۆرەتو (هەروەها بەدناوی) سوفستاییەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی، سەرقە سەرقەڕوانی، جلوبەرگو هەڵسوکەوتی نەشاز، وردبینی و شێوەی گەنگەشەو موناقەشەی حیلەئامێزیان کە دەیکردە کارێك خراپترین شێوەی باسو گەنگەشە لەلای خەڵکی بەباشترین شێوە بنوێنن. گەورە ناودارانی سوفستایی بریتیبوون لە:

١.پروتـاگوراس، کـه خـەڵکی ئابـدراو لـەدایکبووی سـاڵی ٤٨٠ پـێش زایـین، مرۆڤ دۆستێکی گەورەو دامەزرێنەری دەستووری زمان بوو.

٢.هیپیـاس، خـەڵکی ئلـیس بـووەو لەدەوروبـەری ٤٥٠ پـێش زاییـندا ژیـاوە، پیاوێکی فرە زانیاری بوو، مامۆستای ئەستێرەناسیو جوگرافیا بوو.

٣.گورگیاس، خەڵکی سیراکوز بووە، لەدەوروبەری ساڵی ٤٢٥ پێش زاییـندا ژیاوە، خەتیبو خوتبەبێژێکی مەزنو مامۆستای زانسته رەوانبێژییەکان بوو.

**خوتبەبێژان:**

لەسـەردەمی کۆنـدا زمـانی رەوانو سـوارو کاریگـەر لەشەهامەتو بـوێری پـتر مایـەی سـەرنج بـووەو بەئەنـدازەی ئازایـەتیو بـوێریی شـایانی قـەدرزانی بـووە. (پلیوس[٥]، سیمورخ رادەسپێرێ کە ئاسخیلوس فێر بکات کە هـەم ئەهلی گوتار بێو هەم پیاوی کردار)، پێشەوایانی کۆنی وەکو تمیستوکلیس[٦]و پـریکلس[٧] هەر سەرداری جەنگی نەبوون، بەڵکو وتاربێژیش بوون.

خیتابـەت (وتاربێـژی) وەکـو هونـەرێك لەسـایەی چـاودێریو سەرپەرشـتی مامۆسـتایانی کـۆنی زانسـته رەوانبێژییـەکانو سوفـسـتاییەکاندا رووەو پەرەسەندنو گەشەکردن چوو، لەدەوروبەری ساڵی ٤٥٠ پێش زایـین بـوو بـەلقێك لەئەدەبیات.

**دیموستن(٣٨٥- ٣٢٢ پێش زایین):**

خـەڵکی ئاتینـەو گـەورەترین خـەتیبو وتاربێـژی کۆنـە. دیموسـتن لەهـەوەڵی تەمەنییەوە لێدەبڕێت لەواری وتەبێژییو زمانڕەوانیـدا خـۆی پـەروەردە بکـات تـا بتوانێت لەبەردەم دادگادا بوەستێتو بەشە میراتی خۆی لەو سەرپەرشتکارانەی کە لێیـان داگیرکردبوو، وەربگرێتـەوە. دەگێڕنـەوە دەڵێن گوایـە دیموسـتن زمـانی گرتـووە، وردە بـەردێکی دەخـستە نـاو زاری و مەشـقی قسەکردنی دەکـرد، تـا لەئەنجامدا بەسەر ئەو زمانگرتنەدا زاڵ بوو، هەروەها لەبەرانبەر خرۆشو هاژەی شـەپۆلانی دەریـادا هـاواری دەکـردو بـەو جـۆرە توانـای دەنگـی خـۆی زیـاد کـرد، لـەپاش پێـنج وتاربێـژیی پاشمـاوەی سـەروەتو سـامانە زەوتکراوەکـەی خـۆی بەدەستهێنایەوە. لـەوە بـەدواوە وتاربێـژیی کـرد بـەکارو پیـشەی خـۆی لەبـەردەم دادگـاو ئـەنجومـەنی پیرانـدا وتاربێـژی دەکـردو لـەکاروباری وڵاتداریـدا بەشـداری دەکـرد، پاشـان دیموسـتن کـەوتـە هێرشـکردن بـۆ سـەر ئارمانجـەکانی فیلیـپ-ی

مەقدونی و قەناعەتی بەخەڵکی تبت کرد تاپەیوەندی بەئاتینەوە بکەن، پاش سەرکەوتنی فیلیپ لەخارونەئا (٣٣٨ پێش زایین)، دیموستن لەئاتین هەڵات و لەئەنجامدا بۆ رزگار بوون لەدەستی مەقدونییەکان ژەهری خواردو لەساڵی ٣٢٢ پێش زایین، لەدورگەی کالوریادا مرد.

**خوتبەگرینگەکانی:**

ناوبانگی دیموستن لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ خوتبەکانی کە بریتیین لە: دەربارەی ئازادی رودس (٣٥٣ پێش زایین): کە بەرەڤانی و داکۆکییە لەدیموکراسی. سێ فیلیپیك (٣٥١- ٣٤١ پێش زایین): دژی فیلیپ-ە، سێ ئولونتیاك (٣٤٩- ٣٤٨) ئەمەشیان دژی فیلیپ-ەو دەربارەی تاج (٣٣٠ پێش زایین)، کە بەرەڤانی و داکۆکییە لەڕێبازی سیاسی ئەوو بەشاکاری وی (دیموستن) دەژمێردرێت.

**شێوازی دیموستن:**

دیموستن لەواری زانستی بەلاغەت و رەوانبێژیدا تەواو کارامەو پڕ ئەزموونە. خوتبەو وتارەکانی بەجۆش و خرۆشن، شێوەو شێوازی دەربڕینەکانی لەهێزە مەزنەکانی تەبیعەت و سروشتەوە وەرگرتووە. وەکو هێزێن ئوقیانوس، هەورە تریشقەو تۆفان و بۆران، زۆربەی خوتبەو وتارەکانی بەوردی رازاندوونەتەوە. بەدووبارەکردنەوەی هەندێك بڕگەو پەرەگرافی تەرجیع بەند ئاساو هەمەجۆری رستەو دەستەواژان بەناوبانگە. سوودی لەشێوە رەوانبێژییەکانی وەکو تیباق و پرسیارو وەڵام، جۆرەکانی رەگەز دۆزی، وەزن و کێشی هەمەجۆر وەرگرتووە.

**پەراوێز:**

(١)نیسیاس: سەردارێکی ئاتینی بووە.

(٢)کلیون: رابەری سیاسی ئاتین و دژمنی سەرسەختی ئەسپارت بووە.

(٢)ئاگاتون: (٤٤٥- ٣٩٩ پێش زایین): شاعیرێکی تراجیدی یۆنان بووە.

(٤)سینوپ: لەشارە کونەکانی ئاسیای بچووك بووە، لەباکووری تورکیای ئێستا.

(٥)پلیوس: پاشای مورمیدونەکان و بابی ئاسخیلوس بووە.

(٦)تمیستوکلیس (٥٢٧- ٤٦٠ پێش زایین) سەردارو سیاسەتوانی ئاتینی بووە.

(٧)پریکلیس (٤٢٩ پێش زایین): سیاسەتوانێکی ئاتینی بووە.



# تەنەكە-كەی یەشار كەمال

# لەئیتالٌیاش لیٌدرا

ن: سمیر صالحة

و. لوقمان محەمەد رەشید

**پیٌشەكی:**

(تەنەكـە) نـاوی یـەكیٌك لەبەرهەمـە دانسقەو ناوازەكـانی نووسـەری گـەورەی كـوردی توركیـا (یەشـار كـەمال)ە، كـە وەك نووسـەریٌكی بـەناوبانگی جیهـانیی ناسراوە.

رۆمـانی (تەنەكـە) لەسـالٌی ١٩٨١دا مامۆسـتا (شـوكور مـستەفا) لەتوركییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی شـیرینی كـوردی و خوێنـەری كـوردی بـەو شـاكارە جوانەی یەشار كەمال ئاشناكردووە، وەرگێڕانەكەی شـوكور مستەفا لـەدووتوێی زیاتر لە(٢٠٠) لاپەڕەی قەبارە كتێبی گیرفاندایە، كە بێجگە لەڕۆمانی تەنەكە، نووسـینێكی خۆشـی لەگەڵدایـە لـەژێر ناونیـشانی (رەنـگ و رووی نـوێی مـرۆ لەهونەرو بەرهەمی یەشاركەمالدا) لەبارەی رۆمانی (تەنەكە)وە.

لەبەرگی دواوەی (تەنەكە)ی وەرگێڕدراو بۆ زمانی كوردی و لـەژێر وێنەیـەكی یەشار كەمالی نووسەردا، مامۆستا شوكور مستەفا ئەم چەند دێڕەی نووسیوە: دووەم بەرهەمی یەشار كەمال، لەپاش رۆمانی (ئینجە مەمەد)، (تەنەكە)یە، ئەوە كـە لـەدوای (ئینجـە مەمـەد) بەزۆربـەی زمانـە بیانییـەكان وەرگێڕدرابێـت، ئـەم

بەرهەمەیـــەتی، ڕۆمـــانی (تەنەکـــە) کـــە نووســـەری نـــاودار لـــەڕووداوێکی ڕاستەقینەوەی هـەڵهێنجاوە، چـەندین سـاڵ لەسـەر شـانۆکانی وڵاتـی تورکیـا نمایشکراوەو لە١٩٧٥یشدا لەتیاتری شاری (گوێتەبۆرگ) لە(ئیسوێچ) چەند مانگێك نمایشکرا.

حەزمکرد ئەم پێشەکییە بخەمە پێش دەقی وەرگێڕدراوی بابەتێك کە ماوەیەك لەمەو بەر لەڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاوکراوەتەوە.

هەســت بەچــی دەکــەیت کاتێــك تەمــەنت لەهەشــتا ســاڵیدایەو ژمارەیــەك لــەگرنگترین ئەســتێرەکانی شــانۆی ئیتــاڵی بەپەرۆشــن بــۆ پێــشکەشکردنی ڕۆمانێکـت، کەچـڵ سـاڵ لەمەوبـەر نووسـیوتە، لەسـەر یـەکێك لەبـەناوبانگترین تەختەکانی نمایشکردن لەجیهاندا؟

چەند بەختەوەریت، دوای ئەوەی کە خۆت لەوێ دانیشتوویت و ڕۆمانەکەت بووەتـە کـارێکی ئۆپێرای نمایـشکراو، ئـەوەتا تـۆ لـەناو ئـەو جەماوەرەدایت کـە چەپڵەی زۆرو درێژ لێدەدەن و ڕاوەستاون سڵاو لەخۆت و لـەم بەرهـەمە شانۆییە جوانەدەکـەن. پرسیارەو ئاراستەی شاعیرو نووسـەری تورکیاو جیهـانی یەشـار کـەمال دەکرێـت، کـە بەشـداربوو لەئاهـەنگی نمایشکردنی ڕۆمـانی (تەنەکـە) کـە لـەپێش دەیـان سـاڵ لەمەوبـەر نووسـیویەتی، لـەو ڕۆژەدا کەبڕیاریـدا وێنـەی ململانێـی دەرەبـەگ و چـینە کۆمەڵایەتییـەکان لەناوەڕاسـتی ناوچـەی ئـەنادۆڵی تورکیا تۆمار بکات لەناوەڕاستی پەنجاکاندا.

دیارە ڕۆمانەکە جێگەی ڕەزامەندیی ئیتاڵییەکان بووەو وەریانگێڕاوەتـە سـەر زمانەکـەی خۆیـان و پاشان بڕیاریانداوە وەك ئۆپێرایـەك نمایـشیبکەن، بەمـەش سەرکێـشیی گوندنـشینەکانی تورکیـا بکـەن لەگواسـتنەوەی دیمـەن و پۆشـینی جلوبـەرگی دێنـشینەکان و داهێنانـەکانیان لـەوتن و دەربڕینـدا، ئـەویش لەحـەوت دیمەندا کە هەریەکەیان زیاتر لەدوو سەعات و نیوی خایاندووە.

یەشار کەمال بەناوبانگترین ڕۆماننووسـی هاوچـەرخی تورکیایەو بەڕەچەڵەك کوردە، بەدرێژایی ساڵان خۆڕاگربووە لەبەردەم ئەزموونی سەخت و سەرکێشی و

هەموو داواکاری و مەرجەکانی بەئەدیب و نووسەرو رۆماننووسیدا، لەگەڵ لەدایکبوونی کۆماری تورکیادا لەدایکبووە، بەڵام هەر لەمنداڵییەوە لەژیانی گواستنەوەو گۆڕانی نێوان هەردوو کۆمەڵگەو شارستانی و رێبازی عوسمانیی خۆرهەڵاتی و عەلمانیی خۆرئاواییدا بووە.

تەختی شانۆی (لاسکالا)ی ئیتاڵیا لەمیلانۆ، خەسڵەت و تایبەتمەندێتیی جیهانیی خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمەی کە پێشکەشی دەکات، بۆیە هەڵبژاردنی ئەمجارەی یەشار کەمال، مەسەلەیەکە زیاد لەڕەهەندێکی ئەدەبی و هونەریی هەیەو بەپلەی یەکەم داننانە بەجیهانێتیی ئەم کەسایەتییەداو سەرکەوتنیەتی لەبواری ئەدەبیدا، ئەگەرچی خەڵاتی نۆبڵ درایە (ئۆرهان باموک)ی هاوڕێی، ئەو تایبەتمەندییەش ئەوەیە کە چۆن بەرهەمێك، وەك گەورە رەخنەگرانی شانۆ لەئیتاڵیا دەڵێن، بگۆڕن و بیکەن بەژوانێك بۆ پێکگەیشتن و کۆکردنەوەی گەورە نووسەرو دەرهێنەرو دابەشکاری مۆسیقاو بیانکەن بەسەرپەرشتیاری کاری دیکۆرو جلوبەرگ، هەمووان راوەستابوون و چاوەڕێی قسەی یەشار کەمال و بیروڕای ئەوبوون دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ ئەستێرەکانی لاسکالا سەرکەوتووبوون لەلێدانی تەنەکەداو لەمیانەی پێشکەشکردنی نمایشکەدا کەنەریتێکەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش (٦٠) ساڵ لەمەوبەری گوندەکانی تورکیا، نووسەر لەکاتی بینینی دیمەنەکەدا خۆی بۆ نەگیراو چووە سووچێکی شانۆکەو لەخۆشی و لەژێر کاریگەرییدا دەستیکرد بەگریان، ئرمانۆ ئۆڵمی، خابیۆ فاچی و ئرنۆڵدۆ بۆمودورۆ، شانبەشانی یەکتری لەسەر تەختی لاسکارلا وەستابوون بۆ پێشکەشکردنی ئەم کارە نمایشە جوانە لەماوەی حەوت ئاهەنگدا کەیەکەمیان رۆژی (٢٢)ی مانگی سێپتەمبەرو دوا ئاهەنگیش رۆژی (٤)ی مانگی ئۆکتۆبەر پێشکەشکران.

رووناکبیرانی ئیتاڵیا تەنەکەیان لەساڵی ١٩٩٧و بەهۆی ئەنتۆنیۆ باسارۆوە ناسی و بێگومان سەرسام بوون بەو بەرهەمەی کە باس لەململانێی نێوان دوو نەوەو دوو بیرکردنەوەو شەڕی بەرژەوەندییەکانی لەگوندی تورکیا دەکات، بەڵام

ئیتاڵییـەکان ئـەو کێشە کۆنانـەیان گـۆڕی بەکێشـەی سـەردەم و نـەك هـەر ئـەوە، بـەڵکو وایـانکرد کـە لـەڕێی کـارێکی ئـۆپێرای نوێـوە بتوانرێـت بخرێتـە هـەموو گوندەکانی جیهانەوە.

ئەستێرەکانی سینەمای ئیتاڵی ئەمجارە کارتی تورکیایان نمایشکردو (ئاو و زەوی)یان کردە خاڵی ململانێی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران، نێوان گوندنشینەکان و دەرەبەگەکان، نێوان ئەوانەی بەدوای دادو ماڤ ژیانی بەخشندەییدا دەگەڕێن و ئەوانەی ستەمکارن، رەنگە لەبەر ئەمەش بێت کەتەنەکە ئەو هەموو سەرسامی و ستایشەی پێبڕا.

هەر لەگەڵ تـەواوبوونی نمایشەکەدا یەشار کەمال لەناو ئەسـتێرەکانی ئـەو کارەدا وەستاو سڵاوی لەجەماوەر دەکرد کە بەچەپڵەڕێزانێکی زۆر پێشوازییان لەم بەرهەمە گەورەیە کرد کە چارەکی داهاتەکەی تەرخاندەکرێت بۆ رێکخراوی (فیداس)ی مرۆیی جیهانی.

جارێکی دیکەش هەمووان جەختدەکەنەوە لەسەر بەهرەو بلیمەتیی یەشار کەمال، ئەو قەڵەمە جیاوکەی کە بەدیدو تێڕوانینی گۆڕان و نوێکارییەوە لەناو دڵـی کلاسـیکی و تەقلیدییـەوە هـاتووەو بڕیاریـداوە لێیـان هەڵگەڕێتـەوەو رووبەڕوویان ببێتەوەو بەڕوویان و بەڕووی رەمزەکانیاندا بوەستێتەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بووە وتەبێژی رەسمیی بەناوی (ئنتلجنسیا)ی تورکیا کە بەرگری لەدادپەروەری و ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ دەکات، لایەنگرێکی چەپڕەوی و ئاراستەیەکی جیهانی و کراوەیەك لەمرۆڤایەتیدا.

هەرزوو ژیانی نەهامەتی و زیندان و ململانێ لەپێناو پارووییەکی ژیاندا چەشت و تاکۆتایی تێکۆشاو خەباتی کرد، لەمنداڵییەوە خولیاو ئارەزووی لەشیعرو مۆسیقاو فۆلکلۆر بووە، (تەنەکە)ش دەقێکی رۆمان-شانۆییە کە رەنگدانەوەی ژیانی جوتیارانە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا، کەفەرمانڕەوای دەشتەکانی (ئەدەنە)ی گرنگترین ناوچەی کشتوکاڵیی باشووری تورکیایە.

ڕۆمانەکـە سـاڵی ١٩٧٦ نووسـیویەتی بـۆ دەربـڕینی کۆژانـەکانی جـەنگی هـەژاری و برسێتی و تینوێتی لەڕووبەڕووبوونـەوەی دەوڵەمەندەکانـدا، ململانـێ بـەهۆی چـاندنی چـەڵتوك و داگیرکردنـی سەرچـاوەکانی ئـاو و بـڕینی ئـاو لـەجوتیاران و هـەژارانی گونـدەکان، تـا لـەناکاو بریـسکەی ئومێـد دەردەکـەوێت، قایمقامێکی لاو لەیەکەم ئەزموونی کارکردنیدا هەموو داواکاریی ئاغاکان بەناوی پاراسـتن و پەرەپێـدانی ئـابووریی نیـشتمانییەوە، واژۆدەکـات و دواجـار بـۆی دەردەکـەوێت کـە بووەتـە قوربـانیی فرتوفێڵـەکانیان، بۆیـە هەوڵـدەدات بـۆ چاککردنەوەی ئـەوەی کـە بەدەسـتی خـۆی وێرانیکـردووەو بـۆ تۆڵەسـەندنەوەی شـکۆمەندیی خـۆی و هــەژارانی گوندەکــەو ژیــانی گونــد، ئەوانــەی کــە سـەرکردایەتیی بزووتنەوەیــەکی هەڵگەڕانــەوە لــەدژی ئاغاکــان دەکـەن و وەك لایـەنگریی قایمقامی قەزاکـە دەوەسـتن، بـەڵام خـاوەن زەوییـە گـەورەکان (کۆلاك) ئەوانەی هیچ سازشێك ناکەن، بەیەکڕیزی لـەڕووی ڕەمزی دەسـەڵات و نوێنـەری دەسـەڵات لەشارۆچـکەکەدا دەوەسـتنەوە، بەمـەش هەرچـەندە قایمقـام داکـۆك و سوورتر بێت، ئەوانیش توندترو خراپتر ڕووبەڕووی دەبنەوەو فرتوفێڵی لێدەکەن و پاشـقوولی لێـدەگرن، تـا سـەرەنجام بـەبڕیارێکی وەزیـری نـاوخۆ دەربـارەی فەرمانـدان بەگواسـتنەوەی قایمقـام کۆتـایی دێـت و (تەنەکـەکان)یـش کـە نـاوی ڕۆمانەکەی لێوەرگیراوە، ئەو تەنەکانەن کە دەیان مێردمنداڵ بەهەموو هێزیانەوە دەیکـوتن و ماڵئـاوایی پێدەکـەن، ئـەو تەنەکـە لێدانـەش نـەریتێکی بـاوی ئـەو سەردەمەبووە.

**سەرچاوە**

الشرق الاوسط



پابلۆ پیکاسۆ و
نه نجامدانی
ئۆبژێکته کانی

نەهرۆ شەوقی



نامیق حەمە: هونەرمەندی کورد
پێویستی بەگوتاری هونەرییە

چنور محەمەد



قوبادی: فیلمەکانم یەکێکە لەو
پەنجەرانەن کەلێیانەوە جیهان
لەکوردستان دەڕوانێت

دلْشا یوسف



خوێندنەوەیەک بۆ کەڤالْی
هاوار ی ئێدوارد مونش

زانا رەسولْ

# هونەر



خوێنمژەکان، لەئەفسانەی
دراکولاوە بۆ سینەما

سۆران مستەفا

# پابلۆ پیکاسۆ و ئەنجامدانی ئۆبژێکتەکانی

## بەشی دووەم

و: نەهرۆ شەوقی



جارێکیان پیکاسۆم بینی هاوکات لاگۆسی جێدەهێشت، پاشئەوەی چەندجارێك رەتیکردبووەوە بۆ چوونم لەگەڵیدا، دواجار قەناعەتی هێنا لەگەڵیدابم بۆ وێنەگرتنی گۆزەگەرییەکەی گەرچی پێشتر چەندجارێك رەفزی کردبوو. ئەو چەند رۆژەی لەگەڵیدابووم بەدەوڵەمەندترین و بەپێزترین ئەزمونی فۆتۆگرافی خۆمی دادەنێم، هەردەم خۆشبەختییە، کاتێك کە ئامادە دەبیت لەساتەوەختی داهێنان، سەرباری هیلاکی و نائارامی کاتی کارکردن، بەگومانبوونێك کە بەنێو سیرامیکە بەسەر یەککەوتووەکاندا گوزەر بکەم، بۆ دۆزینەوەی چاکترین گۆشەنیگا، ترسی ئەوەم هەبوو کە دۆخەکەی بشێوێنم، لەگەڵ ئەوەشدا ترسی ئەوەم هەبوو کە چرکە چرکی کامێراکەم لەناو کەشی بێدەنگیی ژوورەکەدا کاریگەر ئامێز بێت. بەشێوەیەکی پڕ رامان و لەسەروەستان نوقمی کارەکەی بوو، بەهیچ شێوەیەك نزیك بوونی من لەوەوە تێبینی لادروست نەکرد. ئەو فڵچەکەی لەقاپێکی پڕڕەنگی ژەنگ و تۆزی شووشە نوقم دەکرد، بۆ من

سەخت بوو، جیاوازی نێوان ڕەنگەکان بناسمەوە، لای من وەك بۆرو ڕەش دەکەوتەوە. پیکاسۆ زۆر بەسەلیقەوە هێڵکاریی بۆ نمایشی زۆرانبازی هێشتا بەشووشە نەکرابوو. بەچاوەکانی دووی ئەو هێڵانەی دەکەوت کەدەیکێشان، وەك ئەوەی هەست بەجووڵەی گاکە بکات. دوایی لەئاڕل Arlesو لەنیمس Nimes ئەو فرسەتەم بۆ هەڵکەوت کە ببینم بەچ هەست و جۆشێکەوە دەڕوانێتە یاری زۆرانبازیی گا، وەك ئەوەی بیەوێت وێنەیان بگرێت، کە هەر جووڵەیەکی زۆرانبازەکەو گاکە کاریگەری لەسەر جێدێڵن. لێرە لەسەر مێزەکەی هەوڵدەدات ئەو ساتانە لەڕێی هێڵی فڵچەوە زیندوو بکاتەوە. بەپەرتەوازییەکەوە جار لەدوای جار، جگەرەیەك دادەگیرسێنێت و نەفەسێکی لێدەداو لێدەگەڕێت لەدووتوێی پەنجەکانیدا بگەشێتەوە، هاوکات بەردەوام دەبوو لەکارکردندا. ناوبانگ و ئامادەگی بەردەوامی پیکاسۆ، هەردەم مایەی سەرنجڕاکێشانی من بوون، پاڵنەرێکیش بوون کەئەو هەست و هەڵچوونە بەوێنە بگرم، ترس و دڵەڕاوکێشم دەگەڕایەوە بۆ دۆزینەوەی گۆشە نیگایەکی شیاو بۆ وێنەکەم،





هەردەم هەوڵی ئەوەم دەدا ئەو ڕوناکییە بەکاربهێنم کە لەکونی پەنجەرە بچوکەکەوە دەهاتە ژوورێ.

پیکاسۆ لەکارە سیرامیکییەکانیدا خۆی نەدەبەستەوە بەنیشاندانی ئەو وێنانەی لەنمایشی زۆرانبازیی گاکاندا دەیبینین. لەسەر ڕووی قاپەکان فۆڕمی ئەو

ئاژەڵانەی دەکێشا کە بەدڵی ئاشنا بوون: کۆتر، بزن و کونەپەپوو هەروەها ماسی، سەرباری ئەمانەش فیگۆرو سیمای مرۆڤ و گوڵ. فرە چەشنی فۆرمی ئۆبژێکتەکان سەرسامکەربوون: جەستەی ژن، گوڵدان و سوراحی و گۆزە.

ئەم ئۆبژێکتانە وا بەردیدی من دەکەوتن، وەك ئەوەی دروستکراوی گریکی و رۆمی کۆن بن، وەك کەسێکی ناوچەی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست رۆدەچووە قوڵایی فەنتازیاو چیرۆکە دروستکراوەکان و گێڕانەوە ئەفسانەییەکان کە باوەڕێکی پتەوی پێیان هەبووە.

مادام رامیێ Ramie، خاوەنی وەرشەی گۆزەگەرییەکەی مادۆرا بوو، پیکاسۆی فێری هەندێك تەکنیکی کۆنی کارکردن دەکردو ئەمیش دەم و دەست تواناکانی ئەم کارەی دەناسییەوەو فێری دەبوو، لەڕێیەوە دەیتوانی ئەو دوولایەنە هونەرییەی کە ئەم هەردەم خولیای بوون لەنیگارکێشان و پەیکەرسازیی، پێکەوە کۆبکاتەوە.

جارێکیان مەدام رامی پێی وتم: وەك هەموو ئەو میتۆدانەی پیکاسۆ بۆ دەربڕینی کارەهونەرییەکانی بەکاریهێنابوون، ئەو هەروەها بۆ کارە سیرامیکییەکانی زۆر شێوازی جیای تاقیدەکردەوە، هەوڵی زۆر بوێرانەی دەدا. یەکترمان دەشێواند کاتێك هەمان کارمان پێکەوە بەئەنجام دەگەیاند. پیکاسۆ بۆ کارە ئاساییەکان سەرکەوتوو بوو بەهۆی ئەو هەموو ئەزموونەی هەیبووە، بێگومان ئەمانەش گوزارشتیان لەبلیمەتی ئەو دەکرد.

یولێس ئاگارد گۆزەگەرێکی زۆر بەسەلیقەو میهرەبان بوو، کاتێك لەسەر تەبەقێك فۆرمی مۆدێلێکی دروستدەکرد، پیکاسۆ لەپشتییەوە وەستابوو لێی دەڕوانی و پێی وت کە بەنیازی چی بووە لەدروستکردنی. پێشئەوەی قوڕەکە وشك بێتەوە، پیکاسۆ پاڵەپەستۆی لەسەر کرد تافۆڕمێکی دیکەی لێدروست بکات، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو ئۆبژێکتەی ئەم بەهیوای بوو بیکات. زۆر بەتوندوتیژی کارەکەی ئەنجامدەدا، تەنانەت هەندێکجار وای لێدەهات قوڕەکە پارچە پارچە دەبوو، کۆڵی نەدەداو سەر لەنوێ دەستی پێدەکردەوە تابیرۆکەی کارەکەی بەواقیع دەکرد. لەتەنیشت مەرسەمە سەرەکییەکەوە فڕنێکی

سووركردنەوەی قوڕی لێبوو، سەرچاوەیەکی سەرنجڕاکێشی دیکە بوو بۆ پیکاسۆ، جار جار لەڕێی پەنجەرەی سەر دەرگاکەیەوە سەیرێکی ترسئامێزی ناو فڕنەکەی دەکرد تالەوەزعی ئۆبژێکتەکەی بەئاگا بێت. کاتێك پیکاسۆ بەڕەنگێکی خەستی رەساسی وێنەی مرۆڤێك یا هەندێك مۆتیڤی کەی لەسەر ئۆبژێکتەکە یان قاپەکە دەکێشا، ئەو ساتە ساتی خۆشحاڵیی و بەدیارخستنی هەستەشاراوەکانی بوو، کە سەیری هەمەڕەنگی و جوانی بەشووشەبوونی ئۆبژێکتەکەی دەکرد دوای سووركردنەوەی ئەو بۆیە خەستەی بەڕووی ئۆبژێکتەکەوە کراوە بەپلەیەکی زۆری گەرما لەفڕنەکەدا، لەخۆشیدا وەك منداڵ دەگریا. هەندێکجاریش تووڕە دەبوو کاتێك کە باشترین پارچەی تێکدەشکا، بەڵام ئەم بێزارییەی درێژەی نەدەخایاندو یەکسەر دەستی دەکردەوە بەدروستکردنی فۆڕمی ئۆبژێکتێکی نوێ بەو پارچە شکاوانە.

توانای وێناکردنی پیکاسۆ بۆداهێنانی ئۆبژێکتی نوێی سیرامیك بێ سنوور بوو. ئەو تەکنیکی وای بەکاردەهێنا وەك چۆن بۆ هەڵکۆڵین لەسەر لاینۆ، بەدڵخۆشییەوە لەسەر رووی قوڕەکە درزو چاڵی هەڵدەکۆڵیی، بەمەش مەبەستەکەی زیاتر دەپێکا وەك لەکارکردنی لەسەر لاینۆ. ئەو سیرامیکی پەیکەرئامێزی دروستدەکرد (وەك نموونەی دەمامکە خێڵەکییەکانی) و دۆزینەوەی مێتۆدێك بۆ لەتکردنی پارچە قوڕەکانی تا لەو دەمامکانەی پێ دروستبکات، دوایی لەسەر قوڕەکە وێنەی دەموچاوی بەڕەنگی ژەنگ دەکێشا، هەروەها دروستکردنی سیرامیکی قاپ لەسەر پانتاییەکەی ریلێفی(فۆرمێکی بارز) دەکێشا.

ئەو بەختەوەرییەی ئەو دەمەی پیکاسۆ رەنگدانەوەی لەسەر زۆربەی کارەکانی جێهێشتبوو. ئەم خۆشحاڵی و شاگەشکەییە بۆ پیکاسۆ و فرانسوا گیلۆت و منداڵەکانی پڕ سوود بوون، مسیۆ دۆر دی لا سۆشێر بەرپرسیاری مۆزەخانەی ئەنتیب ئەو کاتەی بە(ژیانی ئاسودەی بیکاسۆ)ی ناودەبات.

پاییزی ١٩٥٣بوو کە فرانسۆ گیلۆت و پیکاسۆ جیابوونەوە، فرانسوا لەگەڵ منداڵەکانیدا کلۆدو پالۆما چوونە پاریس. هەر لەزستانی ئەو ساڵەدا پیکاسۆ

زیاد لە١٨٠ هێڵکاریی بۆ تێمای هونەرمەندو مۆدێل کرد، بۆ ئەو ئەمەش مێتۆدێك بوو بۆ راڤەکردنی گرفت و کێشە شەخسییەکانی.

پیکاسۆ بڕیار دەدات لا گالۆس جێبهێڵێت و ماڵێك لەلاکالیفۆرنیا لە کان دەدۆزێتەوەو لە١٩٥٥ەوە بەرەودوا لەوێ لەگەڵ جاکلین رۆکۆ پێکەوە دەژین، ئەو خانمەی لەوەرشەی گۆزەگەریی مادۆرادا ناسی.

خانوویەکی گەورە کە دروستکراوی ١٩٠٠ یە، پێکهاتبوو لەچەند ژوورێکی گەورەو رووناك کە بۆ ئەم زۆر گونجاوبوو بۆ مەرسەمێك.

زۆر سەرم سوڕما کاتێك کە ئەویم بینی، چونکە زۆر جیاواز بوو لەماڵەکەی لەلا گالۆس، سەرباری ئەو شێواوی و نەنگییەی کە باڵی بەسەر ژوورەکانەوە کێشابوو.

پیکاسۆ کارێکی بێ ئەژماری لەسەریەك هەڵچنیبوو، بەوەی هەندێك لەتابلۆکان بەڕووی دیوارەکاندا هەڵواسرابوون و هەندێکی دیکەشیان پەرش و بڵاو دانرابوون لەسەر مۆبیلە جیاجیا کاندا.

کارە پەیکەرەکانی سیمایەکی نوێیان بەخۆوە گرتبوو، لەبلۆکی تەختەی فایبەر دروستکرابوو کە زۆر سەرنجڕاکێشانە مەبەستەکەی خۆی پێکابوو.

دوو شاکاری دڵگیر لەو پەیکەرانە، وەك پاسەوانێك لەساڵۆنی ماڵەکەیدا دانابوون، یەکێکیان (ژن و پرتەقاڵ) ساڵی ١٩٤٣ و ئەوی دی (ژن لەباخدا) ی لە١٩٢٩-١٩٣٠ دروستیکردبوون. ساڵۆنەکەی وەك مەرسەمی سەرەکی بەکاردەهێناو جارجار لەژووری نانخواردنیش، ئەو زۆر کەیفی بەوە دەهات لەسەر مێزی نانخواردن کار بکات و کاتی نانخواردن دەبوایە کۆیبکردایەتەوە تانانی لەسەر بخۆن. پیکاسۆ زۆر حەزی بەوە بوو لەو پەنجەرەیەی کە بەشێوازی هونەریی گەنجJugend stil دروستکرابوو بڕوانێتە دەرەوە رووەو درەختەکانی باخەکەی، دوایی دەبوایە ئەو تابلۆیانە ئەنجامبدات، دیمەنی ناوەوەی ژوورەکەی کە دیمەنێکی شێواوی بەیەکدا کەوتوو، هەر لەکورسییەکان و سێپاو تابلۆکان و ئۆبژێکتەکانەوە تا ئەو پەیکەرانەی لەبەری پێشەوە دانرابوون. لەهەر بەشێکی تابلۆکەدا هەست بەو شێواوییەی کە باڵی بەسەر

ژوورەکەدا کێشابوو دەبینرا، پیکاسۆ ژمارەیەکی زۆری لەتابلۆو هێڵکاریی بۆ جاکلین بەئەنجام گەیاندبوو، سیما کلاسیکییەکەی و چاوە ڕەشەکانی ئەو وەك مۆرێك وابووە کە بەڕووی ٢٠ساڵی کارکردنی دیاربووە. جاکلین هەرگیز وەك مۆدێلێك نەدەوەستا بۆ ئەو. ئەو بەتەنیا ڕۆژانە تێیدەڕوانی و ئەگەر گۆڕانکارییەك لەقژی و جلەکانی سەرنجی ئەمیان ڕابکێشایە یەکسەر دەبووە ئیلهامێك بۆ پۆرترێتێکی نوێ. پیکاسۆ لەتەبەقی فایبەر فۆرمی دەموچاوی جاکلینی دەبڕی. ئەو هێڵکارییەکانی دەرەوەی لەسەر تەختە دەکێشاو هەندێکجار لەتەبەقی ئاسن بەرهەمی دەهێنایەوە. خاوەنی ئاسنگەرخانەی تەبەقی ئاسن، لینۆل پریژەر، بۆ خۆی دەهاتە لاکالیفۆرنیاو فۆرمی تەختەکانی لەگەڵ خۆ دەبردو تادوای چەند کاتژمێرێك لەپەیکەری مێتاڵیدا بەرهەمی دەهێنایەوەو بۆی دەگێڕایەوە. دوایی پیکاسۆ لێدەگەڕا هەمان هێڵکاریی بۆ دەموچاوەکە سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە.



مەرسەمەکەی چەمێك بوو لەبەختەوەریی، ئەو کەسێکی زۆر گورج و گۆڵ بوو هەر کە فرسەتێکم بوایە، بۆ ئەوەی چاودێریی ئەو بکەم لەکاتی کارکردندا.

دەمتوانی ئەو چەقبەستنە چڕو پڕو دابڕانەی ئەو لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی ببینم. کارکردن لەگەڵ بیکاسۆدا ئاسان و لەهەمان کاتدا سەختیش بوو، ئاسان بوو، چونکە کەس ئەوی دی لەکاتی کارکردندا نەدەشێوان هەریەك بەجیا کاری خۆی ئەنجام دەدا، لەلایەکیشەوە سەخت بوو، چونکە دەبوایە پێش وەخت حسابی ئەوەم بکردایە بەرەو چ لایەك بجوڵێم تابەشێوازێکی ڕاستەقینە وێنەکانیم دۆکیومێنت بکردایەو لەهەمانکاتدا پیکاسۆش نیگەران نەکەم.

پیکاسۆ بێ دابڕان کاری دەکرد تابیرۆکەکەی فۆڕمێکی تۆکمەی وەردەگرت. هەندێکجار تا شەو درەنگانێك دەیخایاند بێ هێنانەوەی هیچ پاساودانەوەیەك.

کاتێ خۆی لەبەرامبەر رووبەڕووبونەوەیەك دەدییەوە وەك چۆن کۆنترۆڵکرابێت کاری دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێت بۆچوونەکانی نزیکتر بکاتەوە بۆ پێکانی مەبەستەکەی، دوایی دەیڕوانییە کارەکەی لەدیدێکی رەخنەئامێزەوە تا لەکۆتاییدا هەندێکی لێ فڕێدەداو هەندێکیشی بۆ زیاد دەکرد، وەك چۆن خۆی دەڵێت (کاتێك دەستدەکەیت بەئەنجامدانی کارێکی هونەریی هەست بەدۆزینەوەی زۆر شتی پڕ سوود دەکەیت، بەڵام لێرەدا دەبێت بەپێچەوانەوە مامەڵەبکەیت، بەوەی نابێت سیقەی تەواوت هەبێت، دەبێت توانایەکی وات هەبێت بۆ تێکشکاندنی وێنەکەو دواییش سەر لەنوێ دروستکردنەوەی. ئەگەر توانرا ئەم دۆزینەوە دڵگیرە تێکبشکێنرێت، بۆ ئەمە زەرەرێکی وەها نەکراوە، بەڵکو تەنیا گۆڕانێك بووە لەفۆڕمەکەیدا دروستبووە. کاتێك ویستت گرنگترین شت بپارێزیت دەبێت هەموو دەرووەکان دابخەیت. چاکترین کاری هونەریی بریتییە لەکۆکراوەی هەموو ئەوانەی کە فڕێدراون).

ئەو لەکارەکانیدا هەردەم دەگەڕا بۆ کاریگەریی کتوپڕئامێز، ئەگەر ئەو بۆنموونە رەنگێکی زۆری لەسەر فڵچەکەی دابنایەو لەپڕێکدا دڵۆپێك لەڕەنگەکە بکەوتایە سەر رووی تابلۆکەی، پەلکێشی دەکرد بۆ ناوداڕشتنی کارەکەی. بۆ ئەنجامدانی کارێکی هونەری ئەو خێراترین رێگەی دەگرتەبەر، شاگەشکە دەبوو بۆداهێنانێکی وا چاوەڕواننەکراو.

کاتێك ئەو لەسەر تێمای کارەکەی چەقی دەبەست، هەردەم ژمارەیەك تابلۆی کار لەسەرنەکراوی لەبەردەستدابوو، لەبری ئەوەی چاوەڕێی وشکبوونەوەی تابلۆکەی بکردایە، تابلۆییەکی نوێی دیکەی دەستپێدەکرد. کاتێك لەگەرمەی کارکردنیدا کەرەستەو کانڤێزی لێدەبڕا، جاکلین بەهەڵپە دەڕۆی بۆ شاری کان یان نیتزا بۆ کڕینی کەرەستەی نوێ، هەروەها کاتێك رەنگێکی دیاریکراوی لێبڕایە بۆ ئەم هەرگیز نەدەبووە گرفتێك( کە سوورم لێبڕا شین بەکاردەهێنم!)، ئەو هەرگیز ئامۆژگارییەکانی کەڵە هونەرمەندە ئیسپانییەکانی لەبیر نەدەکرد بەوەی:( ئەگەر کێشەیەك دروستبوو، رەنگی رەش بەکاربهێنرێت!)

لەئابی ١٩٥٥ بیکاسۆ فلیمێکی دەرکرد، لەگەڵ ڕێژیسیۆری فەرەنسی هێنری جۆرگ کلۆزۆت بەناوی (ڕازەکانی پیکاسۆ) هەردوو پێکەوە دەیانویست شێوازێکی نوێ پیادەبکەن، بەهێنانی پێنووسی ماجیك و هێڵکارییکردنی لەسەر ڕووی کاغەزێك کە مرەکەب بەڕووی ناچۆڕێتەوە، هەروەها دەتوانرا لەدیوی پشتەوە هێڵەکان ببینرێت و بەفلیم بکرێت. پیکاسۆ هەندێك وێنەی کێشا تایبەت بۆ ئەم پرۆژەیە، منیش بەخت یاوەرم بوو تا ئەو لەپرۆسەی ئەم کارە داهێنەرانەیدا فۆتۆی بگرم.

کاتێك کلۆزۆت لەکاتی فلیم گرتندا پێویستی بەچەند بۆردێك بوو بۆ کەوالیس، داوای لەپیکاسۆ کرد کە شتێکی بۆ دروستبکات، پیکاسۆ هەوڵیدا لەڕێی ئەو ئۆبژێکتانەی کە کارمەندە تەکنیکییەکان بۆ کارەکەیان بەکاریاندەهێنا، کاریگەرییان لەسەری دروستبکات، بۆ نموونە تەختە ڕەشێك، لەڕێی کۆمەڵێك بزمارو هەندێك لەو تووڵە تەختانە، هەندێك فیگەری جیاجیای لێدروستکرد، بەوەی کە هێڵێکی سپی بەسەر ڕووی تەختە ڕەشەکەوە کێشا، کاتێك ویستم وێنەی ئەو پەیکەرە بگرم، پیکاسۆ هاواری لێکردم: بوەستە بوەستە!



گسکێکی هێناو لەناوەڕاستی ئیشەکەدا وەستا، لەڕێی ئەوەوە بووە سەنتەری چاکترین وێنە.

لەلا کالیفۆرنیا پیکاسۆ زۆر بەختەوەر بوو، جێ و ڕێیەکی زۆری هەبوو بۆ کارکردن هەروەها باخەکەی چاکترین شوێن بوو بۆ دانانی پەیکەرەکانی، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، کۆمەڵێك ڤێللاو تەلاری تازە بەدەوریماڵەکەیدا دروستکرا ئەوسا ماڵەکەی باشتر نەدەبینرا.

لەو ناوچەیەدا بەدوای کەسێکدا دەگەڕا کەلە شاتۆ دی ڤاوڤەرناج لـەســەر مۆنت سانت-ڤیسیری ئەو شوێنەی کە سیزان لێی دەژیاو رەسمی دەکرد، کە بەنیاز بوو بفرۆشرێت، ئەو بڕیاریدا بۆ کڕینی سەرلەنوێ بوونی کۆمەڵێك هۆڵی گەورە بۆ کردنە مەرسەمێکی باش، هۆکاری سەرەکیبوون بۆ کڕینی ئەو خانووە.

لەڕاستیدا دەبوایە پیکاسۆ تەنیا دوو ساڵ لەڤاوڤێرارج بمایاتەوە. شوێنی تەلارەکەی زۆر چەپەك بوو، دووریش بوو لەدەریاوەو زستانەکەشی سارد بوو، بۆیە هەر زوو بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ کۆت دازور، لەوێ جێیەکی دۆزییەوە لەسەر گردێك نزیك مۆگینس، هەڵبـژاردنێکی ئێجگار باشبوو، ئەو خانووەش ژمارەیەکی زۆر ژووری تێدابوو بەداری سەروو دەورە درابوو، بەدرێـژایی رۆژ هەتاوی هەبوو دیدێکی زۆر روونی هەبووە بۆ دەریای ناوەڕاست و شاخەکانی ئێسترالْ.

بینینی پیکاسۆ تادەهات سەختتر دەبوو. ئەو نەتەنیا پەرژینێکی ئاسنی بەڕووی دەرگاکەیدا چنیبوو، دەرگاوانێکی رەشی تۆقێنەریشی لەگەڵ ئامێرێکی قسەپێکردندا دانابوو، دوای ئەوە سەردانەکانم بۆ لای ئەو کەم کردەوە. پێداویستی پیکاسۆ بۆ کارکردن لەگەڵ چوونە ناو تەمەنەوە تادەهات زیادتر دەبوو، وەك چۆن بڵێی کاتی کەم ماوەو بەشی ناکات بۆ ئەنجامدانی هەموو کارەکانی. هەر لەو ماوەیەدا پیکاسۆ پەیکەرێکی تەواو کرد، کە لەپارچەی تەختەو کارتۆن و تەبەقی ئاسن، دەیبڕین یا بەمشار پارچە پارچەی دەکردن و فۆڕمی لێدروستدەکردن. بەبزمار یان بەسرێش بەیەکەوە دەیبەستن، سەرلەنوێ جاکلین دەبووە تێمای پۆرترێتەکەی کە لەدووبەش لەناو بەشێکدا دروست ببوو.

قەبارەیەکی دابوو بەکەللە سەرەکەی، بەوەی کە چەپ و راستی دەم و چاوەکە بەپارچەیەك تەختە یان بەمقەبا جوێی کردبووەوە، کاتێك پیکاسۆ فۆڕمەکەی بەدڵ بایە ئەوسا سیمای دەموچاوەکەی بۆ دەکێشا.

هەندێکجار لوولەی مقەبای دەهێناو دەیبڕی تا کەللەسەرەکەی لەسەر قاییم بکات. شێوە لوولەییەکەی وای دەکرد فۆڕمی سەرەکە هەڵگرێت و لەسەری بەباشی بوەستێت، هەر لەهەمان کاتدا لەسەر ئەو قاعیدەیەی بۆی دانراوە دەبێتە مل بۆ کەللە سەرەکە.

هاوکات پیکاسۆ وێنەی داڵ و کۆتری لەسەر رووی پلێتێکی تەنك دەبڕی.

بەپلایسێك مێتاڵەكەی دەچەمانەوە تاشێوەی فڕینی تەیرەكان نیشانبدات.
لەنێوان ئەو دوو كاتە جیاوازەدا كە كاری پەیكەرەكانی تیادا ئەنجام داوە، پیكاسۆ سەرقاڵی چاپكردن لەسەر مێتاڵ و لاینۆو هەروەها نیگاركێشان بووە. بەدرێژایی ٢٠ساڵ كاركردن لەپاڵ پیكاسۆدا، شانسێكی وەهام هەبوو كە باوەڕنەدەكرا، كە بۆم هەبێت لەزۆربەی جارەكاندا بتوانم بەكامێراكەم چاودێریی بكەم و وێنەی بگرم لەكاتی كاركردنیدا. تەواوی ئەو ساتانە هەرگیز لەبیر ناكرێن، بەڵام كاریگەر ئامێزترین بەیەكگەیشتنمان، سەردانێكم بو بۆلای ئەو لەدواڕۆژانی ژیانیدا لەنۆتریۆ–دام دیو –ڤی.

ڕۆژێكیان دوو بازرگانی هونەریی سویسری ڕۆسینگەرو كرامەر، میوانی بوون، لەئەنجامی گفت و گۆیەكی گەرم و گوڕ دەربارەی بابەتی هونەر، پیكاسۆ بۆی ئاشكرا بوو كە لەهەندێك كاتدا بازرگانیكردن بەهونەر بۆ هونەرمەند سوودبەخشە، دوایی لەپڕێكدا بەهەڵچوونێكەوە لەسەر كورسییەكەی هەستاو وتی:ببورن بەڕێزان دەبێت ئێستا دەست بەكاركردن بكەم. هەردووكیان باوەڕیان پێی كردو خۆحافیزیان لێكرد. خۆشبەختانە من مامەوەو نەڕۆیشتم، پیكاسۆ بەوەڕازیبوو تابمێنمەوەو لەكاتی كاركردنیدا رەسمی بگرم. دوایی لەسەر مێزە بازنەییەكەی ساڵۆنەكە دانیشت و دەستی بەكاركردن كرد.

ئەو ماوەیە ئەزمونێكی گەورەم بۆخۆم كۆكردەوە، چاودێرییكردنی ئەو بەوێنەگرتن و لەهەمانكاتدا جۆش و گەرمی ئەفراندنی بەفلیم دۆكومێنتكردن.

ئەو كارێكی هەڵكۆڵینی لەسەر مس(رادیرون) ئەنجام دەدا لەكاتێكدا تەمەنی نزیك ٩٠ساڵە، زۆر لەسەرخۆ دەرزی كڕاندنەكەی لەسەر ڕووی تەبەقی مسەكە دادەناو بەدیقەتەوە هێڵەكانی رادەكێشاو لەساتێكەوە بۆ ساتێكی دیكە پشوویەكی بۆ دەدا تا بەتەواوی وردەكاریی كارەكەی ئەنجام بدات.

كێشانی ئەم هێڵانە وا خۆیان دەردەخست وەك بیانەوێت تەحەدایەك بكەن و دەرییخەن كەدەستەكانی چەندە هێمن و توندن لەكاتی كاركردندا. خۆشبەختانە من سێپایەكی كامێرا هەڵگرم پێبوو، تا لەسەرخۆ و بێدەنگ بتوانم فۆتۆ و فلیمی بگرم و نەیشێوێنم لەكاتی كاركردندا. كاتێك دەمڕوانییە هەڵكۆڵینەكەی پیكاسۆ شتێكی سابارتۆم بیركەوتەوە كە دەربارەی ئەو وتبوی، كە لای وابووە وەك چۆن

مۆتیڤ و هێڵکارییەکان لەسەر رووی کاغەزەکە حازر بەدەست بووبن و پیکاسۆش تەنیا بەسەریاندا چووبێتەوە.

زۆرجار هەلومەرجی وام بۆهەڵکەوتووە کە بڕوانمە پیکاسۆ کاتێك نووقمی کارکردن بووە، عەقڵ و جەستەی وا دیاربوون کە هەردووکیان بەچڕیی لەئۆبژێکتەکە دەڕوانن.

لەوە دەچوو کە ئەو بەچاوی گوورگ سەیر بکات. وەك ئەوەی سەیری ژێرەوەی رووکەشی دەرەوەی شتەکان یان زیندەوەرەکان بکات.

لەهێڵکارییەکانیدا تەنیا چەند هێڵێکی کەم بەس بووە بۆ ئەوەی سیمای کەسەکە یان کەسایەتییەکەی دیاربخات.

حاڵەتی پیکاسۆ جێگیر نەبوو، زۆر بەخێرایی دەگۆڕا، لەدیداریدا نەدەزانرا چی چاوەڕێت دەکات، ئەگەر حاڵەتی ناخۆشبوایە یان بەهۆی کێشەی خێزانەکەیەوە بووە یان لەبەرئەوەی دڵی بەکارەکەی خۆش نەبووە یان سەرکەوتوو نەبووە یان کێشەی لەگەڵ خۆیدا بووە، ئەو زۆر جار دەیوت: نیگارکێشان، ئەو چی بوێ ئەوەم لەگەڵ دەکات.

ئەو لەپەلو پۆ دەکەوت و ئیتر هیچی پێنەدەکرا، بەڵام کە هەستی بەسەرکەوتنی کارەکەی بکردایە، هیچ کێشەیەکی نەدەبوو سیمایەکی جوانی هەبوو، پێدەکەنی و قسەی خۆشی دەکرد. لەڕۆژێکی وەهادا ئامادەیی ئەوەی هەبوو دواکاریی هونەریی بۆ هاوڕێیەکی نیشانبدات. میزاجی بەخێرایی دەگۆڕا، بەزووترین کات دەیتوانی خۆی ساردو تووڕە نیشان دات، دوای ماوەیەکی کەم هەستناسك و میهرەبان دەبوو.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی پابەندبوون بەخۆشەویستی ئەو بۆ ژیان و عەشقی بۆ شتە سادەکان و ئەوانەی پەیوەندیین بەبلیمەتی ئەوەوە بووە، ئەمانە گشتیان جێدەستیان لەکارە هونەرییەکانی ئەودا جێهێشتووە. ئەمە بەلایەنی کەمەوە بەشێکە لەڕوونکردنەوەی جۆرێك لەپەرگیریی تێمای کارەکانی، وەك ئەوانەی کە ئەو بەدرێژایی ژیانی گوزارشتی لێکردوون، بەتایبەتی لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا لەنۆتردام دی ڤی Noterdam de vi کە ئەو تا دوا ئێوارەی ژیانی لەتەمەنی ٩٢ ساڵیدا کاریکرد.

# نامیق حەمە: هونەرمەندی کورد پێویستی بەگوتاری هونەرییە

ئا: چنور محەمەد



نامیق حەمە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی ستایلێکی کارکردنی خۆی هەیە لەبواری هونەری شێوەکاریدا، ئەو فۆرمەش کە ئەو هەڵیدەبژێرێت وا دەردەکەوێت فۆرمێکی جێگیرو نەگۆڕ بێت، بەڵام کە دەچیتە نێو وردەکارییەکانی ئەو تابلۆیانە بەو شێوەیە نییە، فۆرمەکان بەردەوام دەگۆڕێن، گۆڕانی ئەو فۆرمانەش دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانی هونەرمەند خۆی، نامیق حەمە پێیوایە دەبێت هەموو هونەرمەندێکی شێوەکار گوتاری تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە ناکرێت لەسەردەمی ئێستادا هونەرمەند تەنیا سەرقاڵی ئیشی هونەریی بێت بەبێ گوتارێکی تایبەت بەخۆی.

نامیق حەمە لەساڵی ١٩٦٧ لەهەڵەبجە لەدایکبووە، بەشداریی چەندین پێشەنگای هاوبەش و تایبەتی، لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات کردووە، لەچاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ هونەرمەند باسی لەچەند گرفتێك کرد لەهونەری کوردیدا، ئەمەش بەشێکە لەو چاوپێکەوتنە.

سەبارەت بەوە لەسەردەمی ئێستادا ئەرکەکانی هونەرمەند زیاترو زۆرتر بوون، بەوەی هونەرمەند تەنیا ئەرکی بەرهەمهێنانی ئیشێکی هونەریی نییە، لەهەمانکاتدا دەبێت گوتاری تایبەتی خۆی هەبێت. لەسەر ئەو ئیشە هونەرییانەی کە سەرقاڵییەتی، لەمڕووەوە نامیق حەمە وتی: دەبێت هونەرمەند

باکگراوندو سەرچاوەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی هەمیشە بگەڕێتەوە بۆی، ئەگەر ئەو سەرچاوەیە نەبوو ناتوانێت گوتارێکی تایبەتی خۆی هەبێت لەسەر جوولەی شێوەکاریی، لەسەر ئەرکەکانی هونەرمەند وتی: ئەرکی هونەرمەند بەردەوام زۆر بووە هەر سەردەمەو ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام گرفتی ئێستا لەوەدایە کەگوتارێکی رەخنەیی کوردی نییە سەبارەت بەئیشی شێوەکاریی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەوانەیە هونەرمەندەکە خۆی نەیەوێت گوتارێکی هەبێت، یاخود مەبەستییەتی لەڕووی رەنگ و فۆڕمەوە مەبەستەکەی بگەیەنێت، بەدیوێکی تردا رەنگە هونەرمەند توانای ئەوەی نەبێت گوتارێکی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەبواری شێوەکاریدا هونەرمەندێکی باش نییە، نەخێر زمانی شێوەکار زمانێکی جیایە، چونکە ئیش لەسەر رەنگ و پانتاییەکان دەکات، هونەرمەندی شێوەکار قورسایی خۆی هەیەو مەرجیش نییە هەموو جارێك گوتاری خۆی هەبێت. دواتر هونەرمەند نامیق حەمە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەگەر لەڕووی ئەرکەوە سەیری هونەرمەند بکەیت دەبێت، دەبێت لەوە تێبگات چی دەکات و ئاڕاستەی هونەری کوردی بۆ کوێدەبات، بەڵام ناکرێت لەسەردەمی ئێستا بژیت و تەنیا کارت بەرهەمهێنانی تابلۆبێت بێئەوەی گوتارێکی هونەرییت هەبێت.

هونەرمەند باسی لەوەکرد کە ناکرێت لەگەڵ هەربینەرێکی تابلۆکەتدا تۆ شیکردنەوەیەکی بۆ بکەیت، واتە پێویست بەوە ناکات بیرۆکەی تابلۆکەت بەبینەرەکان بڵێیت، ئەمە لەبەهاو جوانیی ئەو ئیشە هونەرییە کەمدەکاتەوە، چونکە دەبێت بینەری ئیشە هونەرییەکان باکگراوندی خۆی لەسەر ئیشە هونەرییەکان هەبێت و هەموو جارێك پەنا بۆ هونەرمەندەکە نەبات تا تابلۆکەی بۆ روونبکاتەوە، پاشان نامیق حەمە ئەوەی باسکرد کە زۆرجار بینەر چێژ لەڕەنگ و فۆڕمەکان وەردەگرێت. دواتر قسەی لەسەر ئەوەکرد کاتێك هونەرمەند گوتاری خۆی نەبوو مەرج نییە باکگراوندێکی هونەریی نەبێت، بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی دەربڕینەکانی ناو تابلۆکان ئەوەندە ناوەکین ناتوانرێت رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن لەسەری، یان لەوانەیە هونەرمەندەکە زمانێکی نەبێت بۆ قسەکردن، چونکە زمانی ئەو زمانی رەنگە.

لەسەر ئەوە قسەیکرد، شیکاری و روونکردنەوەی تابلۆ، تابلۆکە دەکوژێت و بەهای ئیشە هونەرییەکە کەمدەکاتەوە، چونکە هونەرمەند ئەوەندەی ئەو پەیوەندییە رۆحییەی هەیە لەگەڵ پانتایی تابلۆکە ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نییە قسەیەکی لەسەر بکات، ناکرێت هەموو ئەو پەیوەندییە رۆحییانە لەدێرێکدا کۆبکەیتەوە دواتر بەبینەرەکانی بڵێیتەوە، ئەو ئیشەی هونەرمەندێك دەیکات شەونخونییەکی زۆری لەگەڵدا کێشاوە لەهەمانکاتدا چەندین هەڵچوون و داچوونی خۆی تێدایە، هەر لەبەرئەوەیە هونەرمەند ئەوەندەی پێویستی بەبینەری رۆحییە، ئەوەندە پێویستی بەبینەری شیکاریی نییە.

کەسێك وەك کاندنسکی کە هونەرمەندێك بووە لەهەمانکاتیشدا لەبواری نووسیندا ئیشیکردووەو کتێبی تایبەتیی خۆی هەبووە لەسەر هونەر بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەو نووسینانەوە یارمەتیی بینەرەکانی بدات بۆ چوونە ناو ئیشە هونەرییەکانی، لەمرووەوە نامیق حەمە وتی: لەسەر ئاستە گشتییەکەی نووسین لەبواری هونەردا گرنگە نەك لەسەر ئاستەکەی تر کە تاکە تاکە بینەر بێت و تابلۆکانی بۆ روونبکەیتەوە ئەگەر وابێت هیچ جیاوازییەك نابێت لەنێوان من و بۆیاخچیەکدا من مامەڵە لەگەڵ پانتایی تابلۆیەکدا دەکەم ئەو مامەڵە تەنیا لەگەڵ رەنگەکاندا دەکات دەبێت شتێك هەبێت ئەم دوو جۆرە مامەڵەیە لەیەکتر جیابکاتەوە، پێشتر ئاماژەم بەوەکرد کەزۆر گرنگە هونەرمەند لەئیشێکەوە بۆ ئیشێکی تر گوتاری خۆی هەبێت، لەئیشێکەوە بۆ ئیشێکی تر گۆڕانکاریی بەسەر شێوەو فۆرم و پانایی تابلۆکەدا بێنێت، ئەگەر نووسین نەبێت بەچیدا هەست بەو گۆڕانکارییە دەکرێت و دەبێت هونەرمەند بەردەوام خوێندنەوەی خۆی هەبێت، کەسێکی وەکو کاندنسکی ئیشەکانی زیاتر لەمۆدێرنەوە نزیکبووە بەهەمانشێوەی ئێستا دەبێت بەردەوام گوتارت هەبێت ئەمە بۆچوونی منە (هونەرمەندی شێوەکار پێویستی بەگوتارە).

نامیق حەمە ئەوەی روونکردەوە کە هونەرمەند دەبێت لەسەر کۆی ئەزموونە هونەرییەکانی خۆی گوتاری هەبێت نەك لەسەر تاکە ئیشێکی. من بۆ خۆم بەو جۆرە ئیشدەکەم.

لەپرسیاری ئەوەی ئەگەر هونەرمەندێك بیەوێت لەڕووی لێكۆڵینەوەی هونەرییەوە ئیشێك بكات، ئێمەی كورد هیچ سەرچاوەیەكمان نییە بگەڕێتەوە بۆی، جگە لەو چاوپێكەوتنانەی لەگەڵ هونەرمەندەكاندا كراون، بۆ ئەم حاڵەتە هونەرمەند لەكوێوە دەست بكات بەو شێوە نووسین و لێكۆڵینەوانە لەسەر هونەر، نامیق حەمە وتی: ئەمە گرفتەكەیە، نەك تەنیا لەبواری هونەر بەڵكو لەبواری ئەدەبیشدا هەمان كێشە هەیە، دەبێت ئەوەش بزانیت تەمەنی شێوەكاریی لەكوردستاندا تەمەنێكی كورتە ئەگەر بۆماوەی پەنجاساڵیش بێت یان ئەگەر سەد ساڵیش بێت ئەوە نابێتە مێژوویەك بۆی، ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی پێش هەزار ساڵ ئیشی هونەری شێوەكار لێرە كرابێت، سەبارەت بەوەی وتت هەر هونەرمەندێك كاتێك دەست دەداتە نووسین لەبواری هونەردا تووشی ئەو گرفتە دەبێت بەهۆی نەبوونی ئەو كەلتوورە هونەرییە لەكوردستاندا، ئەم كەلتوورە نەیتوانیوە هونەرو بەها هونەرییەكانی خۆی بپارێزێت، هەمیشە بەهاكانی لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر ونكردووە چ وەك هونەر چ وەك نووسین لەسەر هونەر، ئەمە بووەتە كێشەیەكی گەورە، ئەگەر تۆ ئەو رۆشنبیرییەت نەبێت لەسەر هونەر چۆن دەتوانیت قسە لەسەر هونەر بكەیت.

نامیق حەمە باسی لەوەكرد كە سەردەمی ئێستا بۆ هونەری شێوەكاریی سەردەمی زێڕینیەتی، چونكە ئێمە وا خەریكی ئەلف بێی هونەری شێوەكارین، من زۆر قەناعەتم بەوە هەیە كە پێویستە هونەرمەند سەرلەنوێ بەدواداچوون بۆ ئیشەكانی خۆی بكاتەوە بۆ ئەوە لەبواری شێوەكاریدا بنەمایەك بۆ خۆی دروستبكات، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە تۆ بنەمایەكت هەبێت دواتر ئیشی خۆت بكەیت، نە مامۆستا ئەكادیمیەكان ئەم ئەركە جێبەجێدەكەن نە ئەو هونەرمەندانەی لەدەرەوەی ئەو دەزگا ئەكادیمیانە ئەم كارە دەكەن.

بۆ هەست بەشێواوییەك دەكرێت لەبواری شێوەكاریدا، تاوەكو ئێستا نەتوانراوە ریتمێك بۆ ئیشكردن بدۆزێتەوە، لەبەرئەمەیە هونەرمەندەكان یان هەتا ئەدەبیەكانیش كاریگەریی ئەو حاڵەتەیان لەسەرە لەسەدەی رابردوودا ئەو كاریگەرە بەشیاو هاتۆتە ناو هونەرو ئەدەبی كوردییەوە، بۆ نموونە من كاریگەرم بەهونەری رووسی، كەسێكی تر بەهونەرو ئەدەبی ئەوروپی، ئەمە بۆتە هۆی

ئەوەی ئێمە نەتوانین باکگراوندێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت، کاتێك من وەك هونەرمەندێك سەرقاڵی کاری وێنەکێشانم یاخود خەریکی بونیادنانی باکگراوندێکی رۆشنبیرم لەسەر هونەر دواتر دەبینم ئەو کاریگەرییە کۆنەم هەر لەسەرماوە لەگەڵ هەموو ئیشەکانمدا بەرەو پێشەوە دەچێت لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، دواتر نامیق حەمە باسی لەوەکرد کە ئەوەی باسی کرد بۆتە کێشەو گرفتێك بۆ هونەرمەندی کورد کەنەتوانن باکگراوندییان لەسەر هونەری شێوەکاری کوردی هەبێت، چونکە لەڕووی ئەکادیمییەوە کاریگەریی دەرەوەم لەسەرەو بەهەمانشێوە مامۆستاکانیش ماوەیەك کاریگەریی هونەری عەرەبییان بەسەرەوە بووە، دواتر گۆڕانکاری بەسەر سەردەمەکەدا هاتووە، ئەو کاریگەرە گۆڕاوە بۆ ئەوروپا، واتە لەهەر سەردەمێکدا هونەرمەندی کورد کاریگەر بوون بەجۆرە هونەرێکەوە، هەر لەبەرئەوە هونەرەکەت نابێتە هونەرێکی رەسەن، بەتەواوی ناتوانیت ئاماژە بەهونەرێك بکەیت بڵێیت ئەمە هونەرێکی کوردییە.

کاتێکیش هەست بەوە دەکەیت ئەمە ئیشێکی کوردییە تەنیا لەبەرجەستەکردنی رەنگە گەرمەکان و هێنانە ناوەوەی چەند کەرەستەیەکی کوردی بۆ ناو تابلۆ دەردەکەوێت، من پێموانییە کاتێك ئیشی تەجرید دەکەیت مامەڵە لەگەڵ رەنگە گەرمەکاندا بکەیت دواتر بڵێت ئەمە تابلۆیەکی کوردییە، نەخێر، ئەو تابلۆیە ئەوەندەی تابلۆیەکی ئەوروپییە، کوردی نییە، پرسیارێکی ترمان لەهونەرمەند کرد ئەویش ئەوە بوو، بۆچی هونەری شێوەکاری بەردەوام ئاستی بەرەو نزم بوونەوە دەچێت، واتە ئەگەر سەیری مێژووی هونەری شێوەکاری بکەیت، مێژوویەکی گەلێك دەوڵەمەندو فراوانی هەیە ئەگەر سەیری ئیشە کلاسیکییە کۆنەکانی یۆنان و رۆمان بکەیت ئەو راستییە دەبینیت، تۆ لەسەر ئەم تێڕوانینە دەڵێیت چی؟ کاتێك سەیری مێژووی هەر شتێك دەکەین دەبێت ئەمە ببەستینەوە بەپێکهاتەی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە، هەم وەك تێگەیشتنی هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە، هەم وەك تێگەیشتنی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەش، بەڕای من پێداویستی سەردەمەکە وایکرد ئەو هونەرمەندانە بەوشێوەیە ئیشبکەن، ئەگەر سەیری ئیشەکانی لیۆناردۆ داڤنشی و مایکل ئەنجیللۆ بکەین دەبینین خۆ ماندووکردنێکی زۆری پێوەدیارە لەهەمانکاتدا

نەمریـشی پێوەدیـارە ئـەو نەمرییـە دەسـەڵاتێك هـەبوو و پاراسـتوویەتی جگـە لەوەش ئەوانەی هونەریان خۆشویـستووە ئەم کەلتورەیان پاراستووە، هەمیشە ویـستوویانە شارسـتانیەتی خۆیـان بەشێوەیەکی لەشێوەکان بپـارێزین چ لـەناو کەنیـسەکاندا بـووبێ یـان لـەناو مۆزەخانەکانـدا ئـەوجۆرە ئیـشکردنەی ئـەو هونەرمەندانە بۆ ئەو سەردەمەی خۆیان زۆر شیاوە، بەڵام ئەو شێوە ئیشکردنە بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە ناشێت، ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە تابلۆیەك پانتاییەکەی بەچـەند هێڵـی رەنگێـك پـڕ کرابێتـەوە لەبەهاکـەی کەمبێتـەوە، لەکلاسـیکدا لەپانتایی تابلۆیەکدا چەند فیگەرو فۆرمێك بەرجەستەدەکرێت لەبەرامبەر ئەوەدا لەئیـشی ئێـستادا کۆمـەڵێك هێـڵ دانـراوە، بـەڵام زۆر زاتـی ئیـشی تێـداکراوە. سەبارەت بەوەی لەئیشی کلاسیکیدا ماندووبوونی زۆری تێدایە، بەڵام لەئیشی مۆدێرندا ئاسانکاریی و بێ ماندوویەتییەکی زۆر پێوەدیارە، هونەرمەند نامیق حەمە وتی: تکایە با بەوە ئیشی مۆدێرن ناشرین نەکرێت کە ئاسانکاری تێدایە، ئەگەر قەڵەمێك بدەینە دەست کەسێك ئەو ئاسانییەی تۆ دەیڵێیت ئەو ناتوانێ هیچ هێڵێك بکێشێت، ئەگەر هونەرمەندە کۆنەکان بکەینە بنەمایەك بۆ خۆمان ئەو بۆچـوونەی تـۆ راسـتە نەمرییـەك دەکەینـە بنـەما بـۆ خۆمـان، چـونکە ئـەوان توانیویانە مێژوویەکی نەمر بۆ خۆیان دروستبکەن، نابێت ئەوەت لەیادبچێت، نابێـت ئـەو دوو سـەردەمە بەراوردبکـەین بەیـەکتر ئەگـەر وامـان کـرد هەڵەیـەکی گـەورەمان کـردووە، ئەوان (هونەرمەندە کۆنەکان) زۆر رۆحیانە ئیشیان کردوە، ئەگـەر هونەرمەنـدانی ئێـستاش بەوشێوە رۆحییەتـە ئیـشبکەن بێگومـان هـەمان نەمریی بەدەستدەهێنن، ئەگـەر قسە لەسـەر هونەری کوردی بکـەین ئەوا ئەوان لەبێ سەرچاوەییدا دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە ئەوروپییەکان ئەگەرچی لەئەوروپا چـەندین هونەرمەنـد هـەن زۆر بەرووکەشـی ئـیش دەکـەن لەهەمانکاتیـشدا ئیشەکانیان پارێزراون.

ئەگـەر ئیـشی مـۆدێرن بـەو شـێوەیەبێت بۆچـی بینـەری ئـەو تابلۆیانـە هـیچ چێژێکی لێوەرناگرن، نامیق حەمە وتی: ئەمەیان شتێکی جیاوازە دەگەڕێتەوە بـۆ نـەبوونی ئـەو باکگراونـدە شـێوەکارییەی لای خـەڵك هەیـە کـە نـاتوانن بەدواداچوونێکی بەردەوامیان هەبێت بۆ ئەو هونەرە و ناتوانن چێژ لەو پانتایی

و ڕەنگە ببینن کە لای ئەو هونەرمەندە هەیە، هەر هەمان کەس کە دەچێتە بەردەم ئیشی کلاسیکی چێژ لەمەیان وەردەگرێت چونکە فۆڕمێکی تێدا بەرجەستەدەکات ئاشنا بەفکرو بۆچوونی ئەو، لەپرسیاری ئەوەی بۆچی نامیق حەمە فۆڕمێکی تایبەتی دیاریدەکات بۆ ئیشەکانی و ئەو فۆڕمە لەگەڵ تابلۆکانی تریدا دووبارە دەبێتەوە؟ وتی نەخێر دووبارە نابێتەوە بەڵکو لەئیشێکەوە بۆ ئیشێکی تر دەگۆڕێت، بینەر هەستدەکات بەردەوام لەوچارچێوەیەکدا ئیشدەکەم، بەڵام وانییە، هەموو ئەو فۆڕمانە دەلیلی خۆیان هەیە جگە لەوەی گونجاندی ڕەنگیش لەتابلۆکەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، ئەمە ناکاتە ئەوەی من تەنیا خەریکی کاری دیزاینبم لەهونەرەدا وەکو ئامارژەم پێکرد ئەوفۆڕمێکە تۆ دەتوانیت لەسەر ئەو شێوە فۆڕمە کاربکەیت، هەندێ جار بیرۆکەیەك بەچەند ئیشێك تەوو دەبێت بەپێچەوانەشەوە چەند بیرۆکەیەك لەکارێکدا بەرجەستە دەبێت، پڕۆژەکان جیاوازن من وەك خۆم لەپڕۆژەیەکەوە بۆ پڕۆژەیەکی جیاواز ئیش دەکەم ئەوکاتە وتارێکی خۆم بۆ ئەو ئیشانە دەبێت، بەڵام ئەو وتارە جیاوازە لەوەی لەسەر تاکە تابلۆیەك قسەبکەم.

دواتر پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە لەقسەکانیدا دژ بەیەکییەك هەیە، پێشتر باسی لەوەکرد کە ئەم سەردەمە سەردەمێکی ڕووناکی شێوەکاریی کوردییە، کەچی لەوتارێکدا باس لەوەدەکات لەپێچەنگەکان لەڕووی هونەرییەوە لاوازن ئەمەیان چۆن دەبینیێ؟ هونەرمەند وتی: ئەو وتارە جیاوازە لەو قسانەی ئێستا و ئەو وتارە بەتایبەتی ئاڕاستەی پەیمانگەو شوێنە ئەکادیمییەکانم کردووە، باسی ئەوەمکردووە کە دەبێت ئێمە بنەمایەکمان هەبێت بۆ ئیشکردن نەك بەو فەوزایەی ئێستا هەیە، کۆمەڵێك خوێندکار دروستبکەم کە لەژێر کاریگەری خۆمدابێت، دەبێت بنەمایەکی ئەکادیمی دابنرێت لەپەیمانگەو زانکۆکان ئیتر ئەمە لەهەر شوێنێکدابێت کێشەیەك نییە، هەولێر بێت یاخود دهۆك و سلێمانی، دەبێت بزانیت چۆن ئیش بەخوێندکارەکان دەکەیت و ڕێگەیەکی ئەکادیمییان پێ نیشاندەدەیت، ئەمە مەبەستم لەوە نییە سنوور دابنێیت و بەخوێندکارەکان بڵێت ئەمە دروستبکەنەوە، نا نەخێر مەبەستم لەوە نییە مامۆستاکان لەبری میتۆدی ئەکادیمی فێری خوێندکارەکان بکەن کەچی لەشوێنێکی ترا ئیشی

مۆدێرنە تێکەڵاوی ئەو ئیشە ئەکادیمییانە دەکەن دەبینیت کۆمەڵێك خوێندکار دەچنە ژێر کاریگەریی ماموستاکەیان ئەگەر ئەو کاریگەرییە نەبێت گرفتێك لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا دروستدەبێت، کەوابوو ئەمە پێگەیاندن نییە بەڵکو سەرلێشێواندنی خوێندکارە.

لە کۆتاییدا وتی دەبێت مامۆستاکان بزانن چۆن ڕێنمایی خوێندکارەکان دەکەن فێریان بکەن لەکوێدا ڕەنگ دادەنێت و لەکوێدا پانتاییەك بەجێ دەهێڵن، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەهونەری کوردیدا ڕەهەندی ڕەنگ زۆر کەم بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو سەلیقەیەی لای هونەرمەندە کوردەکان هەیەو تاوەکو ئێستا پەی پێنەبردووە، دواتر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مامۆستایەك کە نەیتوانیوە خوێندکارەکان پێ بگەیەنێت، چونکە مامۆستاکە خۆیشی خاوەنی ئەو سەلیقە هونەرییە نەبووە، ئەمە هەموو گرفتەکانن.



## دیدار لەگەڵ سینەماکاری کورد بەهمەنی قوبادی



# قوبادی: فیلمەکانم یەکێک لەو پەنجەرانەن کەلێیانەوە جیهان لەکوردستان دەڕوانێت

سازدانی: دڵشا یوسف
و. لەعەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵلا

بەڕێکەوت لەشاری هەولێر چاوم بەدەرهێنەری سینەمایی بەهمەنی قوبادی کەوت، بەڕووی گەش و پڕ بەرائەتی منداڵانەوە پێشوازی لێکردم و بەخەندە شیرینەکەیەوە بەدواکارییەکەم لەسازدانی ئەم کورتە دیمانەیە رازیبوو.

بەهمەنی قوبادی کە لەدەیان فێستیڤاڵی نێودەوڵتییدا بووەتە سەفیری کوردو کوردستان، بەردەوام لەگەڵ کات لەکێشمەکێشمدایە بۆ بەخشینی زیاترو دەرخستنی سەرنجڕاکێشەرترین رووداوەکان لەڕێگەی فیلمەکانییەوە، کەباس لەمەرگەسات و ئازارەکانی کورد دەکەن. لەزەمەنێکدا کەهونەری حەوتەم بووەتە باشترین ئامراز بۆ گواستنەوەی ئەو ئازارانەو ئاشکراکردنیان بۆ رای گشتیی جیهانیی. لەکاتێکدا کەکاریگەریی فیلمێك لەکۆنگرەیەك یان تەنانەت

لەفێستڤاڵێکیش زیاترە. ئەو توانیوییەتی لەمڕێیەوە بینەر بدوێنێت و وێنەیەکی زیندووی ئەم گەلەی بۆ بەرجەستە بکات، لەمیانەی چەند گرتەیەکی زۆر سادەدا کە لەزوربەی حاڵەتەکاندا پشت بەدیمەنی سروشتی کوردستان، بەشاخ و دۆڵ و دەشتییەوە، دەبەستێت، منداڵیش لەکەڤاڵە سینەماییەکانیدا ئامادەگی فراوانی هەیە. بەسەرکەوتوویی توانیویەتی لەچاو و بەرائەتی منداڵییەوە، مەرگەساتەکانی گەلە دابەشبووەکەی بەسەر چوار دەوڵەتدا، بخاتەڕوو. ئەو گەلەی لەئێستاو رابردووشدا بەدەست کۆتی زوڵم و چەوساندنەوەوە دەناڵێنێت. ئەو کارەکتەرەکانی بۆ نیشتمان دەگۆڕێت، هەندێکجار نەخۆش و لەپەلکەوتووە کە پێویستی بەدەستنیشانکردنی دەردو چاودێریکردنە بۆ چاکبوونەوە، وەك (مەهدی) لەفیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان)دا، یان دەیگۆڕێت بۆ کچێکی بچووکی جوان (ئاگرین) لەفیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن)، کە لەلایەن چوار سەربازەوە لاقەدەکرێت (کەئاماژەیە بۆ کوردستانی لەتکراو)، هەموو ئەم واتایانەش لەڕێگەی ئەکتەری سادەو نوێوە، بەلام دڵسۆزو ئارەزومەندەوە، بەدیدەی بینەر ئاشنا دەکات.

بەڵێ ئەوە دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادییە، کە لەشوباتی ساڵی ١٩٦٩ لەشاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. تا تەمەنی دوانزە ساڵیی لەوێ ژیاوە، پاشان لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ سنە کۆچییانکردووە، هەر لەوێ بڕوانامەی دبلۆمی لەهونەری دەرهێنانی سینەماییدا بەدەستهێناوە، دواتر بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بالا چووەتە شاری تاران. سەرەتای کاری هونەریی وەك وێنەگری سینەمایی بووە، تا دواتر پەرە بەخۆی و بەهرەکەی لەجیهانی سینەماو دەرهێنانی سینەماییدا بدات. سەرەتا یەکەم فیلمی دروستکرد کە وێنەگرتنیشی خۆی ئەنجامیدا، ئەویش فیلمی (ژیان لەتەمومژدا) یە، ئەم فیلمە چەندین خەلاتی بەدەستهێناو دەروازەکانی لەبەردەمیدا والا کردو بووە هۆی کامڵبوونی بەهرە هونەرییەکەی و روانینینی بۆ دوور فراوانتر کرد، بۆیە هەستا بەدروستکردنی یەکەم فیلمی سینەمایی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان). پاشان سێ فیلمی دیکەی بەرهەمهێناو لەزیاتر لە٣٠ فێستیڤاڵی جیهانیی سینەمادا بەشداربوو.

بۆ زیاتر ئاسنابوون بەبۆچوونەکانی ئەم سینەماکارە کوردە جیهانییە، ئاوا دواندمان:

**نهێنی سەردانە بەردەوامەکانی قوبادی بۆ هەرێمی کوردستان، کە لەساڵێکدا چەند جارێکە، چییە؟**

من تەنانەت خەمی کەسێتییەکانیش کە لەفیلمەکانمدا بەشداربوون هەڵدەگرم، چونکە هەموویان هاوڕێمن و هەوڵدەدەم بارودۆخی ژیانیان باشبکەم، کە بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن. کەس لەخۆیان ناگرێت و گرنگییان پێنادات، ساڵانە لانیکەم دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەم تا یارمەتییان پێشکەش بکەم، چونکە بەڕاستی زۆریان پێویست پێیەتی.

**ئەو دەرهێنەرە کوردو جیهانییانە کێن کەسەیری کارەکانیان دەکەیت؟**

حەزم بەسەیرکردنی فیلمەکانی دەرهێنەری ئیتالیایی برناردۆ برتولۆجی-یە. کە سێ فیلمی خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە، جگەلەوەش هاوڕێیەکی ئازیزمەو بەتاسەوە بۆ کارەکانم دەڕوانێت. هەروەها ئارەزووم لەکارەکانی دەرهێنەری ئەمریکی جیم جارموش و دەرهێنەری یوگسلاڤ ئەمیر کاستۆریتساو دەرهێنەری تورکی نوری بلکیج بەتایبەتیش فیلمە جوانەکەی (هەرێم) و دەرهێنەری یۆنانی ئەنگلۆ بۆلۆس لەفیلمی (هەنگاوە پێچەوانەکانی دوودڵیی)و چەند دەرهێنەرێکی دیکەیە.

**چۆن دەڕوانیتە پەیوەندی نێوان ئەکادیمیاو سەرکەوتنی سینەمایی؟**

سیانزە ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستی خوێندنی باڵا چوومە تاران، بۆ من ژیان لەتاران زۆر سەخت بوو. لەشاری زانکۆیی لەناو ژوورێکدا دەژیام، خوێندم بەڵام نەمتوانی تەواوی بکەم، وازم لەخوێندن هێنا، چونکە باوەڕم بەئەکادیمیا نییەو ناشمەوێت شەرەڤ پیشەکەم، وەك دەرهێنەری سینەمایی، ببەخشمە زانکۆ، ئاڵۆزییەکانی ژیان منی کردە ئەم بەهمەنی قوبادییە ناسراوە.

**رات لەسەر باری ئێستای سینەما لەکوردستان چییە؟**

سینەما لەدابەزینی بەردەوامدایە، بەتایبەتیش دوای ١١ ی سێپتەمبەر، بەتایبەتی سینەمای سەربەخۆ، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوانەش قورستر ئەو بێبەشکردنەی گەلی کوردە لەسینەما. نەك

بەتەنیا سینەما، بەڵکو لەئۆپێراو شانۆو مۆزیکیش. هەرچەندە لەو بوارە فراوانەدا کەسانێك هەن دەیانەوێت ئیش بکەن و پسپۆڕیشن، بەڵام ئاراستەکردنێکی درووست نییە. سەختە بۆ نەوەکانی ئێستا داهێنانی هونەریی بکەن، لەهەموو کوردستاندا شاشەیەکی سینەمایی باش نییە، بۆ ٤٠ ملیۆن کورد تەنیا ١٠ بۆ ١٥ شاشە هەیە، ئەمەش کاریسەیەکی رۆشنبیریی و هونەرییە.

لێرە لەباشووری کوردستان تروسکاییەکی هیوا بەدیدەکرێت، چەند کەسانێك هەن کار بۆ پێشخستنی هونەری سینەمایی دەکەن، بەڵام پێویستمان بەئەزموونە، چونکە تەنیا ئابووری بەس نییە، پێشخستنی هونەرو رۆشنبیریی پێویستی بەدۆزینەوەی سیستمێکی نوێی فێرکردن و پەروەردەو پێشکەوتنی پەیوەندییەکان و راگەیاندنە. سەیرکەن سلێمانییان وەك پایتەختی رۆشنبیریی ناساند، بەڵام لەکوێی ئەو سیفەتەدایە؟

**چۆن ناسنامەی فیلمەکانت دیاریدەکەیت و ئەو پەیامە چییە کەبۆ جیهانیان هەڵگرتووە؟**

ناسنامە لای من زۆر گرنگ نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە لەفیلمەکەدا دەیخەمەڕوو. بێگومان فیلمەکانم رەنگدانەوەی واقعی کوردییەو لە٩٥٪ خەڵك وەك دەرهێنەرێکی کوردی ئێرانی دەمناسن، لەڕێگەی ئەم فیلمانەشەوە جیهان کورد دەناسێت، چونکە بەبینینی فیلمەکە بینەر یەکسەر دەگەڕێت بەدوای گەلی کورددا و دەیەوێت بیناسێت و دەربارەی بخوێنێتەوە.

فیلمەکانم پەنجەرەن و دەڕوانن بەسەر ٤٠ ملیۆن کورددا، بەوەی تائێستا چوار فیلمم دروستکردووە، کەواتە توانیومە چوار پەنجەرە بەڕووی کورددا بکەمەوە، ئێمە هەموو دەروازەکانمان لێداخراوەو بەم فیلمانەش توانیمان رۆشنایی ببینین و هەوای پاك هەڵمژین.

فیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) رووداوەکانی ئێستای کوردستان دەگێڕێتەوە، کەسێتی (مەهدی) کوردستانی نەخۆش و لەپەلکەوتوو دەگەیەنێت، کوردستان رەنگێکی زەردی هەیە، من ویستوومە لەم فیلمەوە بەدنیا بگەیەنم کەترووسکەی رۆشنایی هەیەو لەباشووری کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە. فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) دەیەوێت بەجیهان بڵێت کورد خوازیاری سەربەخۆییە،

کەسێتی (ئاگرین) ی کیژۆڵە، کوردستان دەنوێنێت، دەستدرێژیی کردنە سەر کچە کوردێك و لاقەکردنی، دەستدرێژیی بۆ سەر کوردستان دەگەیەنێت، ژن لای من خودی کوردستانە، کاتێك ئاگرین منداڵەکەی دەکوژێت، واتە کوشتنی تۆوی زەوتکردن لەکوردستاندا.

**دەربارەی گرنگیدانی زۆرت بەلایەنی تاریکی مێژووی کورد لەفیلمەکاندا، چی دەڵێیت؟**

ناسۆرو مەرگەسات مێژووی کوردی داپۆشیوە. زوربەی کوردەکان لەئێران و تورکیاو سوریا، لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین، ترووسکەی رۆشنایی لەکوردستاندا نییە، من لەو پارچانەدا تەنیا رەنگی رەش بەدیدەکەم، بەڵام لێرە لەم هەرێمە رەنگەکان تێکەڵ دەبن و دەبێتە خۆڵەمێشیی. من بەردەوام گرنگی بەلایەنی تاریك دەدەم، بۆ نموونە لەرێی فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) هەوڵمداوە کێشەی کوردو ئازارەکانی ئێستای منداڵانی کورد دەربخەم... باسی کێشەی مین دەکەم کە لەکوردستان بێشومار چێندراوە.

دەتوانم فیلم لەسەر جوانیی و سروشتی دڵگیری کوردستان بەرهەمبێنم و شوێنە جوانەکانی کوردستانی تێدا دەربخەم، بەڵام ئەو کات دەپرسن: تۆبڵێی کوردەکان لەبارێکی خۆشگوزەرانیی وادا بژین پێویستیان بەدەوڵەت نەبێت؟

**گرنگترین جیاوازییەکانی بەهمەنی قوبادی لەگەڵ دەرهێنەرە سینەماییە کوردەکانی دیکەدا چیین؟**

من فیلم دروست ناکەم، بەڵکو ژیان دەژییەنمەوە. بیرۆکەکانم لەرۆح و ئەزموونی خۆمەوە دەردەچن، فیلمەکانم گوشراوەی ئەو کەڵەکەبووە رۆشنبیرییەن کە لەلام دروستبووە. لەڕاستیدا من تووڕەم، هاواردەکەم، تووڕەبوونەکەم بەتاڵدەکەمەوە، لەگەڵ کارەکتەرەکانمدا دەگریم و لەگەڵیاندا دەناڵێنم، خۆم بەبەشێك لەواندەزانم و تەمەنیشم تەمەنی ئەوانە، تەواو لەزەمەنی ئەواندا دەژیم و لەوانەوە دواڕۆژو ژیانم دەبینم. هەموو فیلمەکانم خودی خۆمن.

**رات چییە دەربارەی سینەماکارە کوردەکان، هیوایەک لەئاسۆدا بەدیدەکەیت؟**

بەڵێ، بەهیوام لەشەش ساڵی داهاتوودا سینەماکاری پسپۆڕو لێهاتوو دەربکەون، کە لەتواناکانیاندا نموونەی سینەماکاری کورد (یەڵماز گۆنای) بن.

لەوانەش: حەمید قەوامی، شەهرام عەلی حەیدەری، بیژەن فەرحان پیرە، بەتین قوبادی و چەندین دەرهێنەری دیکە.

**ئەو بنەمایانە چین کە بەهەمەنی قوبادی لەدەرهێناندا پشتیان پێدەبەستێت؟**

هیچ بنەمایەك نییە تا سینەماکاری کورد بیگرێتەبەرو کارەکانی لەسەر بنیاد بنێت. تەنانەت ئەرشیفێکی سینەماییشمان نییە، ئێمە فیلم لەنەبوونەوە دێنینە بوون. من خۆم سیناریۆی فیلم دەنووسم، ئەگەر بشمانەوێت سینەمای کوردی بەجیهانیی بەراورد بکەین، ئەوا ئێمە زۆر دواکەوتووین. لای کورد کات واتای نییە، چەندین دەرد هەن پێویستە چارەسەربکرێن، ئەمە جگە لەنەبوونی ئازادیی راو دەربڕین.

**پرۆژەکانی داهاتووت چین؟**

پلانم زۆرە، لەوانە دروستکردنی فیلمێك لەسەر کوردەکانی سوریاو ئەرمینیاو تورکیا، هەروەها پرۆژەیەکی گەورەم بەهەماهەنگی و هاوکاریی کەناڵی (ART) ئەڵمانیایی هەیە دەربارەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و دەمەوێت لەماوەی دوو ساڵدا بەئەنجامی بگەیەنم، فیلمێکی دوورودرێژە (سێ سەعات) باس لەکێشە جیاوازەکانی هەموو پارچەکان دەکات، ئەمەش کاری زۆری دەوێت.

**ئەو گرفتانە چین لەکاتی کارکردندا پێیانەوە دەناڵێنیت؟**

بێگومان گرفتی زۆر دێنە رێم و ناشڵێم هەموو پرۆژەکانم بەئەنجامدەگەیەنم، گرفتی زۆر جدی هەن لەڕژێمە فەرمانڕەواکانی کوردستانەوە سەرچاوەدەگرن، وەك دەزانن رژێمی سوریا رێگە بەدروستکردنی فیلم لەسەر کوردەکانی ئەوێ نادات. هەروەها چەند پرۆژەیەکم هەیە دەمەوێت لێرە ئەنجامیان بدەم و هانی حکومەتی هەرێمیش دەدەم، چەند هۆڵێکی نمایشی سینەمایی دروستبکات، رەنگە فیلمێکیش بەهاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمبهێنین.

**قوبادی دەیەوێت چۆن ئەم دیدارە کۆتایی پێبێنێت؟**

بەبێدەنگیی... بێدەنگیی تەنیا رێگەی ئەو قسانەیە کەهێشتا نەوتراون.

● *ئەم دیدارە لەلایەن (دلشاد یەسف)ەوە، بەعەرەبی بۆ گۆڤاری هەنار، ئامادەکراوە.*

# خوێندنەوەیەک بۆ کەڤاڵی
# (هاوار)ی ئێدوارد مونش
## خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییە

زانا ڕەسوڵ



هەموو تاکە کەسێك دەبێت خۆی بۆ خۆی بمرێت، مردنێك بەبێئەوانی دی، بەڵام لەهەمانکاتدا (مردنێك کە مــرۆڤ بەڕادەیــەکی رەهــاو پــەڕگیر دەکات بەتاکەکەس). (هایدگەر)

**چیرۆکی ئەم کەڤاڵە:**

چـــیرۆکی ئـــەم کەڤاڵـــــە، دەمانگەڕێنێتــەوە بـۆ چـرکە سـاتی کارەکە کە هونەرمەند تیایدا ژیاوە.

ســەرەتای ســـەدەی بیـست لەئـــــەوروپا بەتــــەکنیککردن و ماتریـــــاڵکردنی کۆمەڵگـــــــە دەســـــتپێکردبوو، ئەمـــەش وای کردبـــوو ئازادیی لەمرۆڤ زەوت بکرێت و بەرەو زیاتر ڕێکخستن و لەقاڵبدانی ڕۆح بڕوات، ترس و هەڕەشە دروستکردن. هەر بۆیە ئێکسپرێسیۆنیزم (دەربڕینخوازی) وەکو ڕەتدانەوەیــەك لــەدژی ئـەو لەقاڵبـدان و بەتــەکنیك و ماتریاڵیکردنــەی کۆمــەڵگا هاتەگۆڕێ، لەچەشنی ڕەفزو قیژاندن و لەپێناوی رزگارکردنی ڕۆحی مرۆڤدا.

هێرمان بار ئاوا وەسفی سەردەمی ئێکسپرێسیۆنیزم دەکات: (هیچ کات مرۆڤ بەمجۆرە لەژێر خێوی مردندا نەبووە، هیچ کات مرۆڤ وا بچووك نەبووە، مرۆڤ

بەدوای رۆحی خودادا دەقیژێنێت، سەردەمەکە پێویستی بەقیژاندنە، هونەریش لەگەڵیدا دەقیژێنێت، بەدوای یارمەتیدا دەقیژێنێت، بۆ رۆح دەقیژێنێت، ئەمەش خۆی دەربڕینخوازییە).

بەمانایەکی دیکە مەرگ گەرچی یەکێکە لەنهێنی و تەحەدا گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ و یەکێکە لەپانتاییە هەرە تاریکەکانی ناو بوون. چەند بوویەکی داخراو و تاریکە، بەڵام لەهەمانکاتدا رووداوێکە بەسەدان حیکایەت و وێنەو خەیاڵی داهێنراو بۆ روناککردنەوەو ناسین و تێگەیشتنی. بۆ بەخشینی مانایەک بەبێمانایبوونی و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و بەتاڵییەی لەدوای خۆیەوە بەجێی دەهێڵێت. هەوڵی بێبڕانەوەی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و تێپەڕاندنی لەمەرگ وایکردووە مەرگ ببێتە کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی چەندەها ماناو بۆچوون و بیرۆکەی گرنگ لەمێژووی مرۆڤدا.

فیگەری کەسێك کە بەرەو دەرەوەی خۆی هاوار دەکات.

هاواری مونش، بڵندگۆی هەست و نەستە خنکێنراوەکانە.



١.هێڵی رەش، ئاماژەیە بۆ هاواری فیگەرەکە.

٢.هێڵی سپی، ئاماژەیە بۆ گۆشەنیگای پردەکە.

**فیگەری سەرەکی:**

**ئەگەر هونەری هاوچەرخ لەبزاڤ و قوتابخانە هونەرییەکانییەوە ئەو پانتاییە فراوانە بێت بۆ گوزارشتکردن لەلایەنی(زانستی_فەلسەفی) گشت کایەکانی هزرو رۆشنبیریی، ئەوا گەلێك هاندەری دی هەن کە زۆر کاریگەرترو قوڵترن لەو دیاردە فیکرییانە، بەجۆرێك ئەو هۆکارانە لەنێو کەڵکەڵەو قەیرانە دەرونییەکاندا خۆی دەنوێنێت کە لەدەرەنجامی کێشمەکێشەکانی ئەم ژیانە ماددییەوە سەرچاوەی گرتووە. پاشاگەردانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، هەردوو جەنگە جیهانییەکە قوڵترین زام و شوێنەواریان لەدەروونی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا جێهێشتووە.**

**بونگەرایی کە وەك مەزهەبێکی فەلسەفی لەسەر بنەمای دڵە راوکێ و حاڵەتە دەروونییەکان و ئازادیی بیروڕا دەربڕین بونیاد نراوە، ئیلتزامی خۆی بەرامبەر ئەو گرفت و روداوانە دەستنیشانکردووە کە وەك نەهامەتییەك بەرۆکی مرۆڤی نەسرەوتوو بەرنادات، ئەم فەلسەفەیە لەنێو بزاڤی تەعبیرییدا رەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەیە بەتایبەتی لەکەسێتی (ئیدوارد مونش) و هونەرەکەیدا بەئاشکرا لەتابلۆی(هاوار) دەردەکەوێت. مونش نامۆیی مرۆڤ لەنێو جیهانی سەرمایەداریدا بەرجەستە دەکات، ئەو مرۆڤەی لەناو هەزاراندا دەژی، بەڵام نامۆیە پێیان. زۆریی خەڵك و ژاوەژاوی شارە مۆدێرنەکان هێندەی دی هەستی نامۆیی دەبزوێنن، بەمەش مرۆڤ دەبێتە کالایەك لەبازاڕدا. لەپێناو دەربڕینی هەست و نەستە مرۆییە خنکێنراوەکان دەربڕینخوازیی ئالای یاخیبوونی خۆی هەڵکردوو هاتە گۆڕێ، بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مرۆڤی نوێ. لێرەشەوە ئیدی دەربڕینخوازیی بووە بزاڤێکی هونەری یاخی و دروشمی باوەڕهێنانی بەمرۆڤی نوێ بەرزکردەوە. هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە بوو کە لەڕووی بەکاربردنی تەکنیکەوە دژایەتی ئەو رەوتە فۆڕمالیست و ستاتیکییە پەتییانەیان کرد، کە تەنیا بۆ بەدیهێنانی فۆڕمی تەواو هەوڵیان دەدا. لێرەشەوە مونش بەو پەڕی توانایەوە هەوڵیدا لادان لەفۆڕمی شتە ئاساییەکاندا بکات و بیان کات بەدیاردەیەکی روت و بگات بەجەوهەری چییەتی ئەو فۆڕم و بابەتانە.**

تابلۆی هاواری مونش، بڵندترین دەنگگۆیە بۆ دەربڕین لەو نامۆییە تاوەکو چی دی ئەو هەست و نەستە خنکێنراوانە کپ نەکرێنەوە. لەبەشی پێشوەی تابلۆکە فیگەرێك نەخشێنراوە هەتا ئەو پەڕی سادەیی سادە کراوەتەوە، پیاوێك بەهەردوو دەستی پاڵە پەستۆی خستووەتە سەرگوێکانی، چاوەکانی بەشێوەیەکی زیادەڕۆیی کراوەیە، کرانەوەیەك کە دەیەوێت پێشئەوەی چاوی دابخرێت هەموو دنیا نیگا بکات. دەمێکی تەواو کراوە، کە هاوارێك دەکات تاڕۆحی بەستەڵەکی سەردەمەکەی شەق کات. هاوارێك کە دنیا لەتەنهایی رۆحی خۆی بەئاگا بێنێت، پاڵەوانی تابلۆکە لەگۆشەیەکەوە لێمان دەڕوانێت کە بەوە دەچێت. جۆرنالیست فۆتۆگرافەرێکی شارەزا وێنەی گرتبێت تا بەئێمە بڵێت کەسێك هێندە ماندووی سەردەمەکەی خۆیەتی، بەمشێوەیە بۆمان دەدوێت، بانگی مرۆڤایەتی دەکات تا گوێ لەئازارەکانی بگرن. هاوارێکی کەسێکی تەنهایە، کە مرۆڤەکانی چواردەوری توانای گوێگرتنیان نەماوە، یان بێئاگان لەتەنهایی ئەو. وەك لەدوو فیگەری بەشی دواوەی تابلۆکەدا دیارە کە بێئاگا لەوەی کە روو دەدات ئەوان رێدەکەن. هونەرمەند زۆر شارەزایانە ئەم چیرۆکەمان لەشوێنێکدا بۆ دەگێڕێتەوە کە راستەوخۆ دەمان بەستێتەوە بەناوەرۆکی بابەتی تابلۆکەوە( پرد)، تابلۆکەمان بۆ دەکات بەدوو بەشی نایەکسانەوە کە لەبەشی پێشەوە دەست پێدەکات و بەرەو ناوەوەی تابلۆکە دەکشێت تا لەبەشی راستی دواوەی تابلۆکە لەچاو ون دەبێت، کە لەڕێگەی ئەم ماتریاڵەوە بەشێك لەخەمی ئەم مرۆڤە دەتوانین ئاشکرا بکەین، کەدەیگەڕێنینەوە بۆ بەماتریاڵکردنی مرۆڤ لەو سەردەمەداو کوشتنی رۆح و لەقاڵبدانی جەستە. هەموو ئەم رووداوە لەناو ئەتمۆسفێرێکدا روودەدات کەتەواو پلە رەنگی بۆ کراوە ئاسمانێکی (پرتەقاڵی+سوور) کە ئەم رەنگانە تەواو پێچەوانەی واقیعن، لەخەونی کەسێکی تەواو خەمۆك و هیلاك دەچێت. بەشێوەکی تەواو ئازادانە رەنگڕێژی کردووە کەشەپۆلی رەنگەکان جوڵەیەکی لەئاسۆدا بەرجەستە کردووە. رەنگی ئاوەکە چەند ئاستێکی رەنگی رەساسی و سەوزی نەخشاندووە کە بەڕەنگی پاستیل هەندێك هێڵی چەماوەو تیژڕەو و رەنگەکانی دیکەی پێش خۆی شەق کردووە.

**که هەست بەهەڵچوونی باری دەرونیی هونەرمەند دەکەیت لەساتی کارکردندا. هونەرمەند توانیویەتی پەیامی ناوەوەی خۆی بەئێمەی بینەر بگەیەنێت لەڕێگەی رەنگ و هێڵەوە کە لەسەر رووتەختێك، بەڵام قوڵییەك بۆ ئێمە دروستدەکات کە نزیکمان دەکاتەوە لەڕۆحی خۆی. لەو تەنهایی و نائومێدییەی کە تیایدا ژیاوە. تابلۆیەك تا دوا ئەندازە سادەیە، بەڵام لەیەکەم بینیندا توشی پرسیارکردن و هەڵچوونی دەرونیمان دەکات، وەك ئەوەی ئێمەش بەشێك بین لەو هاوارە، ئەویش بەو گۆشە نیگایەی کە دروستی کردووە لەچاوی فیگەرەکەوە بۆ چاوی بینەر یان فۆتۆگرافەکە.**

**سەرچاوەکان:**

**١.هونەری شێوەکاریی مۆدێرن، نوسینی گارا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس-ژمارە:٣٧٣.**

**٢.فەلسەفەو تەکنیکی بزافە هونەرییەکان، ئامادەکردنی جەزا بەکر، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-ژمارە ١٥ ی ٢٠٠٥.**

**٣.سەردەمی رەخنە، مەریوانی وریا قانع، شیعرو مەرگ چەند سەرنجێك لەوەسێتەکانی قانع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ٤-هاوینی ٢٠٠٦.**

**٤.مرۆڤ و هێماکانی، نوسینی کارلۆ گۆستاڤ یۆنگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە: ٣٩١ی ٢٠٠٥**

**٥.فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، کەمال مەمەند میراودەلی ١٩٧٩.**

**٦.حاضر الفن، تاليف- هربرد ريد، ترجمه: سمير علي ،منشورات وزارة الثقافة والاعلام- ١٩٨٣ الجمهورية العراقية-ص: ١٢٥.**

**ئیدوارد مونش، کەڤاڵی هاوار، ١٨٩٣ ز.**
**تێمپرا لەگەڵ پاستیل لەسەر تەختە، ٧٣×٩١ سم**




# خوێنمژەکان، لەئەفسانەی دراکولاوە بۆ سینەما

**ن: محەمەد بلوش**

**و: سۆران مستەفا**

**کەسێتی دراکولا-خوێنمژەکان داهێنانێکی خەیاڵیی نییە، کەتەنیا ڕۆماننوسی بەناوبانگی سکوتلەندی (برام ستوکر) لەپێش گواستنەوەیدا بۆ سینەمای جیهانیی، ئاماژەی پێدابێت، بەڵکو دەبینین ئەم کەسێتییە، لەوڕووەوە کەپەیوەستە پێیەوە وەك خودێك ئامادەگی شوێنکاتی مێژوویی هەیە، هەروەك دەبینین لەبنەڕەتدا ریشەی دامەزرێنەرانەی لەچیرۆك و ئەفسانە کۆنەکاندا هەیە کە بەدرێژایی سەردەمەکان لەدەوری هەردوو دیاردەی خوێنمژەکان و بەگورگبووەکان دەسوڕایەوە.**

**لەسەر ئاستی بوونی مێژوویی، کەسێتی دراکولا نازناوی فەرمانڕەوای یەکێك لەسێ هەرێمەکەی ڕۆمانیای پێناسراوە، کە ئەویش فەرمانڕەوای هەرێمی**

فالاشیا بووە لەسەدەی پازدەدا. فلاد تیبیز راستەوخۆ دوای مردنی باوکی لەساڵی ١٤٥٥ دەسەڵاتی گرتەدەست، فلاد دراکول ناوەکەی بەواتای فلادی شەیتانە، چونکە وشەی دراکول لەزمانی رۆمانیدا مەرادفی شەیتانە لەزمانەکانی دیکەدا. راستە هەندێك بۆچونی مێژوویی لەڕووی ئەفسانەییەوە زیادەڕەوی تێداکراوە کەهەوڵدراوە تێڕوانینێکی نادروست و خراپ لەسەر کەسێتی (فلاد تیبیز) نیشانبدات، لەبەرامبەریشدا ناکرێت هەندێك نووسین پشتگوێ بخەین، کە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی نەتەوەیی تێدا بینیوەتەوە، وەك کەسێتییەك کە بەتوندی بەرپەرچی داگیرکاری عوسمانی داوەتەوە. بەڕادەیەك رۆمانی (برام ستوکر) بۆ ماوەیەکی زۆر لەڕۆمانیا قەدەغەکرا، رێگەشی پێنەدرا تا نەوەدەکانی سەدەی بیست، هەرچەندە ئەم رۆمانە لەساڵی ١٨٩٧ ەوە بڵاوبووبووەوە.



بەهەرحاڵ گرفتی سەرەکی ئێمە لەم نووسینەدا دیاریکردنی ئەو جیاوازییانە نییە کە کەوتونەتە نێوان ئەم پیاهەڵدانانەوە، هەوڵێکیش نییە بۆ کاڵکردنەوەی بۆچونێکی دیاریکراو لەسەر ئەوەی کە کەسێتی (تیبیز) خوێنمژە یان نا، چونکە ئەو بابەتە لەڕوانگەی شارەزایانی مێژو و رەخنەی سینەماییەوە جێی گرنگیپێدان نین، هێندەی ئەوەی کەئاراستەی گرنگیپێدانەکانمان بەرەو

کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی فیلمی ترسناك دەکەینەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی وابەستەن بەکەسێتی دراکولاوە لەگەڵ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ کەسێتی خوێنمژەکان، جا پەیوەندی بەجووڵەو کردارەکانییەوەبێت یان بەداتاشینی ئەو کردەوانەو ئامانجەکانیان بەبێ پشتگوێخستنی تێرامان لەو چارەسەرانەی زۆرێك لەو فیلمانە پێشکەشیانکردووە، لەسەر ئاستی رووبەڕووبونەوەی نێوان پاڵەوان کەرەمزی هێزی خێرو خوێنمژەکان (نوێنەری هێزی شەڕە).

کەواتە با بەکێشانی وێنەیەکی گشتی بۆ (فامبایر) دەست پێبکەین، وەك ئەوەی لەژمارەیەك لەفیلمەکاندا هەیە.

ئەو مردوویەکی زیندووە، دوای مردن لەکەسانی ترەوە ژیانی درێژە پێدەدات، هەروەها بەوەناسراوە کە بەتەواوی بێتوانا دەبێت لەماوەی نێوان خۆرهەڵاتن تا خۆرئاوابوون، ئەو ماوەیەی کە ناچارە بگەڕێتەوە بۆ حەشارگەکەی کە گۆڕ یان دارەمەیتە لەچۆڵەوانییەکدا، دراکولا خاوەنی هێزێکی نائاساییە کە بەهۆیەوە دەتوانێت خۆی بۆ شێوەی شەمشەمەکوێرە یان گورك بگۆڕێت، هەروەها بەئاسانی دەتوانێت قوربانییەکانی بەشێوازی خەواندنی موگناتیسی بخەوێنێت پێشئەوەی کەڵبەکانی بچەقێنێتە گەردنی ئەو نێچیرانە، کە لەم بارەدا دەبێتە خوێنمژ.

خوێنمژەکان بەوە دەناسرێنەوە کە وێنەکانیان لەئاوێنەدا دەرناکەوێت، هەروەها لەتیشکی خۆر، ئاوی پیرۆز، خاچ، خوێ و سیر، پەڕینەوە لەئاو دەترسن.

سەرباری ئەمانەش تاڕادەیەك زۆر بەهێزن، بەگرتنەبەری شێوازی رووبەڕووبونەوەی دیاریکراونەبێت نابەزن، ناسراوترینی ئەو شێوازانەش رۆکردنی دارێکی سەرخڕە بەدڵیدا، یان بەکارهێنانی فیشەکی زیو، ئەمە جگە لەسوتاندنی لاشەکەی.

چەندین دیاردەی نامۆ بەدرێژایی مێژوو تۆمارکراوە، کە دەکرێت بەتاوانکاری ئەژمار بکرێن، سەرجەمیان هەندێك لەتایبەتمەندییەکانی خوێنمژەکانیان تێدایەو هیچیان تەواو لەگەڵیدا نایەتەوە، وەك کەسێتییەکی خەیاڵکرد. لەو روداوانەش چیرۆکی کچە پۆلۆنی (ئەلیزابێس باتوری ) لەمنداڵییەکی هەژارو بێبەشدا ژیاوە، لەژینگەیەکدا کەسروشتیان رەفتاری توندوتیژیی و خوێن بووە لەناو خێزانەکەیاندا، هەموو ئەو بارە قورسە لەڕق و سەرکوتکردن راستەوخۆ زەمینەی گۆڕانی ئەلیزابێس بوون- پاش شووکردنی بەیەکێك لەدەوڵەمەندەکان- بۆ پسپۆڕێك لەجادووی رەشدا، هەروەك حەزە سێکسییە شازەکەی بۆ مێینە. وایلێکرد زیاتر لە ٦٠٠ کچ سەرببڕێت، بۆ ئەوەی حەوزی مەلەوانگەکەی پیێ پڕ بکات لەخوێنی ئەو کچانە، بەمەبەستی مەلەکردن لەخوێنیاندا، بەو خەیاڵەی کە بەم رێگە قێزەونە، گەنجی و جوانییەکەی نویێ دەبێتەوە، ئەوەش حاڵەتێکی دەروونی ئاشکرا بوو، کە سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆتێرکردنە لەگیانی تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەو منداڵییە ناهەموارەی، کە بەلەسێدارەدانێکی هێواش کۆتایی بە (باتوری) هێنا لەساڵی ١٥١١ئەویش بەهۆی زیندانیکردنی لەژورێکی داخراودا.

لەساڵی ١٨٤٩ لەپاریس رووداوێکی دیکەی نائاسایی تۆمارکرا، پاڵەوانەکەی سەربازێك بوو بەناوی ڤکتور برتراند، کە لاشەی مردووەکانی لەگۆڕستانێکدا پارچەپارچە دەکردو دەیشێواندن.

لەساڵی ١٩٢٤ یشدا ئەڵمانیا لەسەر نەوای دادگایی (فرتز هارمان) دەژیا، کە چێژی لەخواردنی گۆشتی مرۆڤ وەردەگرت، جگە لەئارەزووە سێکسییە شازەکانی، کە لەگەڵ منداڵە بێنەواکاندا ئەنجامی دەدا، پێش کوشتنیان، هەمان دیاردەی ناوازە لەساڵی ١٩٤٩ دا لەشاری ( ساکس)ی ئینگلیزی تۆمارکرا کە (جون جورج های) لەسێدارە درا دوای ئەوەی چێژوەرگرتنی لەخواردنەوەی خوێنی کوژراوەکانی بەسەردا ساغ بووەوە. رەنگە حاڵەتی دیکەی وەك ئەمانە

زۆربن، چونکە توندوتیژی مرۆڤ زۆرجار سنوورەکانی رەوایی تێدەپەڕێنێت، بەشێوەیەك کە هیچ پاساوێکی ئاشکرا لەهەندێك حاڵەتدا جێناهێڵن، هەرچەندە هەندێك لەلێکۆڵەران دەمانبەنەوە بۆ بوارەکانی نەخۆشییە دەرونییەکان و شیزۆفرینیا، بۆ دۆزینەوەی شرۆڤەی گونجاو بۆ ئەو رەفتارانە لەکایەی دەروونناسیدا.

لەسەر ئاستی خەیاڵ کەسێتی دراکولا دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرو رۆماننوسی بەناوبانگ (لورد بیرۆن) کەدەستی بەنووسینی رۆمانێك کرد کە (خوێنمژین) تەوەری بنەڕەتی بوو تێیدا، بەڵام تەواوی نەکرد، وەك دەردەکەوێت لەوبەشە ماوەتەوە لێی لەکۆتایی قەسیدەی (مازیبا_١٨١٩)، پاشان هاوڕێی مەنفاکەی (جان بو لیدوری) بیرۆکەکەی ئەوی لەچیرۆکێکی درێژدا داڕشتەوە، کە بە هەوڵێکی زۆر لەژێر ناونیشانی (خوێنمژەکان)دا نووسییەوە، ئەم چیرۆکە باس لەلۆردێك دەکات بەناوی (رونفن) کە گۆڕاوە بۆ شەمشەمەکوێرەیەك و خوێنی قوربانییەکانی دەمژێت. بەهۆی ئەم چیرۆکەوە کە ( بولیدوری) لەساڵی ١٨١٩ دا بەشێوەی ئەڵقە لەگۆڤارێکی مانگانەدا بڵاویکردەوە، توانی دەروازەیەك لەتەقلیدێکی ئەدەبی بەردەوام بکاتەوە، کە بەڕۆمانی (فارنی خوێنمژ) ١٨٤٧ نووسینی (توماس برست) دەستپێکرد، پاشان لەسەر دەستی (برام ستوکر) خاوەنی رۆمانی (الکونت دراکولا)ی بەناوبانگ گەشەی کرد.

لەدەروازەی ئەفسانە، مێژوو، پاشان ئەدەب، کەسێتی (فامبایر) لەوپەڕی گەشەی سینەمای تەعبیریی، لەئەڵمانیا گوازرایەوە بۆ سینەما لەسەر دەستی دەرهێنەر (فریدیریك مورنو)، کە لەساڵی ١٩٢١ دا فیلمی ( نوسفیراتوی خوێنمژ)ی دروستکرد، ئەو فیلمە کە تاڕادەیەك هەموو تایبەتمەندییەکانی خوێنمژەکانی بەرجەستە کردبوو، بەتایبەت بەرگە نەگرتنی بەر تیشکی خۆر.

سەرکەوتنی فیلمەکەی

(مورنو) لەسەر ئەو بنەمایە



بوو کەشێوازێکی نوێی لەفیلمی ترسناك دروستکردبوو، ئەمەش هۆکاری راکێشانی هەندێك لە دەرهێنەرەکان بوو، کە کاریگەری لەسەر دروستکردن و بووە هۆی ئەوەی بیهێننە ناو فیلمەکانی داهاتوویانەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەدەرهێنەر (ویرنەر هیرزوك-١٩٧٩) دەدەین، کە لەفیلمەکەیدا هونەرمەندی بەتوانا (کلاوس کینسکی) رۆڵی پاڵەوانی بەرجەستەکرد لەبەرامبەر کچە هونەرمەندی فەرەنسی ( ئیزابیل ئەدجیانی).

هەروەها فیلمێکی دیکە کە دەچێتە هەمان چوارچێوەوە بەناونیشانی ( ئوجیستو کابنیتو-١٩٨٦ ).

کاتێك کۆمپانیای (یونیفرسال) لەساڵی ١٩١٢دا دامەزرا، لەناو بڕیارە گرنگەکانیدا وەرگرتنی شانۆگەرییەك بوو بەناوی (دراکولا) کەسەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنابوو لەو ماوانەدا، کە کاری دەرهێنانەکەی درایە (تود برونسن)، ئەویش هونەرمەند (لون شانی) بۆ بەرجەستەکردنی کاراکتەری خوێنڕێژەکە، بەڵام هەندێك رووداوی دیاریکراو بوونە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکە پرۆژەکەی تەواو نەکات، گرنگترین هۆکاریان کۆچی دوایی هونەرمەند (شانی) بوو دوای ئالودەبوونی بەشێرپەنجەی گەردن، ئەو هۆکارەی کە لەپاشاندا دەرگا

دەخاتــە سەرپــشت لەبــەردەم یــەکێك لەئەفــسانەکانی ســینەمای هۆلیــود کــە لەبنەڕەتدا هەمان هونەرمەند بوو کە رۆڵەکەی دەبینی لەشانۆگەری ناوبراودا، کە ( بیلا لو جوزی ) بەرەگەز هەنگاری بوو.

سەرچاوە:

رۆژنامەی المساء رۆژی١٦ئەیلول، ٢٠٠٧



گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.dengekan.com
www.chrakan.com